# ئەمریکا و ئەنفال

نووسینی: سەمانسا پاوەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم





ناوی کتێب: ئەمریکا و ئەنفال
نووسینی: سەمانسا پاوەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم
چاپی یەکەم 2006
چاپخانەی:

بەو ژنە پێشکەشە کە سەرکردە، مامۆستا و دایکمە.

# پێرست


سەمانسا پاوەر کێیە؟ 5
پێشەکیی وەرگێڕ 6
سەرەتا 8
هۆشیارکردنەوە: پێشینە: جگە لە چیاکان هاوڕێمان نییە 11
هاوکێشەی ئەمریکی: دوژمنی دوژمنەکەم 14
هاوڕێیەک لەودیو چیاکانەوە 17
زانیاریی فەرمیی، بێدەنگیی فەرمیی 23
ددانپیانان: هیرۆشیمای کورد 25
بەدبینییە فەرمییەکان 28
کۆکوژیی 32
جووتێک سەرکەوتنی عێراق 35
جینۆساید 38
کاردانەوە: سزادانی سەدام 40
ڕیکخستنەوەی هەلومەرجی ژیانی شار 44
گەڕان بەدوای بەڵگەدا 49
بەراورد و نوێنەرایەتی 53
بەرژەوەندیی تایبەت، بەرژەوەندیی نیشتیمانیی 56
دژایەتیکردنی "چەمکە ناشیاوەکان" 61
دۆڕان 63
پاشهات: ژیان (و مردن) پاش ئەنفال 69
ئیسرائیل بسووتێنە، پردەکان بسووتێنە 73
ڕاپەڕینی کوردان 76
دادوەریی؟ 81
بیبلیۆگرافی 85
سەرچاوە 87

# سەمانسا پاوەر کێیە؟



مامۆستای مافی مرۆڤ و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە خوێندنگەی جۆن کێنەدی بۆ خوێندنی حکومەت لە زانکۆی هارڤەرد. هەر لەو زانکۆیە (سێنتەری کار بۆ مافی مرۆڤ)ی دامەزراند. لەنێوان 1993 و 1996 دا هەواڵنێر بووە لە یۆگسلاڤیای جاران بۆ هەریەک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بۆستن گلۆب، ئیکۆنۆمیست، و نیو ڕیپەبلیک. پاوەر لەدایکبووی 1970یە و لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی لە ئیرلەنداوە بەرەو وڵاتە یەکگرتوەکان کۆچیان کردوە. دەرچووی زانکۆی یەیڵ و بەشی یاسای زانکۆی هارڤەردە. ئێستا لە وینسرۆپ لە ماسەچیوتێس دەژی.

# پێشەکیی وەرگێڕ

زۆرن ئەوانەی دەپرسن کە چۆن ئەنفال بناسێنین؟ بێگومان ئەم پرسیارە چەندە زادەی دڵسۆزییە، دە هێندەش ئاماژەیە بۆ سافیلکەیی و نائاگاهیی ئەو کەسە، لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەربارەی ئەنفال لە نێوەندی لێکۆڵینەوە یاسایی و نێودەوڵەتییەکاندا نووسراون. ئەمڕۆ کەس نییە بتوانێت بڵێت ئەنفال جینۆساید نییە، بێگومان جگە لەوانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشداربوون لە ئەنفالدا، چونکە هیچ دەسەڵاتێک ئەوەندەی دەسەڵاتی بەعس، خولیای دۆکیومێنتکردن و ئەرشیفکردنی تاوان و چالاکییەکانی خۆیی نەبووە. ئەمەش جگە لەوەی بەڵگەی پتەومان لەسەر ئەنفال و بکەرەکانی پێدەدات، هاوکات دەروازەیەکی فراوانی بەڕووی ئەوانەدا کردۆتەوە کە دەخوازن خۆیان کەمێک ماندوو بکەن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو جێنۆسایدە بکەن. ژمارەی ئەوانەش کەم نین کە لێکۆڵینەوەی جیاجیایان لەسەر ئەنفال کردووە، ئەم وەرگێڕانەش ناساندی یەکێکە لەو کارە دەگمەنانەی لەسەر ئەنفال لە زانکۆکانی جیهاندا ئەنجامدراون. تکامان وایە خوێنەر واتێنەگات کە مەبەستمان پشتگوێخستنی ئەنفال بێت وەک دۆزێکی جینۆسایدی، تەواو بەپێچەوانەوە، ئەوەی مەبەستمانە، هەڵەوگیرنەبوونە بە دەست خولیای ناساندنی شتێکەوە کە زۆر باش ناسراوە، واتا ئەنفال زۆر لەوە ناسراوترە کە پێویستمان بێت بە جیهانی بناسێنین. کەواتە پێویستە چی بکەین؟

بێگومان زۆرن ئەو دەوڵەت و لایەنانەی وەک ئەرکێکی مۆراڵی پێوستە ناچاربکرێن کە ئەنفال وەک جینۆسایدێکی کەموێنەی سەدەی بیستەم بناسێنن، ئەو دەوڵەتانەی کە ناڕاستەوخۆ بەشداربوون، یان بێدەنگ بوون لە کاتی بەڕیوەچوونی کوشتارەکانی کوردا، شایانی هەم شەرمەزارکردن و هەمیش ناچارکردنن بە دانانان بە ئەنفالدا وەک جینۆساید. شەرمەزارکردن، تا ئێمەش بتوانین بەشداربین لە بەرگرتن و ناچارکردنی زلهێزەکاندا بۆ بەرگرتن بەو جینۆسایدانەی کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە. ئەمەش کارێکە تەنها لە ڕێگای ناسین و ئاشنابوونێکی قووڵەوە دەکرێت، بەو جینۆسایدانەی لە مێژووی نویدا ڕوویانداوە و فێربوون لە پاشماوەی قوربانییەکانی ئەو جینۆسایدانە و گەلەکانیان کە چۆن ببینە هێزێک لەو هێزە دەنگدلێرانەی کە بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی نا بێژییدان بەرامبەر تاوانی جینۆساید. هاوکات پێویستە ئەو دەوڵەتە گرنگانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ئەنفالدا بەشداربوون، ناچاربکرێن کە ددان بەو تاوانەدا بنێن، باشترین ڕێگاش بۆ کردنی ئەم کارە، بریتیە لە شەرمەزارکردنی ئەو دەوڵەتانە، کە لێرەدا تەنها ناوی چەند دانەیەکی گرنگییان ڕیزدەکەین: ئەمریکا، بریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، میسر، تورکیا و چەندینی دیکەش.

گرنگە کە خۆشخەیاڵ نەبین بەوەی کە ئەمە کاری چەند کەسێکی ناوبانگخواز و کورتبینە، یان کاری ئەو کەسانەیە کە بە بەیاننامە دەرکردن جیهان دەگۆڕن. ئەم ئەرکە تەنها ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت، کە سیستیماتیکانە و بە هاوئاهەنگی کاری نەپساوەی بۆ بکرێت، ئەمە ئەرکی کەسانێکە کە لەخۆبووردوانە، ساڵ بخەنە سەر دەیە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانەی کە ساڵانێکە هەمان کاردەکەن. بۆ ئەمەش پێوستە لەسەر ئاستی پەروەردە و جەماوەریدا، ئەنفال بکەینە دۆزی "ژیانی ڕۆژانە"مان، واتا بیکەینە بەشێک لە هەموو ئەو کار و چالاکییانەی کە لە کۆمەڵگای کوردییدا بەڕێوەدەچن، نەک تەنها لە مانگی چواردا یادی بکەینەوە. ئەگەرچی لەسەرەوە گوتمان ئێمە پێویستمان بە ناساندنی ئەنفال نییە بە جیهان، لێرەدا بە جەختکردنەوە دەڵێین کە ئەوەی زۆر سەرەکیی و پێویستە ناساندی ئەنفالە بە خۆمان، یان بە داڕشتنێکی دیکە، خۆئاشناکردنمانە بە ئەنفال.

زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین پێویستە ئەنفال بکەینە بەشێک لە بیرکردنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەخلاقیمان. تەنانەت لە کاتێکدا کۆمپانیایەک دێتە ولاتەکەمان پێویستە لێیبپێچینەوە کە تا چەند هاوکاری دەوڵەتی عێراقیان کردووە لە سەردەمی ئەنفالەکاندا.

ئەم وەرگێرانەی بەردەستدان، نووسینی ژنێکە کە بە واتای وشە مەزنە و شایانی ڕێزە. نووسینی ژنێکە کە ئەمریکای لە هەستارترین جێگەدا هەژاند، هەموو ئەو درۆیانەی واڵاکرد، کە ئەمریکامان وەک فریادڕەس و دۆستی قوربانی بۆ نمایش دەکەن. سەمانسا پاوەر، نووسەری ئەم بابەتە، بە کتێبە پڕ فرۆش و پڕ خەڵاتەکەی (گرفتێک لە دۆزەخەوە: ئەمریکا و سەردەمی جینۆساید)، ویژدانی بیماری ئەمریکای لەجیاتی جارێک هەشت جار کولاندەوە. هەشت جینۆسایدی سەدەی بیستەم، کە سەمانسا بە سەدەی جینۆساید ناوی دەبات، یادی ئەمریکا و ئەمریکییەکان دەهێنێتەوە، کە لەسەر هەر یەکەیان بێدەنگیی و هیچ نەکردنیان هەڵبژارد.

وێڕای ئەو ناوازەییەی کتێبەکەی سامانسا، زمانی نووسین و دەربڕین لە ئاستێکی باڵادان، سەمانسا بە ڕستە کورت، قووڵ و زبرەکانی مێشکی خوێنەر دەرووشێنێت، تەنها لەبەرئەوەی مرۆڤە هەستی گوناهباریی لا دروست دەکات، لەبەرامبەر ئەو هەموو کوشتارەی سەدەی بیستەم، ئەو هەموو جینۆسایدەی کە خەیاڵ توانای پێشبینی کردنیانی نییە. ئەم بەشەی کتێبەکەی سەمانسا پاوەر تایبەتە بە جینۆسایدی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، خوێنەر و کەسوکاری ئەنفالەکان لەو هەڵانە دەمانبەخشن کە لەوانەیە لەم دەقەدا هەبن، بەڵام وەک لایەنێکی پشتگوێخراوی ئەنفال بە پێویستمان زانی کە بیخەینە بەر دەستی خوێنەری کورد. لایەنێک، کە نە سیاسیەکانمان بوێریی دەکەن باسی بکەن و نە ڕۆشنبیرەکانمان، ڕۆشنبیرییان هەیە بۆ باسکردنی، ئەو لایەنەش ئەنفال و ئەمریکایە. بێگومان بەشەکانی دیکەی کتێبەکەی سەمانسا گەنجینەیەکن بۆ ئەو نووسەرانەی کە دەخوازن لە جینۆساید بکۆڵنەوە و بۆ ئەو خوێنەرانەی دەخوازن بە جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشنابن. هەربۆیە هیوادرین سەرقاڵییەکانی ژیان و خوێندن، ڕێگەمان بدات کە بەشەکانی دیکەی وەربگێڕین.

لە کۆتاییدا، جێگای ئاماژەیە کە ناونیشانی ئەم بەشەی کتێبەکەی سەمانسا بریتییە لە: (عێراق: مافی مرۆڤ و بێباک بەکارهێنانی چەکی کیمایی). بەڵام ئێمە ئەم ناونیشانەی سەرەوەمان پێ باشتر بوو، چونکە بابەتەکە و کۆی کتێبەکە باس لە پەیوەندیی ئەمریکا و جینۆساید دەکەن.

بەختیار کەریم

2006/08/03

ئۆکسفۆرد / ئینگلاند

# سەرەتا

له مارتی 1987دا، ساڵێک پاش واژۆکردنی جارنامەی جینۆساید لەلایەن سیناتی ئەمریکییەوە، سەرۆکی عێراقی سەدام حوسەین، ئامۆزاکەی خۆی، عەلی حەسەن مەجیدی وەک سکرتێری گشتیی نوسینگەی باکوور دەستنیشان کرد، کە یەکێک بوو لە پێنج زۆن لە عێراق. دیکتاتۆری عێراقی دەسەڵاتی رەهای بە مەجید بەخشی و ڕایگەیاند کە: "پێویستە بڕیارەکانی هاورێ مەجید یەکلاکەرەوەبن بۆ هەموو دەزگاکان، جا سەربازی، سیڤیل یان ئاسایشیی بن". سالاری نوێی نوسینگەی باکوور بڕیاریدا کە ئەم دەسەڵاتە رەهایانە بەکاربهێنێت، بە وتەی خۆی بۆ ئەوەی "کێشەی کورد چارەسەر بکات و یاخیبووەکان سەرببرێت."

هەر لە دەستپێکی جەنگی عێراقەوە دژی ئێران لە ساڵی 1980، سەدام تایبەت لەگەڵ "کێشەی کورد"دا سەرقاڵ و نیگەران بوو. کوردان زیاتر لە چوار ملیۆنیان لە هەژدە ملیۆنی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنا. ئەگەرچی هێزەکانی ئاسایشی سەدام دەیانتوانی کۆنترۆڵی ئەوانە بکەن کە لە شارەکان دەژیان، بەغداد زۆر گران دەیتوانی چاودێریی ئەو ناوچە گوندییانە بکات کە کورد تێیدا نیشتەجێ بوون. چەکدارە کوردەکان چیاکانیان وەک پەناگە بەکاردەهێنا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی عێراق. تەنانەت هەندێک بوونە هاوپەیمانی ئێران. سەدام بڕیاریدا کە باشترین رێگا بۆ لەناوبردنی یاخیبوونەکە بریتیە لە لەناوبردنی ژیانی کوردیی.

مەجید فەرمانیدا کە کوردەکان نشینگەکانی خۆیان چۆڵ بکەن، کە بەدرێژایی چەندین سەدە تێیدا نیشتەجێ بوون، پاشان ڕاگوێزرێن بۆ ئوردوگای زۆرەملێ، کە لەوێ دەوڵەت دەیتوانی چاودێرییان بکات. هەر کوردێک لەو ناوچانە بمایەتەوە کە بە "زۆنی حەرامکراو"([1]) ناودەبران و ڕازی نەبووایە بچێت بۆ ئۆردوگا، بە خیانەتکار ناوزەند دەکرا و دەبوایە بکوژرایە. پۆلیسی ئاسایی و تایبەتیی عێراق ماستەر-پلانەکەی مەجیدیان بەجێگەیاند، لەناوبردن، گازباران کردن و کوشتن بە وردبینیەکی بیرۆکراتیانەوە. شاڵاوەکەی عێراق لە ساڵی 1987دا دەستی پێکرد، لە مانگەکانی دوو و نۆی 1988دا گەیشتە چڵەپۆپە. شاڵاوەکە ناونرا شاڵاوی ئەنفال. کە بەواتای "تاڵانیی" دێت. وشەی ئەنفالی عەرەبی لە سورەتی هەشتەمی قورئانەوە هاتوە، کە باس لە تاڵان کردنی کاروانی کۆمەڵێک "کافر" دەکات، لە ساڵی 624ی کۆچی، لەلایەن موحەمەدەوە. سورەتەکە دەڵێت: *"ئەو، ئەوەی لە خودا یاخی دەبێت لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، لەلایەن خوداوە توندترین سزا دەدرێن. ئێمە پێمان وتن: ئەمە بچێژن. تێژیی ئاگر چاوەرێی کافرانە."* سەدام ڕایگەیاند بوو کە کوردی عێراق ڕووبەڕووی تێژیی ئاگری هێزەکانی عێراق دەبنەوە. لەسەر خواستی سەدام و لەژێر فەرمانی ئاشکرای مەجیددا، گوندی کوردی لەگەڵ هەموو ئەوانەی ناوی بوونە بابەتی "تاڵانیی" و ڕاوڕووتی ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق. سەربازە عێراقییەکان هەموو شتێکی دیاریان تاڵان یان وێران کرد. لە هەشت شاڵاوی یەک لە داوی یەک و بەوریایی پلان بۆ دارێژراو و پێکەوەبەستراوی ئەنفالدا، ژیانی گوندنشینیی کوردیان ڕامالی یان "سەدامیزە" کرد.

---

[1] لە زۆربەی ئەو بابەتانەدا کە لەسەر ئەنفال و ناوچە حەرامکراوەکان نووسراون، دەستەواژەی (ناوچە قەدەغەکراوەکان) بەکاردەهێنرێت، کە بەبروای ئێمە هەڵەیە. چونکە دەستەواژە عەرەبییەکە (مناطق محرمة) درووست دەکاتە ناوچە حەرامکراوەکان. هاوکات خودی ئەو بەکارهێنانە عەرەبییە، هاوشێوەی بەکارێهنانی وشەی ئەنفال، بۆ بەخشینی شەرعیەت و سیمایەکی ئیسلامییە بە جینۆسایدی کوردان.

ئەگەرچی شاڵاوەکان وەک کرداری دژە-بەرەنگاریی پەردەپۆش کران، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کوردە چەکدارەکان تاکە ئامانج نەبوون. سەدام حوسەین شاڵاوەکەی ئاراستەی هەموو پیاو، ژن و منداڵێک دەکرد کە نیشتەجێی ناوچە تازە حەرامکراوەکان بوون. ئەو پیاوە کوردانەی کە دەستگیردەکران و دەکوژران لە گەرمەی شەڕدا نەبوون، یان هەڕەشەیەکیان بۆ سەر هێزە سەربازییەکان دروست نەکردبوو. هەموویان خزێنرانە نێو پاسەوە بۆ جێگەی دووریان ناردن، لەوێش بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو دەستڕێژیان لێدەکرا و کۆکوژی دەکران.

سەدام هەوڵی نەدەدا کە هەموو کوردێک لە عێراق لەناوبەرێت، وەک هیتلەر هەوڵیدا لە دژی جولەکەکان. هەروەها بریاری نەدا کە هەموو خوێندەوارەکان بکوژرێت، وەک پۆڵ پۆت کردی. لەڕاستییدا، کوردی شارەکانی عێراق هیچ زیاتر لە دانیشتوانی دیکەی عێراق ڕووبەڕوووی مەرگ نەدەکرانەوە. لەوانەیە لە سەرەتادا جینۆسایدی کورد خولیای سەرەکیی سەدام نەبووبێت. ئامانجی سەرەکیی سەدام لەناوبردنی یاخیبوونی کوردان بوو. بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو، دواتریش ئاشکراتر بوو، کە ڕێگەی بەجێهێنانی ئەم ئامانجە لەناوبردنی دانیشتوانی گوندە کوردییەکان بوو. هاووڵاتی سیڤیلی کورد کۆدەکرانەوە و دەکوژران یان گازباران دەکران، نەک لەبەر هەر شتێک کە ئەوان وەک تاکەکەس کردبوویان، بەڵکو لەبەرئەوەی کوردبوون.

لەنێوان 1987-1988دا هێزەکانی سەدام حوسەین چەند هەزار گوند و قۆخی([2]) کوردییان وێران کرد و نزیکەی سەد هەزار کوردیان کوشت، زۆربەی هەرە زۆریان بێ چەک بوون و زۆربەشیان منداڵ و ژن بوون. ئەگەرچی ڕاپۆرتی هەواڵگریی و ڕۆژنامەیی دەستبەجێ دەرکەوتن دەربارەی درندەیی عێراق لە دژی کورد، بەڵام بڕیاردەرانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ڕۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان، وەک شتێک کە شایانی تێگەیشتنە مامەڵەیان لەگەڵ توندووتیژی عێراقیدا دەکرد، وەک هەوڵێک بۆ خامۆشکردنی یاخیبوونێک یان دەرئەنجامی پریشکی جەنگی عێراق-ئێران دەیانبینی. ئەمریکا کە بڕیاریدا بوو پشتگیریی عێراق بکات لەو جەنگەدا، بۆیە پەنای دەگرت لە سەرکۆنەکردنی عێراق و نکوڵی لە هەبوونی بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکرد لەلایەن عێراقەوە، بەڵکو ئەمریکا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دواجار سەدام حوسەین چاک دەبێت. بەر لە مانگی نۆی ساڵی 1988، ئەو کاتەی دەیان هەزار کورد هەڵهاتن بەرەو تورکیا، وڵاتە یەکگرتوەکان سەرکۆنەی ڕژێمی عیراقی نەکرد بۆ بەکارهێنانی چەکی ژەهراوی لە دژی دانیشتوانی وڵاتەکەی. تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەمریکا سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی ژەهراوی کرد، کوشتاری کوردانی وەک، کوشتاری پۆڵ پۆت دەیەیەک لەوەبەر و بەرلەویش لەساڵی 1915 وەک کوشتاری ئەرمەنەکان لەلایەن تورکەوە، وەک "کێشەیەکی ناوخۆیی" لەقەڵەمدا.

لەنێوان 1983-1988دا، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساڵانە زێدەتر لە پێنچ سەد ملیۆن یەکەی کڕینی بەروبوومی کشتوکاڵی ئەمریکی دەبەخشی بەعێراق. پاش شاڵاوەکانی مانگی نۆی 1988، سێناتۆر (کلەیبۆرن پێڵ) یاسای سزاکانی (ئابڵۆقە) بە کۆنگرێس ناساند، کە دەبووە هۆی وەستانی ئەم یەکانە بۆ کڕینی دانەوێڵە، وەک سزایەک لەدژی سەدام حوسەین لەبەرامبەر کوشتنی هاووڵاتی

[2] وشەی "قۆخ" جگە لەوەی بەواتای جۆرە میوەیەک دێت، لە شێوەزاری سلێمانی بە واتای گوندی بچوک دێت کە ژمارەی ماڵەکانی لە چەند ماڵێک تێپەڕناکات، بگرە هەندێک جار تەنها یەک ماڵی لێیە، بۆیە لەم کاتەدا پێی دەوترێت، قۆخی تاقەماڵە. پێدەچێت وشەکە لە بنەڕەتدا "کۆخ" بێت و کرابێت بە قۆخ.

بێچەک. پێل، لەژێر کاریگەری هاوکارەکەیدا (پیتەر گالبریس)، جەغتی لەوە دەکردەوە کە تەنانەت هاوپەیمانێکی ئەمریکاش نابێت گازبارانی دانیشتوانی ولاتەکی خۆیی بەسەردا تێپەڕبێت. بەلام بەڕێوەبەریتی بوش، لەجیاتی وەستاندنی ئەو یارمەتییانە و چەندینی دیکە، لەسالی 1989دا یارمەتییەکانی بۆ عێراق دووقات زیادکرد، کە یارمەتییەکان گەیشتنە پتر لە یەک بلیۆن دۆلار. یاساکەی پێل بەناوی (یاسای بەرگرتن بە جێنۆساید)، کە بڕیار بوو سەدام سزا بدات، لەچالنرا.

سەرباری تازە واژۆکردنی بۆ جاڕنامەی جینۆساید، کاتێک دەرفەتێک گەلالەبوو بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی پەیامێکی توند بنێرێت کە جینۆساید ڕێگەی پێنادرێت، کە پێویستە کوشتاری دانیشتوانی کورد بوەستێت، بەرژەوەندیی تایبەت، دەسکەوتی ئابووریی و گرنگیی جیۆپۆلیتیکی عێراق نیگەرانییە مرۆییەکانیان پەردەپۆش کرد. بەڕێوەبەریتی ڕیگان قوماری لەسەر جینۆسایدی کورد کرد، کە کورد (دواتریش ئەمریکا) شانیان دایە بەر قورساییەکەی.

# هۆشیارکردنەوە
## پێشینە: جگە لە چیاکان هاوڕێمان نییە



کورد گەلێکی بێدەوڵەتە لەنێوان تورکیا، سوریا، ئێران و عێراقدا پەراگەندەبوون. زیاتر لە بیستوپێنج ملیۆن کورد لە ناوچەیەکی 200 هەزار میلی چوارگۆشەدا نیشتەجێن. کورد لەنێوان دوو فۆرمی ئیسلام، پێنج سنوور و سێ زاراوە و ڕێنووسدا دابەشبوون. زلهێزەکان بەڵێنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێدان لە ساڵی 1922، بەڵام کاتێک تورکیا ڕازی نەبوو پەیمانی سیڤەر مۆربکات ئەو بیرۆکەیە لەیادکرا، (پەیمانی سیڤەر هەمان ئەو پەیماننامەیەی کە تێیدا جیهان دەستەوسانانە داوای دادگاییکردنی ئەو تورکانەی دەکرد کە لە ڕەشەکوژی ئەرمەندا بەشداربوون). کوردەکانی عێراق بە درێژایی سەدەی بیستەم لە سەرهەڵدانی بەردەوامدا بوون، بەو ئومێدەی مافی خۆدفەرمانڕەوایی بەدەستبهێنن. لەکاتێکدا دانیشتوانی نیگەرانی شیعە لە نیوە زیاتری دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، سەدام حوسەین بەتایبەتیی لێبڕابوو بۆ ئەوەی داوای کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی نەهێڵێت.

جەنگاوەرە کوردەکان ناوی پێشمەرگەیان لەخۆنا، بەواتای "ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە". مەبەستیان بوو کە بەتەنها ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە. ئەو دەوڵەتە خۆرئاواییانەی دەبوونە هاوپەیمانیان خیانەتیان لێدەکردن، کاتێک دەرفەتێکی ستراتیژیی و پرقازانج دەهاتە پێش. لەبەرئەوە کوردەکان پێیانخۆشە بڵێن کە "جگە لە چیاکان هاوڕێمان نییە."

بڕیاردەرانی ئەمریکا لەمێژە کوردیان وەک دەستەیەکی وەرسکەر دەناساند. کوردەکان بێتاوان بوون لە تووشکردنی ئازار بە گەلی عێراق، بەڵام وەک ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ لە نەوەدەکان، تاوانباربوون چونکە داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد. هەیوود ڕانکین، تایبەتمەندێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغداد، ئەم دیدەی دەربڕی پاش ئەوەی ساڵی چەند جارێک سەردانی ناوچە کوردییەکانی دەکرد: "ئێوە پێویستە تێبگەن" ڕانکین دەڵێت "کوردەکان بێئەندازە ملۆزم و کەللەڕەقن. واز لە خەڵکی دیکە بهێنە ئەوان لەناو خۆیاندا کۆک نین، یەک لەگەڵ ئەویتردا هەڵناکات. بەڕاستیی ئەستەمن، کابوسی ڕاستەقینەن لە مامەڵە کردندا."

بەدرێژایی دەیان ساڵ لە دەردەسەریی و جەنگ، کوردەکانی عێراق بەتەنها نیگەرانی دەسەلاتداری زاڵم و هاوپەیمانێتیی نەبوون، بەڵکو دەبوایە چاوێکیان لەسەر یەکتر بوایە. لە ململانێدا بوون، بگرە لەگەڵ یەکدا بەشەڕدەهاتن، هەمان هێندەی لەگەڵ دوژمنەکانیاندا دەجەنگان و هەوڵیاندەدا لە بەغداد خۆیان ڕزگار بکەن. پەیامنێری واشنگتۆن پۆست، جۆناسان ڕاندڵ دوژمانیەتی نێوان بارزانی و تاڵەبانی وەک دەقی خۆرهەلاتیی دوژمنایەتی نێوان (هاتفیڵد)ەکان و (مەکۆی)یەکان ناوزەند کردوە.

تودووتیژترین شالاوی عێراق لە دژی کوردی گووندنشین، کە لە ساڵی 1987دا دەستیپێکرد و بە ئەنفال کۆتایی پێهات لە ساڵی 1988دا، لە پانتایی و وردبینیدا شتێکی نوێ بوو، هاوکات توندووتیژترین بەرجەستەکردنەوەی هەوڵە لەمێژینەکانی دەوڵەتی عێراق بوو بۆ سەرکوتکردنی کورد. لە ساڵانی 1970دا عێراق ئۆتۆنۆمیەکی گرنگی بەخشی بە کورد لە بەشێک لە ناوچە کوردییەکان کە تەنها نیوەی ئەو ناوچانەی لەخۆدەگرت کە کوردەکان بە هی خۆیانی دەزانن، هەروەها ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی لەخۆنەگرتبوو. پاش ئەوەی کوردەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە، سەدام تاکلایەنە پیلانێکی بەسەردا سەپاندن لە ساڵی 1974دا. کوردەکان لەو بروایەدا بوون کە لە ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکاوە (کە بە هاوڕێیەتی ئەوکاتەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت نیگەران بوو) زانیارییان پێدەگات، لەبەرئەوە سەرهەڵدانیان دەستپێکرد بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی (باپیری مەسعود بارزانی)[3]. بەلام بە پاڵپشتی ئەمریکا، عێراق و ئێران ڕێکەوتننامەی جەزائیریان مۆرکرد، کە بۆ ماوەیەک کێشەی مێژوویی سنووری نیوانیانی چارەسەرکرد: عێراق ڕازیبوو کە ددان بە ئێرانیبوونی ئەو سنورە و شەتلعەرەبدا بنێت، هەروەها شای ئێران و ئەمریکا ڕازیبوون کە لە پاڵپشتیکردنی کوردەکان بوەستن. لە ئەنجامی ئەم خیانەتە، شۆڕشی بارزانی شکستیخوارد. هێنری کیسنجەر، وەزیری دەرەوەی ئەوکات، دەربارەی پێچەوانەبوونەوەی سیاسەتی ئەمریکی و بەختی کوردان وتی، کە "پێویستە کرداری نهێنی و کاری پەیامبەری تێکەڵ نەکرێن". سەدامیش لەلای خۆیەوە بە ئاشکرا هەڕەشەی کرد کە "ئەوانەی خۆیان فرۆشتوە بە بیانییەکان لە سزا قوتاریان نابێت." ئەوجا بە شێنەیی دەستیکرد بە تۆڵەکردنەوە.

سەدام فەرمانیدا کە چوار هەزار میل لە خاکی کوردستان بەعەرەب بکرێت. ئەو ناوچانەی شێواند کە دانیشتوانیان تێکەڵ بوون، بەهێنانی ژمارەیەکی زۆری عەرەب و ڕاگواستنی کوردەکان. لە ساڵی 1975دا و بەردەوامیش تا کۆتایی حەفتاکان، عێراق دوانزە میل "زۆنی حەرامکراو"ی لەسەر سنووری ئێران دروستکرد. هێزەکانی عێراق کۆی ئەو گوندانەیان وێرانکرد کە دەکەوتنە نێو ئەو زۆنەوە و دانیشتوانە کوردەکانی بۆ ئەو ئۆردوگایانە گواستەوە کە سوپا کۆنترۆڵی دەکردن و لەنزیک شەقامە سەرەکییەکانەوە بوون. سەدان هەزار کوردی دیکە گوازرانەوە بۆ باشوری عێراق. لەبەراورد لەگەڵ توندوتیژییەکانی دواتری سەدامدا لەگەڵ کورد، ئەم قۆناغەی چەوساندنەوە کەمێک هێمن بوو. حکومەتی عێراق قەرەبووی خەڵکی کردەوە، سەرکردە ئایینیی و سیاسییەکانی کورد، کە بەر لە سوپا و چەک و بیلدۆزەرەکان دەگەیشتن، کارئاسانییان بۆ ڕاگواستنەکە دەکرد. هاوکات زۆریک لەو پیاوانەی بۆ بیابانەکانی باشوری عێراق دورخرانەوە پاش چەند ساڵێک بە زیندوویی گەڕانەوە. بەلام ڕاگوازاوەکان ژمارەیان زۆر بوو، بەپێی ڕۆژنامەی ئەلسەورە 28.000 خێزان (نزیکەی 200.000 کەس) لە سنوورەکانەوە ڕاگوێزراون. سەرچاوە کوردییەکان دەڵێن بەدرێژایی حەفتاکان نیوملیۆن کەس ڕاگوێزراون.

---

[3] لێرەدا ئاشکرایە کە نووسەر کەوتۆتە هەڵەوە.

کاتێک عێراق جەنگی دژی ئێران دەستپێکرد لە ساڵی 1980دا، دۆخی کوردان خراپتر بوو. جەنگەکە پاش پاشگەزبوونەوەی عێراق لە ڕیکەوتننامەی جەزائیر هەڵایسا. لە پێداگرتنی لەسەر خاوەنداریێتی شەتلعەرەب، عێراق دەیوست پیشانی ڕژێمی نوێی ئێرانی بدات کە پاڵەوانی ناوچەکەیە. هەروەها دەیویست پەیامێک بنێرێت بۆ ئێران دەربارەی بێزاریی لە پاڵپشتی ئێرانییەکان بۆ کوردە یاخیبووەکان. ئیرانی خومەینیش لەبەرامبەردا هانی شیعەکانی دەدا بۆ ڕاپەڕین دژی سەدام حوسەین. عێراقیش بە هاوکاری ئۆپۆسزیۆنی ئێرانی وەڵامی دەدایەوە. کێشەی سەر سنوورەکان دەستی پێکرد. لە مانگی چواری 1979دا عێراق سەکردەیەکی ئایینیی شیعەکان (ئایەتوڵا موحەمەد باقر ئەلسەدر)ی لە سێدارەدا. لە 4 ی 9 ی 1980دا ئێران دەستیکرد بە تۆپبارانی شارە سنووریەکانی عێراق. تا ئەمرۆش کە عێراقییەکان یادی ئەم جەنگە دەکەنەوە 4ی 9 وەک سەرەتای جەنگەکە دەستنیشان دەکەن. بەڵام تا 22ی 9 شەڕ دەستیپێنەکردبوو ئەوکاتەی عێراق هێرشی کردە سەر خوزستانی دەوڵەمەند بە نەوت. سەدام لەو باوەڕەدابوو کە بەرگریی ئێران هەر زوو تێکدەشکێت، بەڵام ئەم هەڵەیەی دیکتاتۆری عێراق یەکەم و دوا هەڵەی نەبوو. ئێران لەناکاو بەرەنگاری داگیرکردن بووەوە، ئەگەرچی هێشتا زامەکانی شۆڕشی ئیسلامی ساڕێژ نەببوون، ئێران لەسەرەتادا گورزی خوارد، لەبەرئەوەی ئایەتوڵا سوپای شای لەبەریەک هەڵوەشاندبووەوە. بەڵام ئێران خۆی ڕاگرت و بەرەنگابووەوە لە شەڕێکدا کە بووە خویناویترین و بێهودەترین شەڕی سەدەی بیستەم، شەڕێک کە پۆزش، ئارەزوو و پەردەپۆشی بۆ سەدام فەراهەمکرد بۆ کردنە ئامانجی کەمینەی کورد.

# هاوکێشەی ئەمریکی: دوژمنی دوژمنەکەم

ڕازینەبوونی ئەمریکا بۆ وەدەرنانی ڕژێمی جینۆسایدکاری خەمری ڕوژ لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵانی 1980کاندا، زادەی فراوانبوونی ئاشکرای ناحەزیی ئەمریکا بوو لە بەرامبەر ڤێتنام. بەهەمان شێوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هەڵوێستی ئەمریکا دەربارەی تاوانەکانی عێراق بەرامبەر بە کورد، زادەی بڕواهێنانی بوو کە کوردەکان بەلای ئێرانی ئیسلامیدا دایدەتاشن. ئەمریکا کە لە ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی ئێرانی ئایەتوڵا خومەینی بۆ نەوتی یەدەگی عێراق زەندەقی چووبوو، لەوە دەترسا کە ئیسلامی ڕادیکاڵ ڕەوشی حکومەتە دۆستەکانی ئەمریکا لە سعودیە و ئیمارات بشێوێنێت. بەم پێیە لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکی ئێران لە مەیدانەکانی جەنگ، ئەمریکا قولانجێک زیاتر لە عێراق نزیک دەبووەوە، نزیکایەتییەک کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەڵوێستی داهاتوی ئەمریکا دەربارەی تاوانەکانی سەدام لە دژی کورد.

لە سەردەمی جینۆسایدەکانی ئەرمەن، هۆلۆکۆست و خەمری ڕوژ، وڵاتە یەکگرتوەکان بێلایەن بوو، یان دواتر وەک لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە شەڕدا بوو لەگەڵ ڕژێمی جینۆسایدکار. لە دۆزی کوردا ئەمریکا بوو بە هاوپەیمانی ڕژێمێکی جینۆسایدکار. بەڕێوەبەرێتی ڕیگان کە نەیدەویست سەرکەوتنی ئێران ببینێت، لە ساڵی 1982دا دەستی وەردایە جەنگەکەوە، بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی ئێران سنورداربکات. دەستێوەردانێک کە وەزیری دەرەوە (جۆرج شۆڵتز) ناوینا "فۆرمێکی سنوردار لە سیاسەتی هاوسەنگیی هێزەکان". ئەمریکا سەرەتا 120ملیۆن دۆلاری لە شێوەی یەکەی کشتوکاڵییدا بە عێراق بەخشی، بۆ کڕینی گەنم، جۆ و برنجی ئەمریکی. ئەم برە دواتر زیادی کرد بۆ 500 ملیۆن دۆلاری ساڵانە. ئەم یەکانە زۆر گرنگ بوون چونکە یەکەکانی عیراق زۆر لاوازبوون و بڕی قەرزەکانیشی زۆر بوون، کە وای لە بانکەکان کردبوو کە بە ئاسانی قەرزی نەدەنێ. هاوکات ئەمریکا یەکەی دیکەی بەخشی بە عێراق بۆ هێنان و ناردنەدەرەوەی کەلوپەلی پیشەسازیی لە ئەمریکاوە. پاش ئەوەش کە بەغداد گروپی تیرۆریستی ئەبو نیزالی دەرکرد، ئەمریکا عێراقی لە لیستی دەوڵەتانی یارمەتیدەری تیرۆردا لابرد. لە مانگی 10ی 1984دا ئەمریکا و عێراق پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانیان دەستپێکردەوە، کە پاش شەڕی 1967ی عەرەب-ئیسرائیل تێکچووبوو. کارمەندانی ئەمریکی زانیاری وردیان هەبوو لەسەر پەنابردنی سەدام بۆ ئەشکەنجە و هەڵواسین (لەسێدارەدان)، بەڵام ئەمریکا نەیدەتوانی ڕێگەبدات ئێران جەنگەکە بباتەوە.

چونکە هەردووک ئێران و عێراق خۆیان پڕچەک دەکرد و دژایەتی ئایدۆلۆجی ئەمریکایان دەکرد، سەرانی ئەمریکا نیگەرانی زۆریان دەرنەبڕی کە هەردوولا یەکتریان وێراندەکرد. هاوکات سەرکەوتنی ئاشکرای عێراقیش شتێکی باش نەدەبوو بۆ ئەمریکا. چونکە پێدەچوو ئێران بڕوخایە، ئەمەش ڕێگەی بۆ سەدامی دڕندە خۆش دەکرد لە کەنداودا باڵادەست بێت. ئەمریکا شەڕەکەی بەتەواوی وەک شەڕی نێوان خومەینی و سەدام وێنادەکرد (ئەوە تەنها ناوکۆییەک بوو کە ئەو شەڕەی پێ ڕاڤە دەکرا). زۆر کەم بیریان لەو هەرزەکارانە دەکردەوە کە بەرەو بەرەکانی جەنگ تێیان دەخوڕین.

هەتا عێراق خۆشەویستی زیاتری ئەمریکای بەدەست دەهێنا، کوردەکان خۆشەویستی عێراقیان لەدەست دەدا. لە ساڵی 1982دا عێراق دەستیکرد بە پاکتاوکردنی زەوی زیاتری کوردنشین، زۆرێک لەوانەی ناچارکرد کە پێشتر ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگاکان جارێکی دیکە بگوێزنەوە. زۆنە

حەرامکراوەکان فراوانتر کران و سیاسەتی ڕاگواستن چڕتر کرا. چونکە عێراق دەیویست هەموو ئەو کوردانە ڕابگوێزێت کە نەیدەتوانی کۆنترۆڵیان بکات، هەموو ئەو کوردانەی لە نزیک شەقامە سەرەکییەکان یان لەناو شارەکاندا نەدەژیان دەکرانە ئامانج. ئەم جارە کاتێک ڕژێمی سەدام کوردەکانی ڕاگواست، هیچ قەرەبوویەکی ئەوانەی نەکردەوە کە ڕۆیشتن، ئەوانەش کە مانەوە لە هەموو خزمەتگوزارییەک بێبەشکران و ڕێگەی بازرگانییان لێگیرا. سەرەڕای ئەوەی عێراق زۆربەی هێزەکانی بۆ جەنگی ئێران تەرخان دەکرد، بەڵام بەکارهێنانیان بۆ ئەو ناوچانە زۆر بەرفراوان بوو.

کوردەکان هەمیشە فورسەتخوازبوون، کاتێکیش جەنگی عێراق-ئێران دەستپێکرد، هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کورد بوونە هاوپەیمانی ئێران. لە ساڵی 1983دا یەکێک لەم لایەنە سەرەکییانە (لایەنگرانی بارزانی) یارمەتی هێزەکانی ئێرانیاندا بۆ گرتنی شارێکی سنووریی، بەناوی حاجی هۆمەران. هێزەکانی عێراق بە شێنەیی تۆڵەیان کردەوە و نزیکەی 8.000 پیاوی کوردی سەر بە خێڵی بارزانیان دەستگیر کرد. لەناویاندا 315 منداڵ هەبوون، تەمەنیان لەنێوان هەشت و حەڤدە ساڵاندا بوو. دایکێک دەگێڕێتەوە کە "ویستم کوڕە بچوکەکەم بهێڵمەوە، کە زۆر منداڵ و نەخۆش بوو، لێیان پاڕامەوە، ئێوە سیانەکەی ترتان بردوە، تکایە ئەمەیان مەبەن، پێیان گووتم، ئەگەر یەک شتی تر بڵێیت گووللەبارانت دەکەین، پاشان قۆناغە تفەنگێکیان کێشا بەسەر سنگمدا و کوڕەکەیان برد کە لە پۆلی پێنج بوو." پیاوەکان (لەگەڵ کوڕەکان) دەخرانە پاسەوە و بەرەو باشور دەبران و هەرگیز نەبینرانەوە. ئەو ژنانەی کە ئێستا بە "بێوەژنە بارزانییەکان" ناسراون، بەردەوام وێنەی لەچوارچێوەگیراوی برا، مێرد و کوڕە بێسەروشوێنەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، وەک خوشکە ڕۆحییەکانیان لە بۆینس ئاریێس و بۆسنیا، کەساسی زانینی چارەنووسییانن. سەدام حوسەین شەرمی نەدەکرد لە داننان بەوەی سوپاکەی کردوویەتی. لە گووتارێکدا کە هاوشێوەی شانازیکردنە ئاشکراکانی ساڵی 1915ی تەلعەت[4] بوو، سەدام گووتی: "خیانەتیان لە وڵاتەکەیان و لە یاسا کرد، ئێمەش سزایەکی توندمان بۆ بڕینەوە و چوون بۆ دۆزەخ." ئەگەرچی کوردەکان هەوڵیاندا لە نێوەندەکانی خۆرئاوا دۆزەکەیان زەقبکەنەوە، بەڵام نە ئەمریکا و نە هاوپەیمانەکانی نیگەرانییان بەرامبەر بەو کوشتارە پیشان نەدا.

ئەمریکا بە ئەندازەیەک ناوچەکەی پشگوێ خستبوو، کە تەنانەت ئەو کاتەش بێدەنگ بوو کە عێراق لەنێوان 2000 تا 4000 تەن مادەی کیمایی بکوژی وەدەست خست و دەستیکرد بە تاقیکردنەوەی لەسەر ئێرانییەکان. هەڵوێستی بڕیاردەرانی ئەمریکی وەک ئەوا وابوو، کە ئایەتوڵاکان مرۆڤی ئێرانی و گەلی ئێرانیان لە چوارچێوەی ڕێسا ئەخلاقییە گەردوونییەکان سڕیبێتەوە. عیراق لەنێوان 1983 بۆ 1988 نزیکەی 195 جار چەکی کیمایی بەکارهێنا، ئەمەش بەپێی سەرچاوە ئێرانییەکان، بووە هۆی کوشتن و بریندارکردنی نزیکەی 50.000 کەس کە زۆربەیان سیڤیل بوون. فەرماندارێکی عێراقی گووتبووی "بۆ هەموو جانەوەرێک پاکژکەرەوەیەک هەیە" ئەم چەکانە کاریگەری سایکۆلۆجی ئەوەندە گەورەیان هەبوو، کە تەنانەت هێزە باش و پرچەکەکانیش پاش ماوەیەک ورەیان دەشکا و ڕایان دەکرد.

[4] موحەمەد تەلعەت وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی و بەرپرسی یەکەمی جینۆسادی ئەرمەنەکان بوو. تەلعەت لە ساڵی 1921 لە بەرلین لەلایەن لاوێکی ئەرمەنییەوە بەناوی (سۆگهۆمۆن تێهرلیریان) تۆپێنرا. دواتر تورکە کەمالییەکان وەک سیمبوڵێک بردیانەوە بۆ تورکیا و تا ئێستاس وەک پاڵەوانێک یادی دەکرێتەوە. وەرگێڕ.

ئەمریکا زیانی زۆری پێدەگەیشت لە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمایی. بەڵام هێشتا وەزارەتی دەرەوە و تەنانەت کۆنگرێسیش رێگەیاندا کە شاڵاوەکانی عیراق بێدەنگ تێپەڕبن. یەکەم راپۆرت لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمایی لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی 1983دا گەیشتە دەست وەزیری دەرەوە شوڵتز. بەڵام تا 5ی 3ی 1984 قسەکەری وەزارەتی دەرەوە بەیاننامەی سەرکۆنەکردنی رانەگەیاند. تەنانەت ئەو کاتەش لە رێگای سەرکۆنەکردنی هەدوولاوە، خۆی لە لۆمەکردنی عێراق پەنادا. قسەکەرەکە وتی: "لە کاتێکدا سەرکۆنەی پەنابردنی عێراق بۆ چەکی کیمایی دەکەین، حکومەتی ئەمریکی داواش لە ئێران دەکات کە ئەو رێگەچارانە قبوڵبکات کە لەلایەن چەندین دەوڵەت و رێکخراوی نێودەوڵەتییەوە پێشکەشی کراون و کۆتایی بەم لافاوی خوێنە بهێنێت." بگرە ئەم سەرکۆنەکردنە هاوسەنگەش لای هەندێک لە جڤاتی هەواڵگریی ئەمریکی توندوتیژ بوو. لە 7ی 3ی 1984دا، راڤەکارێکی هەواڵگریی گلەیی کرد: "ئێمە پەیوەندییەکی تازە خونچەکردوومان [لەگەڵ عێراقدا] لەناوبرد، لەئەنجامی وەرگرتنی هەڵوێستێکی توونڈ لەدژی بەکارهێنانی چەکی کیمایی." هەوڵەکان لەناوخۆی ئەمریکادا بۆ قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی چەکی کیمیایی، رووبەڕووی دژایەتییەکی توونڈ بوونەوە لەلایەن جڤاتی هەواڵگریی لە واشنگتۆن، هەروەها لەلایەن هاوپەیمانی وەک ئەڵمانیای خۆرئاواوە، کە قازانجێکی زۆر باشی دەکرد لە فرۆشتنی مادە کیمیاییەکان. زۆرترین شت کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی وەک بۆڵەیەک دەربیڕی، بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو بۆ "ناڕەزایی" دەربڕین لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمایی.

ئەمریکا چەند پۆزشێکی هەبوو بۆ ئەو هەڵوێستە نەرمەی لەهەمبەر بەکارهێنانی چەکی کیمایی لەلایەن عێراقەوە. وایان نیشان دەدا کە ئەو بەکارهێنانە تەنها وەک دوا پەناگە (دوا دەرفەت) و پاش شکستخواردنی هێزە ئاسایییەکانی عێراق بووە. ئەگەرچی عێراق وەک یەکەم بەکارهێنان چەکی کیمایی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەم ئۆپەراسیۆنانە وەک بەرگری لەخۆکردن ناوزەند دەکران کە بۆ تێکشکان و کەمکردنەوەی شاڵاوەکانی ئێران بەکاردەهاتن، نەک بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی. ئەمە، بێگومان، ئارگومێنتێکی بەهێز بوو، چونکە پێدەچوو لایەنگرانی شاڵاوی بەرگری لەخۆکردن و دەستپێشخەریی هەمان ئەم رەشناڵە بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیش بەکاربهێنن.

وەڵامێکی ئامەدەباشی ئەمریکا بۆ ئەو راپۆرتانەی کە باسیان لە بەکاهێنانی چەکی کیمایی دەکرد، بریتیبوو لە پێداگرتن لە بەدواداچوونی زیاتر. لە چەند بۆنەیەکدا نەتەوە یەکگرتوەکان چەند تیمێکی راستیی دۆزەرەوەیان دەنارد کە بەکارهینانی گازی (مەستەرد و تابوون)یان لەلایەن عێراقەوە پشتڕاست دەکردەوە. بەڵام بڕیاردەران پێشوازیان لەم راپۆرتانە، بە پێداگرتن لەوەی هەردوولا چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە، دەکرد. کاتێک سەدام دڵنیابوو کە لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمایی لەدژی ئێران ئابڵوقەی ناخرێتە سەر، ئەوجا دیکتاتۆری عێراقی زانی کە شتێکی بەدەستەوەیە.

# هاوڕێیەک لەودیو چیاکانەوە



پیتەر گالبرێس لە کۆنگرێسەوە سەرنجی پێشهاتەکانی کەنداوی دەدا، پیتەر ئەندام بوو لە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە سێنات (ئەنجوومەنی پیران). پیتەر، کوڕی جۆن کینیس گالبرێسە، کە ئابووریناسی هارڤەرد بوو. پیتەر کارمەندێکی ناوازەی واشنگتۆن بوو. لەلایەکەوە، بە لەخۆبوردەیی و ئامادەباشی بۆ گەڕان بە پنتە سامانکەکانی جیهاندا، ڕێزێکی بێپایانی دەستبەرکرد. لەلایەکی دیکەوە، زۆر بەناوبانگ بوو بە دواکەوتن بۆ کۆبوونەوە و بە ناڕێکپۆشیی، هەروەها بە هەبوونی بینێکی درێژ بۆ نوێنەرایەتیکردنی دۆزەکانی. من لەساڵی 1993دا بۆ یەکەم جار، پێنج ساڵ پاش شاڵاوی ئەنفال، لە واشنگتون لە نانخواردنێکی بەیانیدا کە لەسەر شەرەفی سەرۆک کۆماری تورکیا، تورکۆت ئۆزال، ڕێکخرابوو، پیتەرم بینی. لیستی میوانەکان دیارکراو بوو، لەناویاندا پامێلا هاریمان، جین کیرکپاتریک، هەروەها کۆلن پاوڵ هەبوون. کاتێک پاوڵ گەیشت، پێدەچوو ئاوەکان لەبەردەمیدا دوو کەرت ببن. باڵابەرز، پتەو، ڕێکپۆش و زۆر بروابەخۆ بوو. لە بەراوردێکی ئاشکرادا بوو لەگەڵ پیاوێکی سی و شتێک ساڵی شەکەت، کە درەنگ و پاش ئەوەی میوانەکان خواردنیان تەواو کردبوو و دەستیان کردبوو بە میوە خواردن و قاوە خواردنەوە، بەپەلە خۆی کرد بە ژوورا. کاتێک گالبرێس زانی کە تەنها شوێنێکی بەتاڵ لە مێزی پێشەوەیە، بە لارەلار بەرەو پێشەوەی هۆڵەکە کشا. بەیانییەکی زوو بوو، بەڵام بۆینباخەکەی هێندە شل بوو دەتگوت تازە لە ڕۆژێکی تاقەپڕوکێنی کار تەواو بووە. لایەکی کراسەکەی لە پێشەوە نەخرابووە ناو پانتۆڵەکەیەوە.  قژە خاوە قاوەییە کاڵەکەی ژاکابوو. جێنراڵ پاوڵ زۆر بەدبینانە نیگای گالبرێسی، وەک کارمەندێکی لاوی سێنات دەکرد، پاش ئەوەی لە تەنیشتیەوە دانیشت.

کاتێک بەشی پرسیار و وەڵام دەستی پێکرد، پاش وتەکانی ئۆزاڵ، زۆربەی ئامادەبووە ناسراوەکان زۆر بەڕێزەوە پرسیاریان دەربارەی پەیوەندییە ئایندەییەکانی ئەمریکا-تورکیا دەکرد، یان زیادەڕۆییانە هاوکارییەکانی تورکیایان بۆ ئەمریکا لەکاتی جەنگی کەنداوی 1991دا بەرزدەنرخاند. گالبرێیس خێرا ڕۆڵی تێکدەری وەرگرت، بە کردنی تاکە پرسیاری هەستیاری ئەو بەیانییە، کاتێک وتی: "ئامانجی پلە یەکی کوردەکان لە باکوری عێراق سەربەخۆییە، خواستی پلە دوویان جۆرێکە لە تەبایی لەگەڵ تورکیادا، دوا شت کە پێی ڕازیبن، مانەوەیانە وەک بەشێک لە عێراق. بۆچوونی تۆ چیە؟"

بینەرەکان هەناسەیان بۆ ئەو پرسیارە زۆر نادیپلۆماسییە هەڵکێشا. لەڕاستییدا، گاڵبرێس دەیزانی کە ئۆزال نەنکی کوردە و کەمێک سۆزدارە بۆ کورد. سەرۆک کۆماریی تورکی وەڵامێکی زیندوو و درێژی دایەوە.

دۆزی کورد یەکەم دۆز نەبوو کە بڕیاردەرانی واشنگتۆن لە گالبرێس تەرە بکات. یەکەم بەشداری گرنگی لە یاسا و فریاگوزارییە مرۆییەکاندا لە ئەمریکا، بریتیبوو لە چاکسازییەکانی مەکگۆڤەرن (McGovern Amendments)، کە لە ساڵی 1979 دایڕشت و ڕێگەی بە حکومەتی ئەمریکی دا کە یارمەتی مرۆیی بنێرێت بۆ کەمبۆدیا، پاش ئەوەی ئەو وڵاتە کەوتە ژێر دەستی ڤێتنامییەکانەوە. ئەگەرچی یاساکە دەرچوو، بەڵام گاڵبرێس زۆر بە توندی ڕەخنەی لە گۆڕانکارییە کۆمیتەییەکان گرت، کە دواجار ئەو یەکەم کەس بوو کە لەو کارە دورخرایەوە لە مانگی 12ی 1979دا. گاڵبرێس هێشتا لە یادیەتی کە: "ئەو کاتە خودی ڕاستەقینەی خۆم بووم، نە خەڵکم سەرسام دەکرد و نە هاوڕێم دەبردەوە. دەستبەجێ چەپۆکیان لەسەرم ئامادەبوو، من بەو وشکەکەڵەکە نیگەران بووم و بەڕاستیش تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوە نەبووم. زۆر بەتەنگ لایەنە مرۆییەکەوە دەهاتم، جلوبەرگی شیاوم لەبەرنەدەکرد و قژم بەرێکی دانەدەهێنا." مەکگەڤەرن خۆی گاڵبرێسی هێنایەوە بۆ سەر کارەکەی، ئەم جارە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کار بۆ سێناتۆر پێل بکات، کە وەک دەڵێن ئەویش وەک گاڵبرێس نیگەرانە بە وشکەکەڵەکەکان، پاش ئەوە زۆری پێنەچوو کە گاڵبرێس کوردی ئاشکراکرد.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1984دا گاڵبرایس وەک بەشێک لە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکان سەفەری عێراقی کرد. ئەگەرچی پاشتر بووە سەرەکیترین دۆستی کورد لە واشنگتۆن، ئەویش وەک هەموو ئەوانی تر، ڕێگەی بەخۆیدا کە چارەسەرەکەی بۆ کێشەی سەدام کاریگەر بێت بە کۆی ئامانجەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. گاڵبرێس لەگەڵ لێکدانەوەی بەڕێوەبەرێتی ڕیگاندا هاوڕابوو، کە باڵاترین بەرایی (highest priority) ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەوە بوو کە ئێران جەنگ نەباتەوە، کە لەو کاتەدا لەسەر لێواری بردنەوە بوو. کارمەندە لاوەکەی سێنات گەیشتە عێراق، بەبێ هەبوونی هیچ زانیاریەک دەربارەی کورد و هەبوونی زانیاریەکی کەمیش دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پیاوی شەڕواڵ دەڵبی لەسەر گرد و چیاکان بەدیدەکرد، بەڵام هیچ تێڕامانێکی ئەوتۆیان لا بەجێنەهێشت. جیۆپۆلیتیک و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کۆی ڕامانەکانی ئەویان داگیرکردبوو.

لە ساڵی 1987دا گاڵبرێس سەفەری دووەمی بۆ عێراق کرد. ئەم جارە کۆمەڵێک دیمەنی بینی، کە وایان لێکرد دواتر بڕوا بەو دەنگۆیانە بکات کە عێراق چەکی کیمایی لە دژی کورد بەکارهێناوە. لە بەرامبەر ئەمەدا، ئەوەی جێگەی سەرسامییە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا عێراق لە ساڵی 1987دا شاڵاوە دڕندانەکەی فراوانتر کردبوو، چۆن ڕێگەی بە سەردانی ئەمریکەیەکان دەدا. چونکە عێراق پێشتر هەرگیز سزا نەدرابوو لەسەر تاوانەکانی دژ بە کورد، پێدەچێت ڕژێمی عێراق دڵنیابوبێت لەوەی کە هیچ باجێک نادات ئەگەر تاوانەکانی ئاشکرابوون. هاوکات سەدام بە بازرگانیی نهێنیی چەکی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا نیگەران بوو. باڵوێزی عێراق لە ئەمریکا، نزار حەمدون، هیوادارببوو کە بە ڕاخستنی فەرشی سوور بۆ گاڵبرێس، هاوسەنگیەکە بەلای عێراقدا بشکێتەوە.

لە سەرەتای مانگی نۆی 1987دا گاڵبرێس بانگهێشتەکەی حەمدونی قبووڵکرد. لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکی لە عێراق، (هەیوود ڕانکین)، سەردانێکی هەشت ڕۆژی کرد بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان.

هاتوچۆ لەهەر شوێنێکی عێراق بۆ دیپلۆمات یان رۆژنامەنووس تەواو سنووردار کرابوو. ئەو دیپلۆماتانەی دەیانخواست لە بەغداد بچنە دەرەوە، دەبوایە چل و هەشت کاژێر پێشتر داوایان پێشکەشی وەزارەتی دەرەوە بکردایە. ئەو کات ئەو کەسانە دڵنیادەبوون لەوەی کە لەکاتی سەفەرەکەیان بۆ دەرەوەی بەغداد چاودێری دەکرێن. رۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان بە دەگمەن ڤیزەی چوونە ناو عێراقیان پێدەدرا، ئەگەر رەخنەگرانەش بیانووسیایە، دەیانزانی کە رێگەیان نادرێت جارێکی دیکە سەردانی عێراق بکەنەوە. بەڵام گەورەترین رێگر لەبەردەم کۆکردنەوەی زانیاری سیخوڕیدا ترس بوو، ترس لە ژیانی کەسەکە خۆی و مەترسی خستنە سەر ژیانی عێراقییەکان. رانکین زیاتر لە هەر دیپلۆماتێکی دیکەی خۆرئاوایی سەردانی دەرەوەی بەغدادی دەکرد، بەڵام هەرگیز مەترسییەکانی لەیاد نەدەچوو. رانکین دەڵێت "کوژران لە بۆسەدا یان کەوتن بەسەر مینێکدا، لە خواستە بەراییەکانی کەس نین. پێموایە تەنها کەسانێکی گەمژەی وەک پیتەر و من ئامادەبووین سەردانی باکور بکەین." تەنانەت کاتێکیش لە دەرەوەی بەغداد بوون، رانکین دەڵێت: "دەبوایە وریابین نەبا خواستی زانیاریی پەیداکردن بکەوێتە پێکدادانەوە لەگەڵ خواستی مانەوەی کەسانێکی ئاسایی." چاکسازیەکی یاسای تاوانی عێراقی لەساڵی 1984دا، هەڵواسینی وەک سزا بۆ ئەو کەسانە دیاری دەکرد کە "پەیوەندیی دەکەن" بە بێگانەوە، ئەگەر ئەو پەیوەندییە بووە هۆی "زیان گەیاندن بە پێگەی سەربازیی، سیاسیی یان ئابوریی عێراق." وەک هاوشێوەکانیان لە کەمبۆدیای خەمری روژ، ئەو عێراقییانەی رەخنەگرانە لە رژێمیان دەڕوانی بە دەگمەن لە مەرگ رزگاریان دەبوو. بێگومان پارانۆیای رژێم ئەوەندە گەورەبوو، کە ئەندازیارێکی سیڤیلی بریتانی گرت و ئەشکەنجەدا لەسەر ئەوەی بە رێکەوت ببووە هۆی کەوتنی وێنەیەکی سەدام، کاتێک کە پاڵیدابوو بە دیوارێکەوە لەو بینایەی کاری دەکرد. کوردەکان هیند لەلایەن کارمەندەکانی رژێمەوە ترسێنرابوون، کە چاوەڕوان نەدەکرا دوو لیکۆڵەرەوەی ئەمریکی زانیارییەکی ئەوتۆیان چنگ بکەوێت. بەڵام توانیان کە وێنایەکی چاویی دەستگیر بکەن.

لە پاش سەردانەکەی پێشووی گاڵبرێسەوە، ئاماژەی زیاتری وێرانکاری جەنگ لەگەڵ ئێراندا دەرکەوتن، منداڵی شێواو بە تۆپ و دارمەیتی کوژراوەکان کە لە ئاڵای عێراقیەوە پێچرابوون و بەسەر تاکسیە سپی و پرتەقاڵیەکانەوە بوون. بەیداخی رەش بەدەم باوە دەشەکانەوە، کە ناوی سەربازە کوژراوەکان و شوێنی کوژرانیانی لەسەر نووسرا بوو. وەک بڵێی بۆ مەبەستی قەرەبووکردنەوە، پەیکەری زیاتری سەدام قووت دەبوونەوە، سەدام وەک جەنەراڵ، وەک بازرگان، وەک عەرەبێکی بەدەوی عەگال بەسەر، وەک سیاسەتمەدارێکی سیگارکێش، بگرە بە پۆشاکی دێرینی کوردییەوە وەک کوردێک.

لە 6ی 9ی 1987دا، چەند رۆژێک پاش سەردانەکە، گاڵبرێس و رانکین بەغدادیان بەرەو باکور بەجێهێشت. چونکە سێ ساڵ پێشتر سەردانی کردبوو، گاڵبرێس دەیتوانی بەراوردێک لەنێوان پاش و پێش سەردانەکانیدا بکات. لە ساڵی 1984دا گاڵبرێس توانی بەبێ رێگر هەتا شارۆچکەی شەقڵاوە بچێت. بەڵام ئەم جارە هەمان ئەو بازگە و بنکە سەربازییانەی قەراغ شەقامەکان، کە زۆربەیان چۆڵکرابوون، پڕبوون لە سەربازی توندووتیژ و رێگر لە سەردانکەران. پێدەچوو کە زۆرنە حەرامکراوەکان لە ناکاو چالاک کرابن.

پاش ئاژۆشتن بەنێو گێژەڵوکەی خۆڵدا، ئەمریکییەکان گەیشتنە بازگەیەک لە دەرەوەی جەلەولا، دواهەمین شارۆچکەی ئاشکرای عەرەبنشین لەسەر رێگاکە بەرەو باکور. جەلەولا پانزە کیلۆمیتر لە

سنووری ئێرانەوە دووره. پێیان وترا کە بۆ دواوە بگەڕێنەوە. بەڵام کاتێک کە مۆڵەتەکەیان پێدان کە لەلایەن جێگری سەرۆک وەزیرانەوە ئیمزا کرابوو، سەربازی خاڵی پشکنینەکە واقی ورمابوو. لە کۆتایدا پاش کردنی دەرزەنێک تەلەفۆنی پڕ لە ترس و بێسەروبەرە، سەربازە عێراقییەکان ڕێگەیان پێدان بەردەوامی بە سەردانەکەیان بدەن، بەڵام لەژێر چاودێریی چەندین سەربازی پڕچەکدا. ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازیی پێشڕەوی دەکردن، یەکێک لە سەربازەکانی ناوی ئارپیجییەکی پێبوو، شەشی دیکەی خودە لەسەر لە پشتەوە و دوانی دیکە لە پێشەوە بوون. لە پشتیانەوە چەند سەربازێکی تر و دۆشکەیەکی دژە فڕۆکە کاروانەکایان تەواو دەکرد.

لە کاتێکدا ڕانکین دەیئاژۆشت، گاڵبرێس ڕێگاکەی لەسەر نەخشەکە دیاری دەکرد. پاش ئەوەی چەند میلێک بەرەو ژوور ڕۆیشتن، ترسی ئەوەیان لێنیشت کە بەرەو ڕێگایەکی هەڵەیان دەبەن. هیچ شتێک، کە لەسەر نەخشەکە هەبوو، لەسەر زەوی دیار نەبوو. بەردەوام لە ئاسۆیان دەڕوانی بۆ دەرکەوتنی گوندێک بەڵام هیچ ئاماژەیەکی ژیان دیار نەبوو. ئەمە بوو بە ڕێسا. گوندی کوردی پاش گوندی کوردی کە لەسەر نەخشەکە وەک پەڵەیەکی بچووک دیاریکرابوون و ڕۆژگارێک لەسەر ڕێگای بەغداد-جەلەولا یان دەربەندیخان یان کەرکوک بۆ سلیمانی بڵند ڕاوەستابوون، هەموویان شوێن بز کرابوون. گاڵبرێس لەیادیەتی کە "لەلای ڕاستی شەقامەکە جگە لە وێرانە هیچی دیکە بەدینەدەکرا، لەلای چەپیش ئەو خانوە چکۆلانە هەبوون کە ئامادەکرابوون بۆ ڕووخاندن. دیمەنەکە ئێجگار خەمناک بوو." جگە لە چەند گوندێک لە ڕۆخی شەقامەکە هیچی دیکە بەپێوە نەمابوو، ئەم گوندە شەکەتە بێژیانانەش، دیاربوو کە چاوەڕوانی مەرگیان دەکرد، چونکە بیلدۆزەرەکان لەو نزیکانە گرمەیان دەهات. هەندێک جار کۆمەڵێک دارتێلی ڕووت ئاماژەیان بۆ ژیانی ڕابوردوو دەکرد. لە ساڵانی نەوەدەکان ئەم دیمەنانەی بێژیانی و وێرانیی لە بۆسنیا، دەبنە شتێکی باو بۆ ڕۆژنامەنووسان، دیپلۆماتەکان و کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان، بەڵام لەساڵی 1987دا نە گاڵبرێس و نە ڕانکین هیچ "پاکتاوێکی ڕەگەزیی" هاوشێوەی ئەوەیان نەدیبوو کە شایانی بەراورد بێت. لە هەندێک جێگا عێراقییەکان گوندەکانیان بەشێوەک وێران دەکرد کە هەموو ئاساوەرارێکی بوونیان تێدا دەسڕیەوە، ئەو گوندانەی لە سەرەتای شارستانیەتەوە بنیاتنرابوون وا دەردەکەوتن کە هەرگیز نەبووبن. تەنانەت باخچە و گۆڕستانەکانیشیان هەپروون بە هەپروون دەکرد.

تەنها جێگایەک کە دەستکاری نەکرابوو گوندە عەرەبنشینەکان بوون، کە بە تەواوی بەپێوە مابوونەوە، لەگەڵ "شارەکانی سەرکەوتن"، ئۆردوگا زۆرەملێکان یان گێتۆکان، کە تازە بنیاتنرابوون و سەربازە عێراقییەکان بە زۆرەملێ ئەو کوردانەیان تێدا نیشتەجێ دەکردن کە بە تۆپزی ڕاگوێزرابوون. لەو یاداشنامەیەدا کە پاش سەردانەکەی ئامادەی کرد، ڕانکین ئەوها ئاماژەی بۆ (کەلار) دەکرد: "وەک باڵاخانەیەکی نوێی زەبەلاح، شارە هەنگێکی ناشیرین و خواروخێچی لە چیمەنتۆ دروستکراوی چڵکن و خەمهێنەر." لەگەڵ ئاژۆشتنی ئەو ڕۆژە لەسەر شەقامەکان، دوو ئەمریکییەکە بیستوسێ گوند و شارۆچکەی وێرانیان بینی. هەندێکیان تەنها وێرانەیەکی نارێک بوون کە دیواریان بەپێوە نەمابوو. کاتێک زیاتر بەرەو باکور هەڵدەکشان، ئەو بەهرە سروشتییەی پێشوازی لێکردن، شتێکی بەرچاو بوو: دار زەیتون، هەنار و ژاڵەکان. بەڵام ئامادەگی مرۆڤ پشتگوێ خراو بوو، تاکە یەک شوانیشیان بەدینەکرد.

درندەیی جەنگی عێراق-ئێران و دیداری (یان نادیاریی) گوندی کوردی کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر گاڵبرێس دانا. بەڵام توندووتیژی و کینەی جیاواز، لەنێوان عێراقییەکان، کوردەکان و

ئێرانییەکان، لە مێشکیدا تێکەڵ بەیەک دەبوون. شتێک کە وەک گوندە خاپورەکانی کوردان لە یادەوەریدا جێگیر بوو، دیمەنەکانی باشوری بەسرە بوون، کە ڕۆژگارێک یەکێک بوو لە شکۆدارترین شارەکانی عێراق. لە نەخۆشخانەی کۆماریی پەرپووتی بەسرە، کە هەندێک لە چەرچەفەکان خوێناوی بوون و پشیلە و مێشوولە بەناو قاوشەکاندا پیاسەیان دەکرد، لاشەی مردوو بە بەردەوامی هاتوچۆیان پێدەکرا. یاداشتنامەکەی ڕانکین ئەمەی تیا نووسراوە: "زۆربەی نەخۆشەکان بێجووڵە و مەرگبار بوون، هەندێک وەک ژمارە و فاکت باسی لەدەستدانی ژن، منداڵ و نەنکیان دەکرد، وەک ئەوەی شتێکی چاوەڕوانکراوی ڕۆژانە بن." پەلاماری ئێران بۆ سەر بەسرە لە مانگی یەکی 1987دا دەستی پێکرد. ئەو کاتەی لە مانگی شەشدا پێکدادان لەسەر ئەو شارە بەشێوەیەکی نەخوازراو بە ئاستەنگ گەیشتبوو، ڕاڤەکاران پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە 40.000 ئێرانی و 25.000 عێراقی کوژرابن، کە ئەو پێکدادانەی دەکردە خوێناویترین پێکدادان لە خوێناویترین جەنگدا لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە درندەیی و بێماناییەکەیدا هاوشێوەیی سەرسوڕهێنەری هەبوو لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەرەکانی جەنگ بۆ چەندین ساڵ نەگۆڕ بوون، هەروەها لە جەنگێکی درندانەی سەنگەردا، شەپۆل پاش شەپۆلی سەربازەکانی ئێران دەچوونە سەر سەنگەرەکان تا نەوەیەک لە کوڕ و پیاوی ئێرانی لەناوچوو. ئایەتوڵاکان هانی شەهیدبوونیان دەدا، کە ئەمەش پۆزشێکی لەباری ڕۆحی بوو بۆ داپۆشینی ئەو کوشتارە بێمانا و ئەو ئامانجە بەتاڵە. بەشێوەیەکی ئاشکرا منداڵی ئێرانیيان بەکاردەهێنا بۆ تەقاندنەوەی مین، بەکۆمەڵ بەناو کێڵگە و زەمینە بێخاوەنەکاندا دەبران. ئامۆژگاریی دەکران کە کلیلی لاستیک لەمل بکەن بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت. زۆر جار منداڵەکان بەبێ هیچ ڕاهێنانێک دەنێردران بۆ بەردەم لوولەی تفەنگەکانی دوژمن. لەم ناوکۆییەدا، خاپوورکردنی گوندە کوردییەکان، ڕاگواستنی کوردی سیڤیل و دەرئەنجامەکانی حەرامکردنی ژیان لە دێهاتی کوردییدا بەشێوەیەکی زەق دەرنەدەکەوت.

ئەگەرچی گاڵبریس لە قوربانییەکانی جەنگی خوێناوی عێراق-ئێران و بەردەوامی وێرانکاری گوندە کوردییەکان تێگەیشتبوو، بەڵام بەشی خۆی لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی 1987ی تەرخان کردبوو بۆ جەنگەکە، شانزە لاپەڕە لە چلونۆ، تایبەت بوو بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق. ڕاپۆرتەکە بەناوی "جەنگ لە کەنداوی فارس: ئەمریکا پاڵپشتی لایەنێک دەکات"، جەغتی لەوە دەکردەوە کە وێڕای درندەیی حکومەتی بەغداد، ئەمریکا ناتوانێت ڕێگە بدات کە عێراق لەو جەنگدا بدۆڕێت.

گاڵبریس پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە ئەمریکا ئابڵوقەی ئابوری بخاتە سەر ئێران و لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هەوڵی کۆتاییهێنان بە جەنگ بدات. داوای ئەوەی نەکردبوو کە سەدام حوسەین سزا بدرێت بۆ تاوانەکانی دژ بە کورد. لەڕاستییدا بە ئەستەم باسی کوردی کردبوو. کاتێکیش کە باسی کردبوو، وەک خەڵێک باس نەدەکران کە شایانی گرنگی پێدانن وەک مرۆڤ، بەڵکو وەک کۆمەڵێک کە یاخیبوونەکەیان بۆتە هۆی لاوازترکردنی عێراق لە بەرامبەر ئێراندا. گاڵبریس نیگەرانی نیشاندا کە "کێشەی کورد پێدەچێت گورزێکی کوشندە بدات لە توانای بەرگریی عێراق. هێزە کوردییەکان زۆر بەهێز بوون و ئێستاش هەرەشەیەکی سەرەکیی سەربازیین بۆ سەر عێراق لە کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردییەکاندا." ڕاپۆرتەکە ئاماژەیەکی خێرای بەوە دابوو کە گاڵبریس و ڕانکین بینبوویان، وەک باسکردن لە وێرانکردنی گوندەکان، بەڵام هیچ جۆرە هۆشیارکردنەوەیەکی لەخۆ نەگرتبوو، کە خوێنەر ئاگاداربکاتەوە لە توندی سەرکوتنکردنەکە یان ئەگەری وێرانکاری زیاتر.

گالبریس وەک "یاخیبوو"، "بەرهەڵستکار" و "هاوپەیمانی ئێران" ئاماژەی بۆ کورد دەکرد. ئەو ڕاستییەی کە زۆرترین ژمارەی کوردان بێچەک بوون، لەبەراورد لەگەڵ ئەو ژمارە کەمەی چەکداردا، بۆچوونی گالبریسی نەگۆڕی. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەو ڕاستییە دووبارەیە دەکرد، کە عێراق مامەڵەی باشتر بوو لەگەڵ کورددا وەک لە دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە. نیگەرانیی گەورە ئەوە بوو کە یاخیبوونی کوردەکانی عێراق نزیکەی 150.000 سەربازی عێراقی لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ دوورخستبوەوە. عێراق ڕووبەڕووی جەنگێکی تاقەتپڕوکێن دەبووەوە لە باشور و لە باکورەوە، سەرەڕای کوردەکان کە ئێران پاڵپشتی دەکردن. ئەمەش وەک شتێکی خراپ سەیر دەکرا بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

# زانیاریی فەرمیی، بێدەنگیی فەرمیی



ئەگەرچی زانیارییەکانی گالبرێس دەربارەی لەناوبردنی کورد، بەڕیکەوت لەو دوو سەردانەیدا بۆ عێراق دەست کەوتبوون، بەڵام فەرمانبەرە ئەمریکییەکان لە وەزارەتی دەرەوە، بەشێوەیەکی سیستیماتیکی چاودێریی جووڵەی سەربازە عێراقیەکانیان دەکرد و زانیاریی زۆر باشتریان هەبوو دەربارەی سیاسەتە دڕندانەکەی سەدام و شاڵاوەکانی ڕاگواستن. (لاری پۆپ) سەرپەرشتیاری نووسینگەی عێراق-ئێران لە وەزارەتی دەرەوە دەڵێت: "ڕاپۆرتەکان لە عێراقەوە زۆر باش بوون. هەندێک جار دواکەوتن هەبوو بۆ ماوەی دوو هەفتە بەلای زۆرەوە. بەڵام ئێمە دەمانزانی کە شتێکی سامناک ڕوودەدات. دەمانزانی کە عەلی حەسەن ئەلمەجید سەرپەرشتی کوشتارەکە دەکات. وێنەی سەتەلایتیمان هەبوو پیشانی دەدا کە چۆن گوندەکان تەفروتوونا دەکران." ڕاپۆرتی 1987ی ناپۆلێنکراوی (unclassified) مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوە دەڵێت: "کوشتار و وێرانکارییەکی بەربڵاوی گوندە کوردییەکان هەیە، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی زۆرەملێ و ئاوارەکردنی کوردەکان بۆ ناوچە نا-کوردییەکانی دیکەی عێراق لە گۆڕێیە." بەڵام وێڕای ئەم زانیارییە بەرفراوانانە لەسەر ڕاستییەکان، باڵوێزخانەی ئەمریکی لە عێراق وێرانکاریی گوندەکان و ڕاگواستنی وەک شتێکی ڕەوا و کاتیی لە قەڵەم دەدا. باڵوێزخانە جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەلمەجید بەم زوانە کۆتایی بە شاڵاوەکانی دەهێنێت. باڵوێزخانە لە تێلێگرافێکدا نووسیویەتی "لەجیاتی ئەوەی بۆ هەر گوندێک بەتالیۆنێک سەرباز بەفیرۆبدرێت، گوندەکان دەڕوخێنرێن و دانیشتوانەکەی لە جێگەی دیکە نیشتەجێ دەکرێن، پاشتر ئەمە هێواش دەکرێتەوە و لە هاویندا دەوەستێنرێت، ئەمەش بەشێکە لە سیاسەتی "گێزەر و تێڵا"". باڵوێزخانەی ئەمریکی وەک هەمیشە پێیوابوو کە عێراق لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی ڕەشناڵەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت کە مەبەستیانە جەنگ لەگەڵ ئێراندا ببەنەوە و ئامادەنابن ئەو هەموو سەرباز و سەرچاوە بەنرخە بۆ ئازاردانی دانیشتوانی سیڤیل تەرخان بکرێت. هەر ئەوکاتە کارمەندە ئەمریکییەکان کە ڕاپۆرتیان لەسەر شاڵاوەکان دەنووسی، خوویان بە ناساندنی ئەو شاڵاوانەوە وەک ڕۆتین و وەک ئاماژەدان بە فاکت و ژمارە گرتبوو. باڵویزخانە زۆر بە سانایی نووسیبووی کە: "ئەلەمجید سەرکوتکارییەکی دڕندانەی گرتۆتەبەر، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەشێکیەتی."

میدیای ئەمریکی بەدوای دۆزەکەدا نەچوو. ئەو چەند هەواڵنێرەی بایەخیان بە ناوچەکە دەدا گرفتی زۆریان هەبوو بۆ چوونە ناو عێراق. ڕانداڵی واشنگتۆن پۆست لە ساڵی 1985دا سەردانی عێراقی کرد، بەڵام نەیتوانی بڕوا بە سەرنووسەرەکانی بهێنێت کە سەردانێکی دیکە شایانی ئەو خەرجیی، ماندووبوون و ڕیسکە دەبێت کە بۆی تەرخان دەکرێت. جارێک کە هەوڵیدا بوو وێنەی

کوڕێکی بە گاز کوژراو بڵاوبکاتەوە، سەرنووسەرێک لێیپرسیبوو: "کێ گرنگی بەمە دەدات؟" ڕانداڵ پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی تاراوگە لە لەندەن و پاریس مابوو، داوای لێدەکردن کە کامکۆرد بکڕن و هەوڵ بدەن کە زۆرترین بەڵگە بۆ میدیا کۆبکەنەوە. ڕانداڵ دەڵێت پێموتن کە "تەنانەت مەیمونیش دەتوانێت وێنەی چەند کەسێکی کوژراو بگرێت، بەڵام ئەوان شانازیان بەوەوە دەکرد کە پەیوەندی تێلێکسیان لەگەڵ قوبرس هەیە. ئەوان لە ڕووی تەنکنەلۆجیاوە زۆر لە دواوە بوون. ئەوانەی کە بڕیاریان لە دەست بوو ئەوەندە لەو چیایانە مابوونەوە کە نەیاندەزانی جیهان چۆن کاردەکات."

لە بەراوردا، سەدام دەیزانی جیهان چۆن کاردەکات. پاش ئەوەی دڵنیابوو کە چەکی کیمیایی چ کاریگەرییەکی لەسەر دوژمنە دەرەکییەکانی هەیە، ئەوجا ئاراستەی دوژمنە سەرەکییەکانی ناوخۆی کرد. لە مانگی 5ی 1987دا عێراق بووە یەکەم دەوڵەت کە گازی کیمایی لە دژی هاووڵاتیانی خۆی بەکارهێنا. ئەو کوردە عێراقییانەی هەڵهاتن بۆ ئێران، دەیانگوت کە فڕۆکەکانی سەدام گازی مەستەردیان بەسەر چەند گوندێکدا، لەسەر سنووری عێراق-ئێران، ڕشتوە. بنکەی سەرکردایەتی هەردوو حیزبە کوردییەکەش بە گازی ژەهراوی بۆردومان کرابوون. ڕاپۆرتی هاوشێوە دەربارەی ناوچەکە بەردەوام بوو بۆ پاشماوەی ساڵی 1987 و تا 1988.

ڕاپۆرت دەربارەی ویرانکاریی گوندەکان لە ڕێگای چەکی ئاساییەوە لە مدیاکاندا دەبینرا. لە مانگی 9ی 1987دا (نیو یۆرک تایمز) ئاماژەی بەوە دابوو کە عێراق لە شەش مانگی ڕابوردوودا نزیکەی 500 گوندی بە دینامایت تەقاندۆتەوە. بەڵام لە ئەمریکا ئەم ئاماژانە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە جەنگ پێشوازییان لێدەکرا. هەواڵنێری تایمز (ئالان کاوڵ)، شاڵاوەکانی وەک کوشتاری خەڵکی بێتاوان لەقەڵەم نەدەدا، بەڵکو وەک "هەوڵی تووند بۆ نەهێشتنی پەناگەی یاخیبووانی کورد." نائامادەگی سەرکۆنەکردن، عێراقییەکانی شێلگیرتر دەکرد. ئەلمەجید، کە پاشتر کوردەکان ناویاننا "عەلی ئەنفال"، بەردەوام بوو لە سەرپەشتیی وێرانکردنی گوندە کوردییەکان، هەر زوو تێگەیشت کە ئەمریکا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ عێراق لا بەنرخ بوو و ئامادەش نەبوو کە کاریگەریی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ناچارکردنی عێراق بۆ وەستاندی شاڵاوەکانی. بەڵگەنامەکان کە دواتر دەستکەوتوون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەلمەجید بەبێ هیچ ترسێک لە دەرئەنجام، تاوانەکانی ئەنجام داوە. لە کۆبوونەوەیەکی 26ی 5ی 1988دا ئەلمەجید کە باس لە گازبارانی کوردەکان دەکات، دەڵێت: "هەموویان بە چەکی کیمیایی دەکوژم. کێ هەیە هیچ شتێک بڵێت؟ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟ بیانگێ." ئەلمەجید بەردەوام بوو لە کوشتاری کورد، لەگەڵ مۆڵەت بۆ تاوانکردن.

دەوڵەتان بەردەوام هۆشیاریی دەدەن بەیەکتر. دەشێت دەوڵەتێک چەند ساتێک بەر لە ڕوودانی جینۆساید، هەست بە بێپاکی و ناکارایی دەوڵەتانی دیکە بکات، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیی نەدانی دەوڵەتانی دیکە بە کرداری دەوڵەتانی دۆست یان نەیار. کاردانەوەی ئەمریکییەکان بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە، سەرەتا بەرامبەر ئێران و پاشان بەرامبەر گوندە کوردییەکان، کاردانەوەیەکی تەواو نەرم بوو. هیچ شتێک لە ڕەفتاری ئەمریکادا سەدامی لەوە هۆشیار نەدەکردەوە کە پێویستە بەرلە لەناوبردنی کوردان بەهەر چەکێک بووە، دوو جار بیربکاتەوە.

# ددانپیانان
# هیرۆشیمای کورد



گالبریس پاش سەردانەکەی بۆ باکوری عێراقی وێرانکراو لە ساڵی 1987دا، پێشنیاری ئەوەی نەکرد کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی دەربارەی عێراق بگۆڕێت، بەڵام وێنەکانی وێرانکاریی لەگەڵیدا مانەوە. گومانێکی بەردەوامی هەبوو دەربارەی ئەوەی کە وێرانکردنی گوندەکان لەلایەن سەدامەوە، زۆر بەرفراوانتر و چەپەڵترە لەوەی کە لە سەرەتادا بڕوای پێی بوو. ئەگەر سەدام هەوڵی دەدا کە بەر بە چەکدارە وەرِسکەرەکانی کورد بگرێت، گالبریس لەخۆی دەپرسی، بۆچی ئەو ناوچانەی دەکردە ئامانج کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان هاووڵاتی سیڤیل بوون؟ گومانەکانی گالبریس قووڵتر بوونەوە لە مانگی 3ی 1988دا، کاتێک هێزەکانی سوپای عێراق بۆردومانی هەڵەبجەیان بە گازی ژەهراوی کرد.

وێرانکردنی گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە لە ساڵی 1987دا بووە هۆی ئەوەی کە دانیشتوانی هەڵەبجە هەڵبئاوسێت، لە 40.000ەوە بۆ 80.000 کەس. هەڵەبجە سەرچاوەیەکی وەرِسیی و بێزارییەکی گەورە بوو بۆ فەرماندەی زۆنی باکور، عەلی حەسەن ئەلمەجید. پێشمەرگە کوردەکان کردبوویان بە جۆرێک لە نبکەی بەهێزی خۆیان، بەردەوام لەگەڵ پاسەوانانی شۆڕشی ئێراندا، کە لە سنوورە نزیکەکانەوە دەهاتن، هێرشی هاوبەشیان دەکرد. هەڵەبجە تەنها حەوت میل دوورە لە سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی ئاو بۆ بەغداد.

لە ناوەڕاستی مانگی سێی 1988دا هێزێکی هاوبەشی کوردی-ئێرانی هێزەکانی عێراقیان لە هەڵەبجە دەرپەڕاند. بە شەوێک هێزەکانی ئێران جێگەی هێزەکانی عێراقیان پڕکردەوە. دانیشتوانی سیڤیلی هەڵەبجە، کە لەو سەر سنوورە ببوونە داشی دامە لە ململانێی نێوان هێزەکانی عێراق و ئێراندا، بەو پێشهاتە سامناکە زەندەقیان چوو. لە 16ی 3ی 1988دا عێراق دژە-هێرشی بە گازی بکوژ کرد. گەواهێک باسدەکات کە "جیاواز بوو لە هەموو بومباکانی دیکە. زرمەیەکی بەرز و تیشکێکی مەزنی هەبوو لەگەڵ توانایەکی وێرانکاریی گەورە و سەنگین. ئەگەر دەستت بدایە لە بەشێکی لەشت کە سووتابوو، دەستیشت دەسووتا. دەبووە هۆی ئەوەی کە شتەکان گڕ بگرن." فڕۆکەکان ئەوەندە نزم دەفڕین کە کوردەکان بەئاسانی دەیانتوانی نیشانەکانی ببینن کە هی عێراق بوون. چەندین خێزان خزانە نێو ژێرزەمینی کۆنەوە کە لەبەردەمی ماڵەکانیاندا دروستیان کردبوون. کاتێک گازەکە لە درزەکانەوە دزەی کردە ناوەوە، لە ترسا هاتنە سەر شەقامەکان. لەوێش هاوڕێ و ئەندامانی دیکەی خێزانەکانیان بینی کە لە زەمەندا ببوون بە بەستەڵەک: یەکێک چەند بستێک لە پشت بێشکەی منداڵەکەیەوە داڕووخابوو، یەکێک بەستبووی لە کاتێکدا کە بۆ هەمیشە دەستی کەسێکی خۆشەویستی گرتبوو یان منداڵەکەی لە هەوای گازاوی دەپاراست، یان زۆر بە هێمنی لە پشت

سوکانی ئۆتۆمبیلەوە گیانی دەرچووبوو. هەموو ئەوانەی بەر گازەکە کەوتن دەستبەجێ نەمردن. هەندێک لەوانەی کە گازەکەیان هەڵمژیبوو، بەردەوام بوون لە گێژخواردن بە دەوری شاردا، کوێر ببوون بە گازەکە، بەدەر لە توانای خۆیان هەڵدەلەرزین، یان لەبەرئەوەی دەمارەکانیان بەدروستی کاریان نەدەکرد، ئەژنۆیان دەشکا و دەکەوتن. یەکێک لە ڕزگاربووەکان دەڵێت: "خەڵک بەسەر شەقامەکاندا ڕایان دەکرد، زۆر بە دەستەوسانی دەکۆکین. منیش دەموچاوم بە پەڕۆیەکی تەڕ داپۆشی و ڕامدەکرد...کەمێک لەولاوە پیرەژنێکی مردوومان بینی کە تازە درەنگ بوو بۆ یارمەتیدانی. بەڵام هیچ نیشانەی برینداریی یان خوێن بە لەشیەوە نەبوو. ڕووخساری سپی هەڵگەڕابوو و کەفێکی سپییش بە لالێویدا دەهاتە خوارێ." ئەوانەی کە لە بریندارببوونی سەخت ڕزگاریان بوو بەرەو سنووری ئێران ڕایان کرد. لەوێوە ڕاپۆرت لەسەر هێرشەکە بە جیهانی دەرەوە گەیشت، حکومەتی عێراقیش ئێرانی تاوانبار دەکرد.

هەر زوو هەڵەبجە وەک هێرۆشیمای کورد ناسرا. لە هێرشێکی سێ ڕۆژیدا، قوربانییەکان، گازی مەستەردیان بەسەردا کرا، کە سوتێنەرە، (دی ئێن ئەی) کە دەبێتە هۆی شێرپەنجە و شیواندنی گەشە. لەگەڵ گازی سارین و تابون، کە دەتوانێت بکوژ بێت یان کەسێک کەمئەندام بکات یان ببێتە هۆی درستبوونی نەخۆشی دەروونیی هەتاهەتایی. دکتۆرەکان گومان لەوە دەکەن کە گازی (ڤی ئێکس) و یەکەی بایۆلۆجی (ئەلفۆتاکسیۆن)یش بەکارهاوتوون. نزیکەی 5000 کورد دەستبەجێ کوژران. هەزارانی دیکە بریندار بوون. بیانوی هەمیشەیی عێراق بۆ هێرشەکانی ئەوەبوو کە ئامانجی لەناوبردنی تێکدەرانی کوردە کە پاڵپشتی ئێران دەکەن. بەڵام لە هەڵەبجە زۆربەی ئەو پێشمەرگە کوردانەی لەگەڵ ئێراندا کاریان دەکرد، ماسکیان وەرگرتبوو. خەڵکە بێچەکەکە بوو کە بێ دەرەتان مابوونەوە.

هەڵەبجە دڕندانەترین و گەورەترین شاڵاوی گاز بوو کە ژمارەی قوربانییەکانی لە هی هەموو شاڵاوەکانی دیکەی دژ بە کورد زیاتر بوو. بەڵام هەڵەبجە یەکێک بوو لە چل شاڵاوی کیمیایی کە ئەلمەجید فەرمانی کردنی دابوون. لە 3ی 5ی 1988دا عەبدولقادر عەسکەری، کارمەندی دەرمانخانە، دەنگۆیەکی بیستبوو کە هێرشی کیمایی ڕوودەدات. گوندەکەی، کە لە ناوچەیەکی دەشتایی بوو، بەجێهێشت و بەرەو ئەو گوندانە هەڵکشا کە لە نزیک لوتکەی چیاکان بوون تا دانیشتوانەکانی لە حەتمەیەتی هێرشی کیمیایی هۆشیار بکاتەوە. کاتێک کە دیتی فڕۆکەکانی عێراق بۆردومان دەکەن، بەرەو خوارەوە گەڕایەوە و چووە ماڵەوە. لەوێ پەناگەیەکی تایبەتی بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمایی دروستکرد، کەسی تری لەناودا نەبوو. دەگێڕێتەوە:

> زۆر دەترسام، دڵنیابووم کە کەس نەماوە. پەناگەکەم بەجێهێشت و چووم بۆ ئەشکەوتێکی نزیک، لەو بڕوایەدابووم کە کەسوکارم پەنایان بۆ ئەوێ بردبێت. بەڵام لەوێش کەسی لێنەبوو. کاتێک چووم بۆ لای چەمە بچکۆلانەکەی نزیک ماڵمان، دایکمم دۆزیەوە. لە نزیک چەمەکە کەوتبوو، دەمی چەقیبووە نێو قوڕەکەی قەراغ چەمەکە...دایکمم وەرگێڕایە سەر دەم دیتم مردبوو. ویستم ماچی بکەم بەڵام دەمزانی ئەگەر ماچی بکەم کیمیاییەکە بۆ منیش دەگوازرێتەوە. تەنانەت ئێستاش زۆر پەشیمانم کە دایکە خۆشەویستەکەی خۆمم ماچ نەکرد.

زۆر نیگەران بۆ ژنەکەی و منداڵەکانی دەگەڕا:

هەر لە دەوری چەمەکە دەگەڕام. لاشەی منداڵێکی نۆ ساڵی خۆمم دۆزیەوە کە ئامۆزاکەی لە ئامیز گرتبوو، کە ئەویش تا مردن هەناسەی توونگ ببوو. دوای ئەوە چوومەوە بۆ ماڵەوە. لە 200 تا 300 مەتری چوارگۆشە زەویدا لاشەی دەیان کەسم بینی، کە لەناویاندا منداڵەکانم، براکانم، باوکم و خوشکەزا و برازاکانمی تێدا بوو. هەندێکیان هێشتا مابوون، بەڵام نەمدەزانی کێ کێیە. هەوڵم دەدا بزانم کە منداڵەکان ماون یان نا. لەوکاتەدا هەستەکانم لەدەستدا. چیتر نەمدەزانی بۆ کێ بگریم، نەمدەزانی لەپێشدا بچم بۆ لای کێ. ئەو شەوە من بە تاقی تەنها بووم.

خێزانەکەی عەسکەری پێکهاتبوو لە چل کەس پێش هێرشەکە و پانزە کەس پاش هێرشەکە. پێنج منداڵی لە دەستدا، دوو کوڕ کە تەمەنیان شانزە و شەش ساڵان بوو لەگەڵ سێ کچ کە تەمەنیان نۆ و چوار ساڵ و یەکێکیان شەش مانگ بوو. لە گۆپتەپە بەگشتی نزیکەی 150 کەس کوژران. ڕزگاربووەکان مەرگی هاوڕێ، هاوسەر و منداڵەکانی خۆیان بە چاوی خۆیان دی.

کاتێک دەنگوباسی گازبارانەکان بە گوندەکانی تردا بڵاوبوەوە، کوردەکان لە ترسا دەستیان کرد بە هەڵهاتن بەر لە گەیشتنی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق. هێرشەکانی ئەلمەجید ئاشکرابوون. سەرەتا فڕۆکەکان دەهاتن و گوندەکانیان بە بۆمبی هێشوویی یان گاز بۆمباران دەکرد. ڕزگاربووەکانی ئەو هێرشانە ڕایان دەکرد. کاتێک دەگەیشتنە سەر شەقامە سەرەکییەکان سەرباز و ئاسایشەکانی عێراق کۆیان دەکردنەوە. پاش ئەوە یان گوندەکانیان تاڵان دەکرد یان دەیان سوتاند، تا هەرگیز کەس نەتوانێت تێیاندا نیشتەجێ بێت. هەندێک لە ژن و منداڵەکان دەستبەجێ کوژران، هەندێکی تر نێرداران بۆ زیندان کە لەوێ لە برسا یان بە نەخۆشی مردن. زۆربەی پیاوەکان بێسەروشوێن کران. لەو ناوچانەی سەدام حەرامی کردبوون، زۆر بە سانایی ژیانی کورد خامۆشکرا.

# بەدبینییە فەرمییەکان

واشنگتۆن بەگومانەوە پێشوازی لە راپۆرتەکانی گازباران کرد. ئەمریکییەکان ئەوەندە دژی ئێران بوون کە باوەڕیان بە سەرچاوە ئێرانییەکان نەدەکرد. کاتێک لە سەرەتای 1987دا عێراق دەستیکرد بە کیمیابارانی کورد، دوو ڕۆژنامە سەرەکییەکەی ئەمریکا نووسینی پچڕپچڕیان بڵاودەکردەوە، بەڵام هەر خێرا ئاماژەیان بەوە دەدا کە سەرچاوەی "تۆمەتبارکردن"ەکان ئێرانیین. دەگوترا کە بەغداد "دژە-هێرش"ی بردوە یان "تۆڵە"ی لە کوردە یاخیبووەکان کردۆتەوە. داپۆشینی ڕاگەیاندن بۆ هەڵەبجە سەرەتا بەم شێوەیە بوو. یەکەم راپۆرتی هێرشەکە لەلایەن ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هات، ئاژانسە هەواڵییەکانی ئەمریکاش پشتیان بە "سەرچاوە ئێرانییەکان" دەبەست، دەربارەی "چەوتییەکانی عێراق". دەرفەتێکی لەباریان بە عێراق بەخشی بۆ نکوڵیکردن. دوو ڕۆژ پاش یەکەم هێرش، کورتەهەواڵێکی واشنگتۆن پۆست نووسیبووی: "بەغداد ئەو راپۆرتانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن شەڕ بووە. دەڵێت ماوەیەک لەمەوبەر لە هەڵەبجە و خورماڵ پاشەکشێیان کردوە."

کوردەکانیش وەک هەریەک لە قوربانییە تازەکانی جینۆساید، خرانە ئەو گروپەوە کە (هێلین فین)ی لێکۆڵەر ناوی دەنێت "قوربانییە تێوەگلاوەکان". ئەگەرچی زۆربەی قوربانییەکانی جینۆساید خەڵکی سیڤیلی ناسیاسین، بەڵام سەرکردە سیاسیی یان سەربازییەکانی نەتەوە، ڕەگەزێک، یان گروپێکی ئایینی هەندێک جار بڕیار دەدەن (بۆ داواکردنی مافە بنەڕەتیەکان، بۆ خۆپیشاندان، بۆ شۆڕشی چەکداری یان تەنانەت بۆ وەشاندنی گورزی تیرۆریستیانە)، ئەمەش پۆزشێک دەبەخشێت بە تاوانباران بۆ لەناوبردن و بە تەماشاچیەکانیش بۆ چاوپۆشیکردن. جیاواز لە جولەکەی سییەکانی ئەورووپا کە هیچ هەڕەشەیەکی سەربازیی، تەنانەت سیاسیشیان، بۆسەر یەکێتی خاکی پۆڵۆنیا یان ئەڵمانیا دروست نەکردبوو (بە لەبەرچاوگرتنی کەنارگیرییان یان توانەوەیان لەناو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا)، کوردەکان دەیانویست دەربازبن: دەربازبن لە چنگی درندانەی سەدام حوسەین، بە دانپیانانی کورەدەکان خۆیان، بەیەکجاری دەربازبن لە دەوڵەتی عێراق. لەڕاستییدا کوردەکان دووجار تێوەگلابوون. نەک تەنها هەندێک چەکیان هەڵگرت و لە ڕژێمێک یاخیبوون، کە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرا، بەڵکو هەندێک دەستیان لەگەڵ ئێراندا، کە دوژمنێکی ئەمریکایە، تێکەڵکرد. بۆ ئەمریکا "گەریلا" کوردەکان خۆیان چەوساندەوەیان بانگهێشت دەکرد. وەک هاوپەیمانێکی کاتیی ئێران، هەر زوو لێکندران بەوانەوە کە بارمیتەیان دەگرت و لکێندران بە "شەیتانی گەورە"وە.

هێرشی مارسی 1988 زیاتر لەهەر کام لە قەسابخانەکانی دیکەی سەدام بووە جێگەی تێڕامان. زیاتر لەبەرئەوەی 5000 قوربانیی ژمارەیەکی گەورەتر بوو لە قوربانییەکانی دیکەی هێرشە کیمیاییەکانی سەدام. هاوکاتیش لەبەرئەوەی کە شوێنی تاوانەکە کراوەتر بوو بۆ جیهانی دەرەوە کە سەرنجی بدات. هەڵەبجە کە لەسەر سنووری ئێرانە، ڕۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان لەڕێگای ئێرانەوە توانیان بگەنە ئەو وێرانەخاکە. بەچاوی خۆیان ئەو کردارە بەربەریانەیان بینی کە لە پێش ئەو ڕووداوەدا شایانی پێشبینیکردن نەبوو. ڕۆژنامەنووسەکان توانیان، وێنەی دەگمەن و ڕاستەوخۆی دیمەنەکانی پاش-جینۆساید دەستبخەن.

ئێران کە هێشتا گینگڵی دەدا بۆ بردنەوەی جەنگەکەی لەگەڵ عێراقدا، زۆر خولیای دەکرد کە بەڵگە دەربارەی ئەو تاوانەی جەنگ پێشکەش بکات کە شایانی پشتگوێ خستن نییە. هەواڵنێرە

ئەمریکی و ئەورووپییەکان سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێرانیان کرد، کە لەوێ خۆیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەو قوربانییانەدا کرد کە پەڵە لەسەر لەشیان بوو، هەناسەیان توونە دەبوو، یان پێستیان هەڵدەوەرا. ئێرانییەکان ڕێگەیان بۆ سەردانی ڕۆژنامەنووسان بۆ هەڵەبجە خۆش دەکرد، لەوێ ڕۆژمانەنووسەکان تەرمیان دەبینی، کە سەربازە ئێرانییەکان و کوردە ڕزگاربووەکان ناشتنیان بەمەبەست دواخستبوو. لە 24ی 3ی 1988دا واشنگتۆن پۆست و لۆس ئەنجلۆس تایمز لاپەڕەی یەکەمیان بۆ ئەو ڕووداوە تەرخان کردبوو، کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی ئەمریکاش بەشداریان کرد لە داپۆشینێکی میدیایی چڕدا بۆ چەند ڕۆژی داهاتوو. ڕۆژنامەنووسەکان سەرسامبوون، کە لە پەیامەکانیشیاندا سەرسامیی بەدیدەکرا. وتارەکەی (پاتریک تەیلەر)ی واشنگتۆن پۆست، ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە: "ڕووخساری مردووە بێچەکەکان: چوار کچی بچکۆڵە لە پۆشاکی کوردیدا وەک بووکەڵەی شێوێنراو لە خوار چەمێکی بچکۆلەوە لە نزیک گوندی عەنەب ڕاکشاون، دوو ژن لە مەرگدا یەکتریان لە ئامێزگرتوە لە نزیک باخچەیەکی گوڵ، پیاوێکی پیری جامانە بەسەر لەبەردەمی ماڵەکەیدا کۆرپەیەکی نووساندوە بە سنگیەوە." بۆ جاری یەکەم بوو کە ڕووخساری کوردان نمایش دەکرا. چیتر ژمارەی ڕووتی قوربانییەکانی جەنگ نەبوون، چیتر بەتەنها "یاخیبوو" نەبوون.

کارمەندە ئەمریکییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە ناتوانن دڵنیابن لەوەی کە عێراق بەرپرسە لەو هێرشە کیمیاییە. ڕۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان، ئەوانەی کە ئەزموونێکی کەمیان لەگەڵ عێراقدا هەبوو و هیچ ئەزموونیشیان لەگەڵ کورددا نەبوو، بڕوایان هێنا. بەڵام ڕاپۆرتەکان سەیانهەڵدایەوە، تەیلەر نووسیبوی: "لەم شارەدا کە ئێستا چۆڵە، زیاتر لە سەد تەرمی ژن، منداڵ و پیاوی بەتەمەن هێشتا لەسەر جادە و کۆڵانەکان ماون. ئەمانە قوربانییەکانی ئەو هێرشەن کە ***ئێران بانگەشە دەکات کە گوایا*** سامناکترین هێرشی کیمیاییە بۆ سەر هاووڵاتیانی سیڤیل لە جەنگە حەوت ساڵ و نیوەیەکەیاندا لەگەڵ عێراق." باسەکەی نیویۆرک تایمزی 24ی 3ی 1988 لە لاپەڕە یانزەدا نێژرابوو بەناونیشانی: "ئێران، عێراق تاوانبار دەکات بە هێرشی گاز". (نیوزویک) نووسیبووی: "هەفتەی ڕابردوو ئێران هەڵێکی ترسناکی دەستکەوت ***بۆ ئەوەی دۆزەکەی خۆی بەرێتەپێش***، کاتێک ڕێگەیدا چەند ڕۆژنامەنووسێکی خۆرئاوایی سەردانی هەڵەبجە بکەن، ئەو شارەی کە هێزەکانی ئێران پاش شەڕێکی کورتی خوێناوی دەستیان بەسەردا گرت. ***بەپێی ئێران***، عێراق شارەکەی گازباران کرد پاش تێکشکانیان. ***ئێرانییەکان دەڵێن*** هێرشەکە زیاتر لە 4000 هەزار هاووڵاتی سیڤیلی کوشتوە." ئەمە فاکت نەبوو، بەڵکو ئەمە ئارگومێنت بوو، لەهەمووشی گرنگتر ئارگومێنتێکی ئێرانییەکان بوو. قوربانییەکان خۆیان توانای گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان نەبوو. ڕۆژنامەنووسەکان لە پاشهاتی ئەو تاوانە دڕندانەیەدا بەشداربوون، بەڵام تاوانەکەیان بەچاوی خۆیان نەدیبوو، لەبەرئەوە پەنایان دەگرت لە ڕاکێشانی پەنجەی تاوان بۆ لایەک. دووبارە پێداویستی سەلماندنی پێشوەخت، دەسەڵاتی ئەو ئاشکراکردنەی داپۆشی.

عێراقییەکانیش ئەوەندەی تر ئاوەکەیان لێڵکرد، بە ناردنی سەردانی تایبەتی خۆیان بۆ ناوچەکە. ڕژێمەکە نکوڵی لەو تاوانە دەکرد و یادی بیانییەکانی دەهێنایەوە کە لە کاتی جەنگدا شتی ناخۆش ڕوودەدات. هەر لە کاتی هەڵەبجەدا، باڵوێزی عێراق بۆ فەرەنسا بە کۆنگریەکی ڕۆژنامەوانی ڕاگەیاند: "لە جەنگدا کەس لەوێ نییە تا پێت بڵێت فیشەک بنێ بە خوار پشتێنەوە. جەنگ چەپەڵە." بەڵام "جەنگ" ئاماژەیە بۆ دوو یان زیاتر لایەنی بەشەڕهاتوو، هێرشە کیمیاییەکانی سەدامیش ئاراستەی کوردی سیڤیل دەکران. عێراق پەردەپۆشی ئامادەی هەبوو: کوردە یاخیبووەکان هاوشانی ئێرانییەکان

شەڕدەکەن، عێراقیش لەگەڵ ئێراندا لە شەڕدایە، هەموو کەسێکیش دەزانێت کە شەڕ توندووتیژە. تەمی جەنگ جارێکی دیکە کردەی جینۆسایدی لێڵکرد.

هەڵوێستی فەرمیی ئەمریکا هاوشێوەی هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی بوو لە ئەورووپا. بەڵام لەکاتێکدا ئەوان بەتەواویی دەمیان نووقابوو لە ئاستی هەڵەبجەدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیانێکی دەرکرد کە ڕەخنەکانی تەنها ئاراستەی ئەو چەکانە دەکرد کە بەکارهاتوون. قسەکەری کۆشکی سپی، (مارلین فیزۆتەر) بە پەیامنێرەکانی گووت: "ئێمەش لە کۆشکی سپی تەنها هەمان ئەو ڕاپۆرتانەمان بینیوە کە ئێوە دوێشەو بینیوتانە. زۆر سامناک، قێزەون و دەمارگرژکەر بوون، هەروەها دەبێت وەک وەبیرهێنانەوەیەک ببینرێن بۆ هەموو دەوڵەتان کە پێویستە چەکی کیمیایی قەدەغە بکرێت."

وڵاتە یەکگرتوەکان نە هەڕەشەی کرد و نە پێی لەسەر هیچ داوایەک داگرت. تووڕەیی ئەمریکییەکان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە لەلایەن سەدامەوە سەرچاوەی گرتبوو و لە ڕەتکردنەوەی شەرمهێنییاندا بۆ پرۆتۆکۆلی جنێڤ دژ بە چەکی کیمیایی ساڵی 1925 بەکراوەیی مایەوە. سەروتاری نیویۆرک تایمز سەرکۆنەی کیمیابارانی لەلایەن عێراقەوە کرد و داوای لە واشنگتۆن کرد کە یارمەتییەکانی بۆ عێراق ڕابگرێت، ئەگەر هێرشە کیمیاییەکان ڕانەگرێت. لە کۆنگرێس، سێناتۆر جۆرج میتچڵ بڕیارێکی بەهێزی سێناتی دەکرد، کە نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە دەربڕی بوو. جیم هۆگڵاندی واشنگتۆن پۆست، سەرکۆنەی عێراقی کردبوو بۆ ناردنی "پۆلە فڕۆکە" لەدژی خەڵکی سیڤیل. هۆگڵاند کە بەڕێکەوت لەگەڵ مەلا موستەفادا بوو لە چیاکانی کوردستان، کاتێک لە مارسی 1975دا ئەمریکا پشتی تێکردن، ئێستا تکا لە ئەمریکا دەکات کە هەموو کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر سەدام بخاتەگەڕ، بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی دیکە.

گرووپەکانی مافی مرۆڤ ژمارەیان زیاتر و ڕێزی زیاتریان هەبوو لەو کاتەی کە کوشتارەکانی کەمبۆدیا ڕوویاندا. هێلێسنکی وۆچ لە ساڵی 1978 دامەزرا، لە ساڵی 1981 ئەمریکا وۆچیشی چووە سەر، پاشان لە ساڵی 1985 ئاسیا وۆچییش دامەزرا. بەڵام سەرچاوەی پێویستی نەبوو کە میدلئیست وۆچ دابمەزرێنێت تا ساڵی 1990. لەبەرئەو هۆیە ڕێکخراوەکە پەنای گرت لە دەربڕینی بۆچوونی ئاشکرا لەسەر کیمیابارانی کورد. کێن ڕۆس، کە ئەمڕۆ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکەیە، کە 200 ئەندامیان هەیە و بودجەی ساڵانەیان 20 ملیۆن دۆلارە، ئەوکات جێگری سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکە بوو کە ژمارەیان لە دوو دەرزەن کەس تێپەڕی نەدەکرد، دەڵێت: "ئەو کاتە ئەزموونمان نەبوو، کەسمان سەردانی ناوچەکەمان نەکردبوو، لەبەرئەوە وامان هەست کرد کە شیاونییە دەستبدەینە کارێک کە نەتوانین تەواوی بکەین. ئێمە تەنها دەمانتوانی ئومێدی گەورە لای خەڵک دروست بکەین کە بەهیچ شێوەیەک توانای بەدیهێنانیمان نەدەبوو." ئەمنسیتی ئینتەرناشناڵ، بنەکی لە لەندەن بوو، هاوکات پەیوەندیی بە کوردی عێراقییەوە هەبوو، کە هەواڵی ڕۆژنامەنووسەکانیان پشتڕاست دەکردەوە. بەڵام ئەندامانی ئەمنیستی نەیانتوانی بچن بۆ عێراق. شۆڕش ڕەسوڵ، ئەندازیارێکی کوردی تەمەن سی ساڵ و ڕزگاربوویەکی ئەنفال، هەرگیز سەردانی دەرەوەی نەکردبوو، بەڵام دەیویست بزانێت بۆچی هەواڵی تاوانەکە هەرگیز بە بەشی عەرەبی بی بی سی نەگەیشت. پێیان وتبوو کە خەڵک لە خۆرئاوا بڕوا بە کورد ناکەن کە 100.000 کەس بێسەروشوێن کرابن. ژمارەکە لە ڕووت و دروستکراو دەچوو. شۆڕش هەوڵیدا ئەمە ڕاست بکاتەوە. لەنێوان مانگی دەی 1988 تا


مانگی دەی 1990، بە ناوچەكانی باكوری عێراقدا، بە دزی سوپای عێراقەوە، سەردانی خەڵكی دەكرد و چاوپێكەوتنی لەگەڵ دەیان هەزار ڕزگاربووی ئەنفالدا كرد. ناوی 16.428 كەسی كۆكردەوە كە بێسەروشوێن كرابوون. كاتێك لێكۆڵینەوە مەیدانییەكەی ڕاڤەكرد، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی كە لەنێوان 70.000 تا 100.000 كورد كوژراون. بەڵام كاتێك ئەم بەڵگەیەی دا بە لێكۆڵەرەوەی ئەمنیستی لە لەندەن، لێیپرسی: "هەر بەڕاست تۆ چاوەڕوانی ئەوە دەكەیت كە خەڵك بڕوابكات كە دەكرێت ئەو هەموو كوردە لە ماوەی ساڵێكدا بێسەروشوێن ببن بەبێ ئەوەی كەس هیچیان دەربارە بزانێت؟"

ئەمنستی وێنەی قوربانییەكانی بڵاودەكردەوە لەگەڵ ناوی ئەوانەی كە بڕوا دەكرا بێسەروشوێن كرابن. بەڵام وەك كێرت گۆرین، جێگری سەرپەرشتیاری ئەمنیستی لە ئەمریكا، دەڵێت: "كێشەكە ئەوكات و ئێستاش ئەوەبوو كە چۆن ئەندام و لایەنگرانمان كاریگەرییەكی ڕاستەقینەیان لەسەر ئەمریكا هەبێت."

كارمەندانی ئەمریكی بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە بەڵگە لەسەر بەرپرسیارێتی عێراق زۆر پتەو نییە، هەروەها "هەردوو لای" تاوانبار دەكرد. كارماندە ئەمریكییەكان هێمایان بۆ ئەو "نیشانانە" دەكرد كە گوایا ئێرانیش چەكی كیمیایی بەكارهێناوە دژی عێراق، ئەگەرچی ناچاربوون كە دانی پێدا بنێن كە بەڵگەكان جێگەی بڕوانین. وتەبێژێكی وەزارەتی دەرەوە، چالرس ڕێدمان، ڕاگەیاندنێكی گەشبین بە ئایندە و یەكسان لە لۆمەكردندای دەركرد، وتی: "داوا لە ئێران و عێراق دەكەین كە دەستبەجێ دەستبەرداری بەكارهێنانی چەكی كیمیایی ببن، كە سووكایەتیەكە بە شارستانییەت و مرۆڤایەتی." نزیكەی سێ هەفتە پاش هەڵەبجە، وتارێكی واشنگتۆن پۆست كە ئاماژەی بە وەزارەتی بەرگری دابوو نووسیبووی: "كە نمایشێكی تاك-لایەنە نەبوو." لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان، ئەمریكا ڕێگەی لە هەوڵێكی ئێران گرت بۆ وروژاندنی پرسی بەرپرسیارێتی هەڵەبجە.

نارۆشنییە ڕوكەشەكە هەرچیەك بێت، پەنابەرە كوردەكان سووربوون لەسەر ئەوەی كە بینیویانە و بەسەریان هاتوە. دەیڤد كۆرن، تایبەتمەندێكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە، كە دواتر چاوپێكەوتنی لەگەڵ دەیان كوردی ڕزگاربوو كرد، دەڵێت: "ڕاستییەكان لەبەردەستدا بوون، بەڵام تۆ هەرگیز هەموو ڕاستییەكان دەسگیر ناكەیت، ئەگەر نەتەوێت." ڕاستییەكان دەربارەی شاڵاوێكی گەورەی لەناوبردن، حاشاهەڵنەگر بوون. پەیامێكی هەواڵگریی وەزارەتی بەرگری لە ڕۆژی 19ی 4ی 1988دا ئاماژە بەوە دەدات كە "نزیكەی یەك میلۆن و نیو كورد ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاكان. نزیكەی 700 هەتا 1000 گوند و شارۆچكە بەر شاڵاوی ئەم ڕاگواستنە كەوتوون. هەروەها ژمارەیەكی گەورەی نادیار لە كورد لە ئۆردوگای تواندنەوەدا نیشتەجێن لەسەر سنووری ئوردن و سعودیە." بەڵام ئەم هەواڵە سامناكانە نەبوونە سەردێڕ. لەبەرئەوە كارمەندە ئەمریكییەكان هەرگیز پەلەیان نەكرد لە كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی بارودۆخی دانیشتوانی ئۆردوگاكان یان چارەنووسی ئەو پیاوانەی كە دەیانزانی براون. چیرۆكی هەڵەبجە وەك چۆن زوو دەرتۆقی ئەوهاش زوو خامۆش بوو، وەزارەتی دەرەوەش بەردەوام بوو لە هاوكاریی تەواوی عێراق.

# کۆکوژیی



هێرشی گاز لەلایەن عێراقەوە سەرنجی جەماوەری راکێشا، بەڵام زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا مردن، کۆکوژیی کران. کارمەندە ئەمریکییەکان بەدرێژایی 1987 بۆ 1988 دەربارەی شاڵاوەکانی عێراق زانیارییان هەبوو، ئاگاداربوون لەوەی کە ئەو پیاوانەی لەو شاڵاوانەدا دەستگیرکران بران بۆ زیندان. بەڵام ئاشکرا نییە کەی ئەم کارمەندانە لە سروتی کۆکوژییەکان ئاگاداربوون. بەرپرسێکی باڵای بەڕێوەبەریتی ڕیگان، بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە چارەنووسی کورد جێگەی نیگەرانیی ئەوان نییە، لەبەرئەوە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لەو کاتانەدا کە کوشتارەکان ڕوویاندەدا، کارمەندانی هەواڵگریی ئەمریکی هەوڵی بەدواداچوونی هەلومەرجی زیندانییەکانیان نەدابێت. چەند کوردێک کە لە گوولەبارانی تفەنگچیەکانی عیراق ڕزگاریان ببوو، دواتر هاتنە پێشەوە بۆ باسکردنی ئەو دۆزەخەی لە زیندانەکانی ئەلمەجیدا بۆیان هەڵخرا.

هەندێک لەو کوردانەی لە کاتی ئەنفالەکاندا لە ناوچە حەرامکراوەکان دەستگیرکران، لە گرتووخانەی فراوانی تۆپزاوا لە نزیک شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت فڕێدران. ڕزگاربووەکان دەڵێن، لەهەر کاتێکدا نزیکەی 5000 کورد لە تۆپزاوا زیندانیی بوون، بەڵام جێگۆڕکێ پێکردنیان زۆر خێرا بوو، کاتێک ڕۆژانە پاسەکان پڕ دەکران لە پیاو و دەبران. لە پەنجەرە تەلبەندکراوەکانەوە ژنان و منداڵان سەیری پیاوەکانیان دەکرد کە لە دەرەوە کەلەپچە کرابوون و زۆر دڕندانە لێیان دەدرا. زۆربەی کات پاش ڕۆژێک یان دوو، پاسەوانەکان لیستێک ناویان دەخوێندەوە، ئەوجا پیاوەکان کۆدەکرانەوە و ڕووتدەکرانەوە و دەخزێنرانە ئۆتۆمۆبیلە کەسک و سپیەکانەوە، کە یادی ئەمبۆلانسی دەهێنانەوە. پیرەکان (ئەوانەی لەنیوان پەنجا بۆ نەوەد ساڵدا بوون) لە پاش دەوانزە تا پانزە کاژێر ئاژۆشتن، دەبران بۆ نوگرە سەلمان و لەوێ بەجێدەهێڵران بۆ ئەوەی ئەسپێ لەو زیندانە شوراپتەوەدا تێیانبدات. ڕۆژانە چوار تا پێنج کەس بە برسێتیی، نەخۆشی یان بە لێدان دەمردن. ئەو پیاوانەی لە تەمەنی جەنگاندا بوون چارەنوسێکی ڕەشتر لەمە چاوەڕێی دەکردن.

لە مانگی 4ی 1988دا عوزێر، کرێکارێکی سەڵتی تەمەن بیستوپێنج ساڵ، لە تۆپزاوا خۆی بینیەوە، پاش ئەوەی تۆپەکانی عێراق بۆ جاری دووەم ناچار بە بەجێهێشتنی ماڵەوەیان کرد. نزیک کاتژمێر هەشتی بەیانی، عوزێر و چەند سەد کەسێکی دیکە فڕیدرانە ئۆتۆمۆبیلی داپۆشراوەوە کە پڕ

بوو لە میزی کۆن و پیسایی مرۆڤ و شەپۆلی گەرما. پاش ڕۆژێکی تەواو لێخوڕین، کاروانە نۆ ئۆتۆمۆبیلییەکەی عوزیر و ئەوان دایشکاندە سەر جادەیەکی خۆڵ، کە لە پێشیانەوە تەنها بیابان و تاریکیی بەدیدەکرا. عوزێر و پیاوەکانی تر دەیانزانی کە کۆتایی نزیکە، بۆیە دەستیاکردن بە دۆعاکردن و گریان. وەک پابەندبوونێک بە دابونەریتی ئیسلامییەوە، داوای گەردن ئازادییان لەیەکتر دەکرد. زیندانییەکان دەیانتوانی دەنگی تەقە لەو نزیکانە ببیستن، پاشان هاوار و بەدوای ئەویشدا گرمەی بیلدۆزەر. شۆفێری ئۆتۆمۆبیلەکەی عوزێر لایتەکانی پێشەوەی هەڵکرد تا پۆلیسەکان ئاسانتر بتوانن ئەو پیاوانە بکوژن کە لە پاسەکەی پێشەوەدا بوون. عوزێر و هاوزیندانییەکانی تەماشای ئەو کوردانەیان دەکرد کە دەبرانە بەر ڕووناکی لایتەکان و لەلایەن دەستەی گوولەبارانکردنەوە دەستڕێژیان لێدەکرا و فڕیدەدرانە ناو چاڵێکی تازە هەڵکەندراوەوە.

ڕووبەڕوو لەگەڵ نمایشی ڕاستەقینەی چارەنووسیان و بێتوانا لەوەی ئومێدی قوتاربوون بخوازن، پاسەکەی عوزێر و ئەوان شتێکی ناوازەیان ئەنجامدا: هەوڵیاندا بەزۆر ڕێگە لە گوولەباران کردنیان بگرن، یەکێکیان لە پاسەوانەکان بریندار کرد لە پێکداداندا. بەڵام زیندانییەکان زۆر کەمتربوون لە پاسەوانەکان کە زۆر  بە سادەیی تفەنگەکانیان تێدا خاڵی کردنەوە، دەستڕێژ پاش دەستڕێژیان لەناو پاسەکە دەکرد. عوزێر بە فیشەکێک تیغی کردبوو و لەناو کوژراوەکاندا کەوتبوو، گوێی لە هاژەی جۆگەلەی ئەو خوێنە دەگرت کە لە هەموو لایەکی پاسەکەوە دەچۆڕا. عوزێر پاشتر خۆی گەیاندە جێگەیەکی باش لە تاریکیی شەوی بیاباندا، کە نەیدەتوانی بە ڕۆشنی شتەکان ببینێت، کەوتە چاڵێکەوە کە نزیکەی 400 جەستەی شەلاڵ بەخوێنی تێدابوو. بەڵام بە چنگەخشێ خۆی گەیاندە دەرەوە و دواتر گەیشتەوە بەشە کوردییەکەی کەرکوک.

عێراقییەکان هەوڵیان دەدا کە شێوازی کوشتنەکانیان بگۆڕن، وەک دواتر میدلئیست ووچ ئاشکرای کرد:

> هەندێک لە زیندانییەکان ڕیز دەکران و لەپێشەوە تەقەیان لێدەکرا و پاشان ڕادەکێشرانە نێو گۆڕەبەکۆمەڵەکانەوە کە پێشتر ئامادەکرابوون. هەندێکی دیکە دەخرانە نێو چاڵەکانەوە و دەستڕێژیان بەسەردا دەکرا. هەندێک پێش ئەوەی بکوژرێن بە جووت ڕادەوستێنران، وەک ماسی لەقوتونراو، لەنزیک تەپۆلکەیەک لە جەستەی تازە کوژراوەوە. هەندێک پێکەوە دەبەسترانەوە و لە لێواری چاڵەکە ڕادەوەستێنران، لە پشتەوە تەقەیان لێدەکرا تا بە دەما بکەونە ناو چاڵەکەوە - پێدەچێت ئەم شێوازە بە بۆچوونی پیاوکوژەکان ئاسانتر بووبێت. بیلدۆزەرەکان بە تەنکی خۆڵ یان لمیان دەکرد بەسەر گردی تەرمدا.

لە هەندێک جێگا ژن و منداڵیش کە لە ماڵەکانیاندا گیرابوون دەکرانە ئامانج. تەیمور عەبدوڵا ئەحمەدی دوانزە ساڵ، بووە ناودارترین ڕزگاربووی کورد. لە مانگی 4ی 1988دا لەگەڵ دایک و باوک و خوشکەکانی: گێلاسی یانزە ساڵان، لەیلای دە ساڵان و سروەی نۆ ساڵان. سەربازە عێراقییەکان بەناو شارۆچکەکەیان کەوتن وخێزانەکەی ئەویان برد بۆ توپزاوا. لەوێ تەیمور خۆی بە بەختەوەر دەزانی کە لەگەڵ پیاوەکاندا زنیدانی نەکراوە. لە کونێکی بچوکی دیوارەکەوە دەیبنی کە باوکی ڕووتکراوەتەوە و بەستراوەتەوە بە نزیکترین کەسەوە لێی و لەگەڵ پیاوە بەتەمەنەکانی تردا

بردویانە. ژن و منداڵەکانی تر شەڕیان لەسەر ئەو کونە دەکرد، تەیمور لە یادیەتی کە ژن و دایک و کچەکان دەیانزریکاند و هاواریان دەکرد و لەخۆیان دەدا و لە داخا قژی خۆیان دەرنی.

تەیمور بۆ ماوەی مانگێک لە تۆپزاوا لەگەڵ دایکی و خوشکەکانی مایەوە، بە پارچە نانێک رۆژیان بەسەر دەبرد. بەیانیەک لە کۆتایی مانگی پێنجدا پاسەوانەکان کۆیانکردنەوە، ناوەکانیان بە لیستەکە بەراورد دەکرد و هاواریان بەسەردا دەکردن کە بچنە ناو پاسە کەسک و سپییەکانەوە. تەیمور لەگەڵ پەنجا تا شەست ژن و منداڵدا بوو، کە بە درێژایی پاسەکە دانیشێنرابوون. لە بێدەنگییەکی پڕوکێندا پاسەکە تا شەو بزوا، کە لە ڕێگا سێ منداڵ لە تینوان مردن. کاتێک پاسەوانەکان دەرگای پشتەوەیان کردەوە، تەیمور کە چاوبەستەکەی لابردبوو بینی کە هەر پاسێک لە تەنیشت چاڵی مەرگی تایبەت بە خۆیەوە وەستێنراوە، هەر چاڵەی پانزە پێ چوارگۆشە بوو یەک یاردیش قووڵ بوو. تۆپەڵێک خۆڵ لە تەنیشت هەر چاڵێکەوە هەڵدرابووەوە. بەرلەوەی تەیمور دەرفەتی هەبێت تێبگات لەوەی دەگوزەرێت، پاسەوانەکان فڕێیاندایە نێو چاڵێکەوە و لە دایکی و خوشکەکانی جیایان کردەوە.

کاتێک تەیمور شانی چەپی بە گوولەیەک پێکرا، هەوڵیدا بەرەو لای ئەو پیاوە بەرزبێتەوە کە تەقەی لێکرد. دەستی بۆ لای بڵندکردەوە. نیگای سەربازەکەی لەیادە کە "خەریک بوو دەگریا". تەیمور سێ ساڵ پاش ئەو ڕۆژە گێڕایەوە، کە بەشێوەیەکی میکانیکیی ئەو دێڕانەی دەگوتەوە کە فێرببوو بیانڵێت و بیانڵێتەوە: "بەڵام سەربازەکەی تر هاواری کرد بەسەریدا کە فڕێم بداتەوە ناو چاڵەکە. ناچاربوو کە فڕێم بداتەوە ناو چاڵەکە." ئەفسەرەکە فەرمانی بە سەربازەکەدا کە دووبارە تەقە بکاتەوە، کە ئەویش کردی، بۆ جاری دووەم تەیموری پێکا، ئەم جارە لەلای ڕاستی پشتی لەسەروو ناوقەدیەوە. کوڕەکە بێجووڵە لەوێدا مایەوە. کاتێک پاسەوانەکان دوورکەوتنەوە، هەستی کرد کە کچێکی منداڵ لە تەنیشتیەوە دەجولێت. "با ڕاکەین" چرپاندی، بەڵام کچەکە لە ترسی سەربازەکان ڕازی نەبوو.

تەیمور لە چاڵەکە هاتە دەرەوە و دوا ئاوڕی لە پشت خۆی دایەوە، دایکی و سێ خوشکەکەی و سێ پورەکەی بینی کە وەک کۆتەرە سەریەکنرابوون. لە گۆڕەبەکۆمەڵەکە خۆی دزییەوە، پەنای دەگرت لە لایتی لاندکرۆزەری پاسەوانەکان. کاتێک خوێن لە زامەکانیەوە فیچقەی دەکرد، لەپشت تۆپەڵێک لمەوە بێهۆش کەوت. کاتێک هۆشی هاتەوە، چاڵەکان پڕکرابوونەوە و تەختکرابوون. ڕایکرد و لەلایەن خێزانێکی عەرەبەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ پەنادرا. تەنها پاش ڕاپەڕینی 1991 گەڕایەوە بۆ کوردستان. لەوێ بیستی کە بیستوهەشت ئەندامی خێزانەکەی لە ئەنفالدا لە دەستداوە.

# جووتێک سەرکەوتنی عێراق

بڕیاردەرانی ئەمریکی و ئەورووپی بۆ ماوەیەکی درێژ بوو ڕەتیاندەکردەوە چاویان بە سەرکردە کوردەکان بکەویت لە ترسی نیگەران بوونی سەدام. بەڵام دۆزی بەناوبانگی گازبارانی هەڵەبجە و بێسەروشوێنبوون و ئەگەری کۆکوژیی کردنی سەدان هەزار کورد، ئەو بڕوایەیان لەلای جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێک لە پارتە سەرەکییەکانی کورد، دروستکرد، کە دواجار دەتوانێت گوێگرانێک لەناو سیاسییەکانی خۆرئاوادا بەدەستبهێنێت. لە مانگی شەشی 1988دا، جەلال تاڵەبانی تەمەن پەنجاوپێنج ساڵ کە پێشتر پارێزەر و ڕۆژنامەنووس بوو، بڕیاریدا کە بەختی خۆی تاقیبکاتەوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پاش هەشت ساڵ بۆ یەکەم جار بەجێهێشت. سەفەری لەندەنی کرد، لەگەڵ لەتیف ڕەشید نوێنەری حیزبەکەی لەوێ، سەریان بەسەر کۆپیەکی جاڕنامەی جینۆسایددا داژەنی. لەتیف ڕەشید، دەڵێت: "دەمانزانی کە جینۆساید چەمکێکی زۆر هەستیارە، ئێمەش ویستمان دڵنیابین کە بەشێوەیەکی دروست بەکاریدەهێنین." پاش خوێندنەوەی دەقەکە و گفتوگۆ لەسەر چەمکەکانی و پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ فاکتەکانی ئەنفالدا، تاڵەبانی بەئاشکرا ڕایگەیاند کە عێراق "شاڵاوی جینۆساید دژی گەلەکەمان بەڕێوەدەبات لەڕێگای بەکارهێنانی ڕۆژانەی گازی ژەهراوییەوە."

چەند هەفتەیەک پاش ئەوە تاڵەبانی سەردانی واشنگتۆنی کرد. لەوێ بانگەشەی ئەوەی کرد کە عێراق تەنها لە ساڵی ڕابردوودا. زیاتر لە 1000 گووندی خاپوور کردوە، هەروەها باسێکی سامناکی دەربارەی شاڵاوەکانی گاز پێشکەش کرد. لە قاتێکی خەتدار و بۆینباخێکی نەخشیندا، وێنەی کوردی یاخیبووی شەرواڵ لەپێ و فیشەکدان لەقەدی بەرجەستە نەدەکردەوە. تاڵەبانی ئاگاهیەکی سیاسی زیاتری هەبوو لەوەی چاوەڕوان دەکرا، وریایانە و بە ئاماژە بەردەوامەکانی دەستی دۆزی جینۆسایدی سەدامی وەک دیاردەیەکی مێژوویی دەگمەن ناساند. بە (ئێلەین سۆجیلینۆ)ی نیویۆرک تایمزی گووت: "بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا حکومەتێک چەکی کیمیایی لە دژی هاووڵاتییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، لەکاتێکدا کە لە بەرەکانی جەنگدا نەبوون." هاوکات بەرگری لە هاوپەیمانێتی هێزەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا کرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە "کاتێک تۆ ڕووبەڕووی شەڕێکی جینۆسایدیی دەبیتەوە، ئەرکی سەرشانتە کە بجەنگیت بەهەر ڕێگایەکی شیاو."

لاری پۆپ، بەرپرسی نووسینگەی عێراق-ئێران لە وەزارەتی دەرەوە، هاوڕابوو لەگەڵ سیاسەتی بەڕێوەبەرێتی ڕێگان بۆ هاوکاریی لەگەڵ عێراقدا. بەڵام بە دیمەنەکانی هەڵەبجە هێندە بێزار ببوو، کە ڕای وابوو، پێوستە ئەمریکا نیگەرانیی خۆی بۆ عێراق بە پێشوازییکردن لە تاڵەبانی لە وەزارەتی دەرەوە دەرببڕێت. ئەمەش واتای پشگوێخستنی ئەو "بێباکییە خود-سەپێندراوە" بوو کە لە مێژبوو داوای دەکرد کە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ کورددا نەکرێت لەسەر موڵکی ئەمریکی. تاڵەبانی بەم پێشوازییە زۆر خۆشحاڵ بوو. لەگەڵ پۆپدا بۆ ماوەی یەک کاتژمێر پێکگەیشتن لە ژێرزەمینەکەی وەزارەتی دەرەوە کە بە بنەبانی/ژێرزەمینی تەماویی (foggy bottom) ناسراوە. یەکەم ڕەنگدانەوەی توورە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن سەرۆک کۆماری تورکیا (کەنعان ئەڤرین)ەوە بوو، کە لەوکاتەدا لە واشنگتۆن بوو بۆ بینینی وەزیری دەرەوە (شۆڵتز). ئەڤرین، سڵی لەوە دەکردەوە هەر پاڵپشتییەک کە بە کوردەکانی عێراق بدرێت، دەبێتە هۆی چالاککردنی 10 ملیۆن کوردی تورکیا، بەم دیدارە بوو بە فیشەکە شێتە. شۆڵتز هیچی دەربارەی دیدارەکەی تاڵەبانی-پۆپ نەدەزانی و پێیداگرت لەوەی زانیاریی پێبدرێت: "ئەمە بیرۆکەی دۆزەخیی کێ بووە؟" عێراقییەکانیش، وەک شتێکی چاوەڕوانکراو، توورەبوون. وەزیری دەرەوەی عێراق، تارق عەزیز،

دیدارە چاوەڕوانکراوەکەی بۆ بینینی شۆڵتز ڕەتکردەوە، ئەمریکاشی بەوە تاوانبارکرد کە دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆی عێراق. عێراق زیاتر بە پێچوپەنا و گۆڕینی ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا نیگەران بوو. وەزارەتی دەرەوە ڕاگەیاندنێکی ئاشکرای بڵاوکردەوە بۆ هێورکردنەوەی عێراق: "ئەمریکا دەست وەرناداتە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەوە کە کەمینەی کوردیان هەیە." پۆپ سەرکۆنەکرا و ئەمریکاش جەغتی لەوە کردەوە کە چاوی بە سەرکردە کوردەکان تەنها لە دەرەوەی فەرمانگەکانی ئەمریکادا دەکەوێت. لەتیف ڕەشید دەڵێت: "لەسەرەتادا پێشوازییەکی گەرممان لێکرا خەڵک زۆر گرنگی پێدەداین. بەڵام لەناکاو، لە شەو ڕۆژێکدا، دەرگاکان بەڕووماندا کڵۆمدران و ئێمەش دەرکراین." لەکۆتاییدا پۆپ بڕوای وایە کە کردارەکەی، وێڕای ئەوەی تووڕەیی دروستکرد، "لەجیاتی ئەوەی پەیامی نیگەرانیی بنێرێت بۆ عێراق، پەیامی ئەوەمان نارد کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق و تورکیا گرنگترە لە هەموو ئەو شتانەی سەدام لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا دەیکرد."

تاڵەبانی زوو ئاشنابوو بە بەهای پەیوەندیی عێراق بۆ ئەمریکا. سەرەڕای ئەوەش سەردانەکە هەندێک سوودی بەخشی. چەند ئەندامێکی کۆنگرێسی ناسی و بۆ یەکەم جاریش بوو کە بە گاڵبرێس ئاشنابوو. هەروەها یارمەتیدا بۆ دەرچوونی بڕیارەکەی سێناتۆر میتچڵ بۆ سەرکۆنەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمایی کە لە 24ی 6ی 1988دا بە کۆی دەنگ دەرکرا. بەڵام چونکە بڕیارەکە هیچ سزایەکی لەخۆ نەگرتبوو، سەدام دەستی نەپاراست، لەبەرئەوەش کە دەیتوانی دڵنیابێت لەوەی کە کۆشکی سپی لەپشتە. لە مانگەکانی شەش و حەوتدا عێراق لە هەموو ناوچەکانی کوردستان چەندین هێرشی کیمیایی دیکەی کرد.

ئەمریکا بەدرێژایی 1987-1988 هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی بۆ دانانی ئابڵۆقەی چەک لەسەر ئێران چڕەکردەوە. هەروەها هاوکاریی بەردەوامی عێراقی دەکرد. ئەگەرچی چەکی بە بەغداد نەدەفرۆشت، ئەمریکا زانیاریی سیخوڕیی و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی جووڵەی فڕۆکەکانی ئێرانی بە بەغداد دەبەخشی، کە بەشێک لەو زانیارییانە دەربارەی ئەو زیانانە بوون کە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق لە ئێرانیان دەدا لەگەڵ ڕاپۆرت دەربارەی جووڵەی هێزەکانی ئێران. تا ئەندازەیەکی زۆر بەهۆی ئەم هاوکارییانەی ئەمریکاوە، عێراق ئاراستەی شەڕەکەی لەگەڵ ئێراندا گۆڕی. پێدەچوو ئێران بە زەقکردنەوەی هێرشە کیمیاییەکانی عێراق هەڵەی کردبێت. چونکە لەجیاتی وروژاندنی هەستی جەماوەر، بەڵگەی ڕزگاربووەکانی کیمیاباران زۆرێک لەوانەی پێدەچوو خۆبەخشانە بچنە ڕیزەکانی سوپاوە ترساند و لە خۆبەخشین پاشگەزبوونەوە. خومەینی لە مانگی 7ی 1988دا، بە ئاگربەست قایل بوو. ڕادیۆی تاران بەیاننامەیەکی بەناوی خومەینیەوە خوێندەوە کە ئاماژەی بە ڕۆڵی کاریگەری گازی ژەهراوی دەدا. ئایەتوڵا وتی: "کە دانی ئەم بڕیارە زۆر سەختتر بوو لە خواردنەوەی ژەهر. من کەرامەتی خۆمم فرۆشت. ژەهری دۆڕانم نۆشی." زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز و سیڤیل لە هەردوولا لەکاتی جەنگەکەدا کوژران. تاکە یەک بست زەمین دەستگۆڕکێی پێوە نەکرا.

لە 20ی 8ی 1988دا ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزاکرد کە کۆتایی بە جەنگە خوێناوییەکەیان هێنا. سەرەڕای وێنە تیژەکانی هەڵەبجە و گرنگیدانی کاتیی خۆرئاوا بە کورد، چەوسانەوەکەیان درێژەی کێشا و گرنگییدانی جەماوەریش ڕەویەوە. بەدرێژایی ئەو هاوینە ئەلمەجید درێژەیدا بە شاڵاوە بێبەزەییەکانی لە کۆی کوردستاندا، هەر کەسێک لە ناوچە حەرامکراوەکان بمایەتەوە دەستگیر دەکرا. لە 25ی 8ی 1988دا عێراق هێرشێکی نوێی دەستپێکرد بۆسەر گوندە کوردییەکان، بە بەکارهێنانی

فڕۆکەی جەنگی، کۆپتەر و تانک و هەزاران سەبازی عێراقی. ئەم شاڵاوە "دوا" شاڵاوی ئەلمەجید بوو لە کەمپەینە شەش مانگیەکەی ئەنفالدا.

پاش پشتگوێخستنی هێرشەکانی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ، فەرمانبەرە ئەمریکییەکان ناچاربوون کە ئەم شاڵاوەیان لەبەرچاو بگرن. ڕانکین، کە ئەوکات لە باڵوێزخانەی ئەمریکی بوو لە عێراق، لە یادیەتی کە کاردانەوەی چۆن بوو بۆ ئەم هەواڵانە:

> ئێمە لە باڵوێزخانە بڕوامان وابوو، کە لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی عێراق-ئێراندا، سەدام هەوڵی ڕزگارکردنی وڵاتەکەی و دانیشتوانەکەی لە بەدبەختی دەدات، کە بۆ ماوەیەکی زۆر چەرمەسەرییان چەشتبوو. بە خۆمانمان دەگوت ئەگەر سەدام چیتر ناچار نەبێت شەڕی ئیران بکات، ئەوا دەبێتە ئەو پیاوەی کە ئێمە دەمانخواست کە ببێت. بەڵام کاتێک کە ئاگربەستی لەگەڵ ئێراندا مۆرکرد، پاشان گازبارانی کوردەکانی کرد، دەمامکەکەی لە دەستدا. ئاشکرابوو کە ئەو هەرگیز ناتوانێت ئەو پیاوە بێت. سەدام دڕندە بوو. ئەم هێرشانە هیچ پەیوەندییەکیان بە هەڕەشەی ئێرانەوە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی نەبوو. تەنها پەیوەندییان بە کوشتنی کوردەوە هەبوو.

زانیاریی بەرفراوان دەربارەی دوا شاڵاو دژی کوردەکان فەراهەم بوو. دوو ڕۆژ پاش دەستپێکردنی، نیویۆرک تایمز، ڕاپۆرتێکی نووسیبوو کە لە کۆتایی مانگی حەوتدا عێراق نزیکەی 20.000 سەربازی تایبەتی ناردوە بۆ باکور، ئاماژەشی بە وتەی تایبەتمەندێکی ناوچەکە دابوو کە وتبووی: "ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراق دەخوازێت هەموو کارەکە تەواو بکات." لە 1ی 9ی 1988دا لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بەدرێژی باسی لە بردنی 60.000 سەرباز بۆ باکور کرد، سەردێڕەکەی دەڵێت: "عێراق دەستیکردوە بە شاڵاوێکی بەرفراوان بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی یاخیبوونێکی 40 ساڵە." میدیا داپۆشینێکی ڕاگەیاندی زێدەتری بۆ ئەم شاڵاوە تەرخانکرد، وەک لەوانی پێشووتر، چونکە زۆر بە خێرایی بووە هۆی ئاوارەبوونی نزیکەی 65.000 کەس بۆ تورکیا. حکومەتی تورکی زۆر دڵخۆش نەبوو بە شێوانی ناوچەکە و لافاوی پەنابەران، بەڵام پێگەی لەسەر سنوورەکان بۆ پەنابەرەکان کردەوە و ڕازی نەبوو بە پرۆسەی ناردنەوەی دەستبەجێی ئەوانەی عێراق داوای دەکردن، ئەم پرۆسەیە پێشتر لەنێوان تورکیا و عێراقدا کاری پیکراوە بۆ ڕادەستکردنەوەی یاخبووەکانی ناو خاکی یەکتر. پەنابەرە کوردەکان هەمان ئەو شتەیان کرد کە پەنابەرە کەمبۆدییەکان پێشتر کردیان: کۆی چیرۆکەکانیان بۆ ڕۆژنامەنووسەکان دەگێڕایەوە، کە ئازادانە دەیانتوانی بچنە باشوری تورکیا. ئەم چیرۆکانە دەستبەجێ سەرنجی گاڵبرێسیان ڕاکێشا و پاشان هی وەزیری دەرەوە.

# جینۆساید



لەپاش مارسی 1988 و ئاشنابوون بە هەڵەبجە، گالبریس بەردەوام چاودێریی هەواڵە خراپەکانی دەکرد کە لە باکوری عیراقەوە دەگەیشتن. هیچ گومانێک نەبوو کە کردارەکانی ئەم دواییەی سەدام پێشنیاری درندایەتییەکیان دەکرد کە نیازی خراپی هەبوو بەرامبەر بە گەلی کورد. خاپوورکردنی گوندە کوردییەکان، بێسەروشوێنکردنی بەربڵاوی پیاوی کورد (لەگەڵ ئەگەری کوشتن) و هێرشە کیمیاییە ئاشکرا و بەردەوامەکانی سەدام. گالبریس دەستیکرد بە لێپێچینەوە دەربارەی ئەوەی کە ئایا سەدام جینۆساید ئەنجام دەدات.

گالبریس هەندێک لۆجیکی ناوەکیی لە بەشەکانی کەمپەینەکەی سەدامدا بەدیکرد. لەو بڕوایەدا بوو کە دیکتاتۆری عێراقی هێزی تەواوی سوپاکەی بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا کە دەزانێت شالاوی بەتینتر بۆ سەر کورد، لە دڵسۆزی سوپاکەی دڵنیای دەکات و ڕیگەدەدات کە ئابوری ناوخۆ چالاک بکات.

لە سەردانەکەی ساڵی 1987ی گالبریس بۆ عێراق گوندی وای بینی خاپوورکرابوون، کە ئێجگار دووربوون لە سنووری هەستیاری ئێرانەوە. دەشیزانی کە ژن و منداڵیش دەبن بە تۆڕەکانی ئەلیمەجیدەوە. هەموو کورد لە گوندەکانی کوردستان، لەژێر هەڕەشەدا بوون، بەدەر لە لایەنگریی سیاسییان. دڵسۆزیی بۆ ڕژێمی بەغداد هیچ پارێزگارییەکی دەستەبەر نەدەکرد، وەک جاشە کوردەکان، ئەوانەی کە کاریان بۆ حکومەتی عێراق دەکرد، بۆیان دەرکەوت. لە کۆبوونەوەیەکدا لە ساڵی 1987، ئەلیمەجید بە جاشێکی وت: "ناتوانم گوندەکەت وێران نەکەم...بە کیمیایی لێیدەدەم. ئەوجا تۆ و خێزانەکەت دەمرن."

بەڵام لەگەڵ هیرشی مانگی هەشتی سەدامدا، کە پاش شەڕی ئیران دەستپێکرد، گومانە بەدەکانی گالبریس دروست دەرچوون. لە 28ی 8ی 1988دا لە کۆتایی هەفتەدا کە یادی ڕۆژی کرێکاران بوو، کاتێک گالبریس لە (ڤێرمۆنت) پشووی دەدا، ڕاپۆرتێکی نیویۆرک تایمزی بەرچاوکەوت کە لە لاپەڕە پانزەدا نێژرابوو. ڕاپۆرتەکە بە ناونیشانی: "بانگەشەی هێرشی زیاتری کیمیایی،" باسی ئەو کوردە عێراقییانەی دەکرد کە بۆ ناو خاکی تورکیا هەڵهاتوون و بانگەشەی بەکارهاتنی چەکی کیمیایی دەکەن. گالبریس ئەژنۆی شکا، کاتێک دیمەنی ژیانی خاپوورکراوی کورد ڕژانەوە مێشکیەوە.

هەمان ئەو شەست و سێ وشەیەی دووبارە و دەبارە خویندەوە، ئەو هەواڵانەی هەڵدەگووشی کە لەوانەیە کەوتبنە نێوان دێڕەکانەوە.

گالبرێس، دڵنیابوو کە راپۆرتەکانی هێرشی کیمیایی راستن. ئەگەرچی نەیدەتوانی بە دروستی فراوانیی ئەو شاڵاوە دڕندانەیەی گازباران، کوشتن و ڕاگواستنی بەردەوام بزانێت، بەڵام بڕوای وابوو کە ڕژێمی سەدام نیازی لەناوبردنی کوردەکانی عێراقی هەیە. واتا دۆزەکە جینۆساید بوو.

> ئەوە تەنها یەکێک بوو لەو ساتانەی ددانپیانان. من دەمزانی کە ڕاستە...دەمزانی کە هەرگیز ناتوانین بەتەواوی دڵنیابین کە سەدام دەیویست کورد لەناوبەرێت، بەڵام هەرگیزیش لەوە زیاتر دڵنیا نابین.

جیاواز لە تەماشاکەرانی کەمبۆدیا لە کۆتایی حەفتاکان یان لە زۆربەی ئەوانی لەو کاتەدا لە واشنگتۆن چاودێری عێراقیان دەکرد ، گالبرێس دەیزانی کە بەپێی جارنامەی جینۆساید، نیازی (intention) لەناوبردنی دوا کوردی عێراقی شتێکی پێویست نییە. کارکردنی بۆ سێناتۆر پێڵ، یەکێک لە هاوکارانی (پرۆکسمایەر) بۆ هاندانی ئەمریکا بۆ مۆرکردنی جارنامەکە، گالبرێس لە زۆربەی ئەو بیمانایییانەی یاسا تێگەیشتبوو دەربارەی چەمکی "لەناوبردن". نووسینەکانی (لیمکین)ی خویندبووەوە لەگەڵ مێژووی دارشتنی جارنامەی جینۆساید، دەشیزانی کە پێویست ناکات تاوانبارێک تاوانی گەورە، لە چەشنی هۆلۆکۆست ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بە جینۆساید تاوانبار بکرێت. کاتێگۆرییەکانی جینۆساید زۆر بەنرخبوون، چونکە ڕاڤەی نیازی بەردەوام و تایبەت دەکات، لەکاتێکدا هۆلۆکۆست باس لە ساتێکی دڕندانە دەکات کە ڕوویداوە. گالبرێس دەڵێت: "ئەم شتانە دەگۆڕێن. هیتلەر، کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست لە ساڵی 1933، پلانی نەبوو کە هەموو جولەکەکانی ئەوروپا لەناوبەرێت. شەیتان شەیتان دروست دەکات." هەردووک سەدام و هیتلەر ئایدۆلۆگی فاشیست بوون، ئامانجیان لەناوبردنی ئەو گروپانە بوو کە ڕقیان لێیان بوو، یان بەپێی بڕوای خۆیان، هەڕەشە بوون. بێگومان نیازەکانی سەدام سنووردارتر بوون لەوانەی هیتلەر. تەنها کوردەکانی "ناوچە حەرامکراوەکان" کە تا ئەو کاتە دەستنیشان کرابوون بۆ لەناوبردن. بەڵام گالبرێس بڕوای وابوو کە ئەو ملیۆن یان زیاترەی کوردی بەغدادیش لە داهاتوودا دەکرێنە ئامانج: "لەکاتیکدا کە شاڵاوەکانی لەناوبردن لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستان و شارە بچوکەکاندا چڕکراونەتەوە، من هزرم دەکرد کە لۆجیکی ئەم پرۆگرامە لەوانەیە بە لەناوبردنی کۆی کوردی عێراق کۆتایی بێت."

گالبرێس بەپەلە خۆی گەیاندەوە واشنگتۆن، تا کۆنگرێس لە دۆزەکە ئاگادار بکاتەوە. زانیارییەکی زۆری هەبوو دەربارەی یاساکەی لێمکین، بەڵام هیچی ئەتۆی دەربارەی لۆبیکردن نەدەزانی. سەرەڕای ئەوەش گالبرێس لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، دەقێکی نوێی دارشت و دەستیکرد بە چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ کردنی بە یاسا، بە بەکارهێنانی هەموو داناییەکانی لێمکینی پۆڵەندی.

# کاردانەوە

## سزادانی سەدام



کاتێک هەواڵی هێرشەکەی مانگی هەشت بڵاوبووەوە، بەڕێوەبەرێتی ڕیگان چەند هەڵاوێردێکی لەبەردەمدا بوو. دەیتوانی ئەو شاڵاوە نوێیانەی هیرشی گاز سەرکۆنە بکات. دەیتوانی پێی لەسەر ئەوە دابگرتایە کە هاوپەیمانەکەی دەستی لە وێرانکردنی گوندە کوردییەکان هەڵبگرتایە. دەیتوانی داوای بەردانی ئەو ژن و پیاوانەی بکردایە کە لە شاڵاوەکانی پێشوتردا بێسەروشوێن کراون. هەروەها دەیتوانی هەڕەشەی کەمکردنەوەی هەندێک لەو یارمەتییانەی بکردایە، کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا پێشکەش بە عێراق دەکران و هەر لە زیادبووندابوون.

چونکە کۆنگرێس کۆنترۆڵی زنجیری جزدانەکەی دەکرد، گاڵبرێس دەیزانی کە یاسادانەران کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی توانا ئابوورییەکانی ئەمریکا لە دەرەوە. هاوکارانی سێناتۆرەکان نەیاندەتوانی بۆ میدیا بدوێن. نەشیاندەتوانی وتار بەناوی خۆیانەوە بڵاووبکەنەوە. بەڵام بە پاڵپشتیی سێناتۆرێکی بەتوانا، دەیانتوانی شتی زۆر لەوانە کاریگەرتر بکەن: دەیانتوانی یاسای ئەمریکی دابڕێژن، زۆربەی یاساکانی ئەمریکا لەلایەن باڵی بەڕێوەبردنەوە پێشنار دەکرێن. زۆری دیکەش لەلایەن کارمەندانی نوێنەران و سێناتۆرەکانەوە دادەڕێژرێن، بەتایبەتی کارمەندی کۆمیتەکان. پاش کارکردنی بۆ سێناتۆر پێڵ بۆ زیاتر لە دە ساڵ لە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکان، گاڵبرێس دەیزانی کە سیناتۆر پێڵ، کوڕی یەکێکە لە نێرداراوەکانی بەڕیوەبەرێتی ڕۆزڤێلت بۆ کۆمسیۆنی هاوپەیمانان بۆ تاوانەکانی جەنگ، دەخوازێت کە یاسایەکی ئەمریکی هەڵوێست وەربگرێت. لەمەدا ڕاست بوو.

پاش پشێوی مانگی هەشت، لە 7ی 9ی 1988دا سێنات دەستیکردەوە بەکار بۆ دوا هەفتەی ئەو ساڵە. لەسەر داوای سەرکارەکەی، گاڵبرێس لە ماوەی کاتژمێرێکدا دەقێکی نووسی، بە ئینگلیزییەک کە هەموو بتوانن تێیبگەن (بەهەرەیەک کە زادەی خۆ پەنادان بوو لە خوێندنی یاسا). بەڵام ئەم پرۆسەیە قووڵبوونەیەکی فرەلایەن نەبوو. گاڵبرێس لە یادیەتی: "هەموو ئەو ڕستانەم کۆتایی پێهێنا کە لەیادم بوون." بێگومان دەقەکە سزای توندتری لەوانە لە خۆگرتبوو کە بەسەر باشوری ئەفریقای ئاپارتایدا سەپێنران. پاکەتی سزاکان ڕێگەی لە ناردنەدوەرەی نەوتی عێراق دەگرت، کە

ساڵانە بایی 500 ملیۆن دۆلار بوو، ئامۆژگاریی کاربەدەستانی ئەمریکی دەکرد کە دەنگ لە دژی قەرزدان بدەن بە عێراق لە (هاوکاری دارایی نێودەوڵەتی) و (بانکی جیهانی)، لابردنی نیو بلیۆن دۆلار هاوکاریی ساڵانەی یەکەی کشتوکاڵی بۆ کڕینی دانەوێڵەی ئەمریکی بە عیراق لەگەڵ لابردنی ئەو 200 ملیۆن دۆلارە ساڵانەیەی لەلایەن ئەمریکاوە دەدرا بە عێراق بۆ ناردنەدەوە و هێنانەناوەوەی کەرەستەی پیشەسازیی، هەروەها ڕێگەی ناردنەدەوەی لە هەموو ئەو ماددە هەستیارانە دەگرت بۆ عیراق کە پێویستیان بە مۆڵەتی تایبەتیی هەیە (وەک، تەکنەلۆجیای هەستیار یان هەر کەرەستەیەک کە بۆ بەکارهێنانی سەربازی بشێت).

یەکێک لە بوێرترین سیماکانی دەقەکە مرۆڤانەترینیشیان بوو. لەجیاتی ئەوەی داوا لە سەرۆک کۆمار بکات کە ددان بەوەدا بنێت کە جینۆساید ئەنجامدراوە، کە هەمیشە سەختە بکرێت لەکاتێکدا کە تاوانەکان بەردەوامن و بۆ بەرپێوەبەرێتییەک کە لەگەڵ سەدامدا هاوپەیمان بوو هیچ هاندانێک نەبوو کە ناچاری بکات بیکات، یاساکەی پێڵ ئەرکەکەی پێچەوانە کردبوەوە: سەرۆک ڕیگان داوای لێکرابوو کە بڵێت عێراق چەکی کیمیایی بەکارنەهێناوە لە دژی کورد هەروەها جینۆسایدی ئەنجام نەداوە. ئەگەر ڕیگان بیویستایە کە پەنا لە سزادانی عێراق بگرێت، دەبوایە بەشێوەیەکی بەڵگەدار پارێزگاریی لە کردارەکانی عێراق بکات.

سێناتۆر پێڵ داوای لە ئەندامی شارەزای کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکان، جێز هێڵمس، کرد کە پاڵپشتی دەقە یاساییەکە بکات، ئەویش کردی. هێڵمس، لەدژی پێڵ و پرۆکسیمایەر کاری دەکرد دەربارەی چارنامەی جینۆساید، بەڵام زۆربەی کات لە دژی ڕژێمە درندەکان هەڵوێستی وەردەگرت. ئەم جارە خۆی و ژنەکەی کاریگەر بوون بە دیداری سێ کورد کە مانیان لە خواردن گرتبوو لە دژی تاوانەکانی عێراق، کە لە ڕێگای کەنیسەکەیانەوە پێکناسێنران، یەکەم کەنیسەی باپتیست لە ئەلیکزاندریا، ڤێرجینیا. چوار سێناتۆری دیکە: پرۆکسیمایەر، ئال گۆر، وێندێڵ فۆرد لەگەڵ سەرۆکی زۆرینەی سێنات ڕۆبەرت بێرد، کە گوێبیستی دەقە سەرەتاییەکە بوو پاشان بەشداری کرد لە ناساندنی. پێڵ و هێلمس توانیان کە دەقەکە بە گەرمیی بناسێنن، بە تێپەڕبوون بەسەر کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، کە دوا کۆبونەوەی ساڵانەی خۆی گرێدابوو. ئەمەش هیچ کاتێکی بۆ کارمەندان و سێناتۆرەکان فەراهەم نەکرد کە ڕاڤەی دەقەکە بکەن. گاڵبرێس دەقەکەی ناونابوو "یاسای بەرگرتن بە جینۆساید"، ناونیشانێک کە ئەو پێیوابوو دەنگدانەوەی دەبێت. گاڵبرێس دەڵێت: "ناونیشانێکم دەویست کە سەرنج بۆ ئەو تاوانە ڕابکێشێت کە بەردەوامە و پشتگیریی بۆ دەقەکە کۆبکەمەوە." هاوکات وای دارشتبوو کە ئەگەری خوێندنەوەی لەلایەن سێناتۆرەکانەوە کەمتر بێتەوە. ئەگەر دەقەکەی ناوبنایە "یاسای سزاکانی عێراق" دەیزانی کە لۆبیەکانی بازرگانیی ئەمریکی دەیانخوێندەوە و دژایەتیان دەکرد. لەوەش زیاتر بەبۆنەی ئەو "دەنگدانەوە مۆراڵییە"ی ناونیشانەکە، سێناتۆرەکان گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە دەقەکە، وەک زۆری تری هاوشێوە، تەنها ڕاوێژکارییە.

شتێک بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە بەرژەوەندی گاڵبرێس کاری دەکرد. لە مانگی چواری 1987ەوە سەدام بەردەوام بوو لە کوشتنی کورد بە بەکارهێنانی چەندین چەکی جیاواز. بەڵام ئەو شاڵاوەی دوایی کە چەکی کیمیایی تێدا بەکارهاتبوو، کە زۆر فراوانتر و نامرۆڤانەتر خەڵکی دەکوشت وەک لە چەکی ئاسایی، سەرنجی یاسادانەرە ئەمریکییەکانی ڕاکێشا. ئەمریکییەکان لە وڵاتێکدا گەورەبوون کە تەنها یەک جار لە سەدەی بیستەمدا لێیدراوە، کاتێک باس لەو کۆکوژیانە دەکرا کە لە جێگەی تر ڕوویانداوە، هەستیان بە هەڕەشە نەدەکرد. پێش 11ی سێپتەمبەری 2001، زۆربەی

ئەمریکییەکان پێیانوابوو کە کوشتاری بەرفراوانی خەڵکی سیڤیل تەنها لە دووری چەندین کیلۆمەترەوە ڕوودەدات. بەڵام چەکی کیمیایی جیاواز بوو. ڕووچووبووە نێو هۆشیاریی ئەمریکییەوە کە ئەم چەکانە ڕێز لە ڕیزبەندیی نەتەوەکان ناگرن و گوێ بە پەراویزبوونی جیۆگرافیش نادەن. بەدەر لە ئەستوریی توانای پارێزگاریی سوپای ئەمریکا، گاز دەتوانێت دزە بکاتە ناوەوە. سامناکیی گاز بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1915دا، چووە نێو خەیاڵدانی خۆرئاواییەکانەوە، کاتێک سەربازە بریتانییەکان بوونە قوربانی ئەوەی چێرچڵ ناونیا "ژەهرێکی دۆزەخئاسا" لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە. لە پێکدادانی (یاپریس) لە بەلجیکا، ئەم گازانە 10.000 یان بریندار و 5.000 یان کوشت، کە دواتر کۆمەڵێک هێرشی تری گازی بەدوای خۆیدا هێنا لەملاوە لە دژی ئەولا کە 10.000 کەس تییاندا کوژران. گازەکە بڵق (یان لیر)ی لەسەر پێست دروست دەکرد و سییەکانی دەسووتاند. مەرگ زۆر هێواش بوو، دوا ڕۆژی ژیان ترسناک بوو. شاعیری بریتانی (ویلفۆرد ئۆوین)، کە خۆشی ببووە قوربانی گازەکە، ژیانی سامناکی نێو سەنگەرەکان ژیا و لەگەڵ خۆیدا بە درشتی هێنایەوە بۆ بریتانیای پاش جەنگ لە شێوەی شیعردا. شاعیر وەسفی "دیمەنی دەستەوسانی" دەکات، کە سەربازە پێکراوەکان، "خامۆش دەبوون، هەناسەیان توونددەبوو، نغرۆ دەبوون،" هەروەها "کەفاوی سییە دارزیوەکانیان لە دەمیان ڕادەدا." چەند دەیەیەک پاشتر، وشەکانی ئۆوین وەک ڕاستییەک دەمێننەوە دەربارەی ئەو ماددانەی دەبێت قێزمان لێیان بێتەوە و ئەو چەکانەی کە دەبێت قەدەغە بکرێن. گازباران لەوانەیە تووشی ئێمەش بێت، چونکە پێشتر ڕوویداوە، چونکە قوربانییەکانی گازباران، زانایان و هونەرمەندان زانیاریی تەواویان تۆمار کردەوە لەسەر ڕشانەوە، سووتان، هەناسە توونددبوون، نغرۆبوون و هەڵوەرینی بەرکەوتوەکان بە چەکی کیمیایی.

سێناتۆرە ئەمریکییەکان دەیانزانی کە دەستخستنی چەکی کیمیایی لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆر ئاسان بووە. چەکی ناوەکیی، پێویستی بە پلاتۆنیۆم یان یۆرانیۆمی زۆر پیتێنراو هەیە، کە تەنها چەند فرۆشیارێکی هەبوو، هاوکات زانیاریی باڵای کیمیایی و ئەندازیاریی دەخواست بۆ گۆڕینی ماددە پەرتبووەکان. لە بەراوردا چەکی کیمیایی، هەرزانە و دەڵێن گوایا تەنها پێویستت بە گەراجێک و لابۆری قوتابخانەیەکی ئامادەیی هەیە بۆ دروستکردنی. چەکی کیمیایی چەکی ئەتۆمی پیاوی هەژارە. هەواڵە میدیاییەکان پڕبوون لە باسی ئەو دەوڵەتە چەتەیی و گروپە تیرۆریستیانەی کە چەکی کیمیایی بکوژیان کۆکردۆتەوە.

گاڵبرێس زانی کە ترسی هاوبەش لە بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیایی، دەتوانێت ئەو ئەسپە (ترۆی)[5]یە بێت کە لە ڕێگەیەوە پاڵپشتی کۆنگرێس دەستەبەر بکات بۆ سزادانی عێراق لەسەر بەکارهێنانە بەرفراوانەکانی چەکی کیمیایی بۆ لەناوبردنی کورد. وەک لێمکین و پرۆکسمایەر، گاڵبرێس دۆزێکی ژیرانە و بنکە بەرژەوەندیی بۆ یاساکەی پێڵ-هێڵمس پێشکەش کرد، جەختی لەسەر کیمابارانەکانی سەدام دەکردەوە زیاتر وەک لە کوشتنەکانی دیکەی. گاڵبرێس نووسیبووی: "ئێستا کوردەکان باجی بێباکی جیهان دەدەن بەرامبەر بە بەکارهێنانەکانی پێشووی گازی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە. شکستخواردنی ئێستا لە هەڵوێست وەرگرتن، مانای ئەوەیە کە هەموو نەتەوەیەک دەکەوێتە مەترسییەوە." لە گفتوگۆی تایبەتدا گاڵبرێس وتبووی خەمی ئەوەیەتی کە ئەگەر کۆدەنگیی

[5] ئەسپی ترۆی (کە بە عەرەبی پێی دەڵێن ئەسپی تەروادە) ئەو ئەسپە دارینە بوو کە گریکەکان (بە سەرکردایەتی سپارتاییەکان) دروستیانکرد و خۆیان لەناویدا حەشاردا، ترۆییەکانیش بردیانەوە بۆ ناو قەڵاکەیان گوایا دیاری خوداکانە بۆ شاری ترۆی. دواتر سەربازەکانی ناو ئەم ئەسپە دارینە دەروازەکانی شاریان بۆ سەربازەکانی دیکە واڵاکرد و ترۆی لەناوبرا. لەبەرئەوەی ترۆی یەکێک بوو لە سەختترین شارەکانی ئەو سەردەمە کە گرتنی وەک مەحاڵ سەیر دەکرا، ئەمڕۆ ئەسپی ترۆی بۆتە مێتافۆرێک بۆ ئەو شتانەی کە دەرفەتێک دەبەخشن کە لە دۆزی ئاساییدا دەستکەوتنی ئەو دەرفەتە ئەستەمە. وەرگێڕ

سێناتۆرەکان تەنها لەسەر بنەمای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە توندوتۆڵی بمێنێتەوە، عێراقییەکان لەوانەیە بە تاکتیکەکانی خۆیاندا بچنەوە و کۆکوژی کوردی سیڤیل بە ڕێگای تر بکەن. گاڵبرێس دەڵێت: "زۆربەی ئەم سیناتۆرانە گرنگیان بە کورد نەدەدا، بەڵکو بەو کەرەستەیەی کوشتنەکانیان پێئەنجام دەدرا، بە چەکی کیمیایی. من نیگەرانی چەکی کیمیایی نەبووم بەو شێوەیە، بەڵکو نیگەرانی بەکارهێنانەکانیان بووم بۆ لەناوبردنی گەلی کورد. ئەم چەکانە شتێکی ئەوتۆ لە تفەنگ بەدتر نەبوون." بەهەمەحاڵ، زۆرترین یارمەتی پێویست بوو بۆ دەرکردنی یاساکە و گاڵبرێسیش پێشوازی لێدەکرد.

هەفتەیەک پاش لێشاوی پەنابەرە کوردەکان بۆ تورکیا، یاسای سزاکان، کە هەر لەژێر ناوی "یاسای بەرگرتن بە جینۆساید"دا بوو، لە هۆڵی سێنات ناسێندرا. ڕۆژی دوای ئەوە سێنات بە کۆی دەنگ قبووڵیان کرد، چونکە دەنگدانی سێناتۆرەکان بە شیوەی تاکەکەسی تۆمار ناکرێت، لەبەرئەوە کەس ترسی ئەوەی نەبوو کە پاشتر ئەم دەنگدانە بگەڕێتەوە و ئازاری بەرژەوەندییەکانی بدات. لە 9ی 9ی 1988دا، گاڵبرێس سەرنجی ئەم ڕیکۆردەی دا. بۆ ئەو و زۆربەی چاودێران وا دەردەکەوت، ئەگەر وتەکەی پریمۆ لیڤی یەکێک لە ڕزگاربووەکانی هۆڵۆکۆست بۆ مەبەستەکەمان بەکاربهێنین، بەختی باشی کوردەکانی عێراق بوو کە چەکی کیمیایی لە دژیان بەکارهات. دەقە یاساییەکە تەنها پێویستی بەوە هەبوو کە بە ئەنجوومەنی نوێنەراندا تێپەڕبێت بۆ ئەوەی ببێت بە یاسا.

# ڕیکخستنەوەی هەلومەرجی ژیانی شار



لەکاتێکدا گاڵبرێس بە دەنگدانەکە دڵخۆش بوو، بەڕێوەبەرێتی ڕیگان نیگەران بوو. بەرپرسە ئەمریکییەکان زانیارییان دەربارەی نەخشەکانی سەدام حوسەین هەبوو. وەزارەتی دەرەوە لە هەفتەی یەکەمی مانگی نۆوە بەردەوام بوو لە ڕاپۆرتدان دەربارەی شاڵاوەکانی لەناوبردنی کورد. لە 2ی 9ی 1988دا، هەفتەیەکی تەواو پاش دەنگدانی سێنات لەسەر یاسای بەرگرتن بە جینۆساید، مۆرتن ئەبرامۆویتز، باڵوێزی پێشووی ئەمریکا بۆ تایلاند کە جێگری وەزیز بوو بۆ هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە، یاداشتێکی زۆر نهێنیی نارد بۆ وەزیر بەناونیشانی "گۆرانی قاز بۆ کوردەکانی عێراق؟"[6] ئەبرامۆویتز ئاماژەی بەو بەڵگانە دابوو کە نیشانی دەدەن عێراق چەکی کیمیایی لە دژی کورد بەکارهێناوە لە 27ی 8دا، نووسیبووی: "ئێستا پاش ئاگربەست [لەگەڵ ئێران] هێزەکانی حکومەت ئامادەباش دیارن بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی یاخیبووانی کورد....پیانچێت بەغداد هەست بە هیچ ڕێگرێک بکات بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی یاخیبووەکان و لە دژی ئەو گوندانەی پەنایان دەدەن." ئەبرامۆویتز ئەوەی ڕاگەیاند کە "زۆربەی" گوندە کوردییەکان لەژێر هەڕەشەی لێداندان. هێزەکانی سەدام هاوشێوە لەگەڵ چەکدار و بێچەکدا مامەڵە دەکەن.

بەڵام ئەمانە شتێکی ئەتۆی لە وەزارەتی دەرەوە نەگۆڕی  و کۆشکی سپیش سووربوو لەسەر خۆدزینەوە لە ڕەخنەنەگرتن لە عێراق. پەیامێکی 3ی 9 لە وەزارەتی دەرەوەوە بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکی لە عێراق، داوای لە بەرپرسانی ئەمریکی کرد کە بۆ ڕژێمی سەدامی ڕۆشن بکەنەوە کە ئەمریکا تێدەگات لەوەی کە کوردەکان پاڵپشتی ئێرانیان کردوە و دەزانن کە کێشەکە "کێشەیەکی مێژووییە". دیپلۆماتە ئەمریکییەکان پێیان وترابوو کە باس لەوە بکەن کە "سەرنجی هەلپەسێردراویان" هەیە تا ئەو کاتەی دەتوانن کە بۆچوونی بەغداد "بەتەواویی لەبەرچاوبگرن". بەڵام شێوەی شاڵاوەکانی عێراق ببوونە هۆی وروژاندنی نارەزایی نێودەوڵەتیی، کە دەبوونە هۆی شەرمەزاریی بۆ ئەمریکا. ڕۆژی پاش ئەوە، باڵوێزی ئەمریکی ئەیپریڵ گلاسپی، بە ڕاوێژ لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق، نزار حەمدوون، ڕایگەیاند کە عێراق "کێشەیەکی گەروەی پەیوەندیی جەماوەریی (public relations) هەیە." ئەیپریڵ گلاسپی سەرنجیدا کە هەواڵی سەرەکیی ئەو بەیانییە لە بی بی سی دەربارەی کیمیاباران بووە، "ئەگەر چەکی کیمیایی بەکارنەهاتووە و ئەگەر کوردەکان وەک مێگەل فڕێنەدراونەتە کەمپەکانی لەناوبردنی هاوشێوەی جەنگی دووەمی جیهانیەوە،"

---

[6] گۆرانی قاز (swansong)، لە زمانی ئینگلیزیدا مێتافۆرێکە بۆ دوا هەوڵ (یان دوا بەرهەم). بۆ نموونە دوا بەرهەمی شکپێر (شالیر)ە. لەم بەکارهێنانەدا مەبەست لە دوا هەوڵە بۆ ڕزگارکردنی کورد لە شاڵاوی جینۆساید. وەرگێڕ.

کەواتە ڕەوایە عێراق ڕێگەبدات بە چاودێرە سەربەخۆکان بۆ سەردانی ناوچە کوردییەکان. حەمدوون نکوڵی لە چەکی کیمیایی کرد، بەڵام گوتی کە داواکارییەکەی لەوکاتەدا ئەستەمە. وێڕای ئەوە، شەڕەکە لە چەند ڕۆژێکی تردا کۆتایی پێدێت. سەرنجی باڵوێزخانە لەسەر کۆبوونەوەکە ئەوە بوو کە "چەندین ڕۆژە ئاشکرابووە کە سەدام بڕیاریداوە بۆ کردنی هەموو ئەو شتانەی کە سوپا بە پێویستیان دەزانن بۆ هێورکردنەوەی تەواوی باکور."

بەئاشکراش وەزارەتی دەرەوە خیانەتێکی ئەتۆی لە تێگەیشتنی پشت دەرگا داخراوەکانیان بۆ ئەجێنداکانی سەدام نەکرد. ئەو پەیامانەیان هەڵدەبژارد کە لە 10ی هەشتەوە نێردرابوون، بەڵام ڕۆژنامەنووسەکان جەغتیان لەسەر پرسیارەکانیان دەربارەی هێرشەکانی 25ی هەشت دەکردەوە. ڕۆژێک پاش ئەوەی وتەبێژ، فیلیس ئۆکلی، وتی هیچ شتێکی گرنگی نییە دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە بیڵێت، هاوکارەکەی، چارلس ڕیدمان لە 6ی 9دا وتی کە ئەو ناتوانێت ئەو هەواڵە پشتڕاست بکات. لەگەڵ هەستکردن بە هەستیاری ڕاپۆرتەکە، ڕیدمان سەرکۆنەکردێکی گریمانەیی بۆ قسەکانی زیادکرد: "ئەگەر ڕاستبن، بێگومان ئێمە بە توندی سەرکۆنەی دەکەین، هەروەک لە ڕابردوودا کردوومانە. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی جێگەی قبووڵکردن نییە. کارێکی بەربەریانەیە."

بەرپرسە ئەمریکییەکان کە پەنایاندەگرت لە ڕەخنەگرتن لە عێراق، خۆیان لەپشت نەبووی زانیاریی تەواوەوە دەشاردەوە. دەیانوت کە ئەو ڕاپۆرتانەی لە سەر سنووری تورکیاوە هاتوون کۆدەنگ نین. بێرنارد بێنێدیتی، پزیشک لە ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور، هیچ دۆزێکی چەکی کیمیایی نەدۆزیبووەوە. بە واشنگتۆن پۆستی وت "ئەوە گرفتێکی هەڵبەستراوە"، مەبەستی چەکی کیمیایی بوو، هەروەها وتی کە "پەنابەرەکان لێرە بەدەست سکچوون و ئالۆشی پێستەوە دەناڵێنن، بەهۆی قەرەباڵغی و ناخاوێنی شوینەکانەوە ئەم نەخۆشیانە زیاتر بڵادەبنەوە." تورکیاش هاوشێوە جەغتی کردەوە کە چل دکتۆر و 205 کارمەندی تەندروستی دیکە هیچ بەڵگەیەکی ئەو هێرشەیان دەست نەکەوتوە. دکتۆرێکی تورک بە نیویۆرک تایمزی گووت کە ئەو سووتاویەی دەموچاوی منداڵێکی سێ ساڵی کورد دەرئەنجامی "بەدخۆراکیی" و "ناخاوێنیی"ە". بەڵام هیچ کام لەم دوو سەرچاوەیە جێگەی بڕوانەبوون. فیزیاناسەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هیچ ئەزموونێکیان نەبوو لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو دەرئەنجامە لاوەکیانەی کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی کیمیایی دەردەکەوتن، تورکیاش زۆربەی نەوتەکەی لە عێراقەوە بۆ دەهات و ساڵانە 2.4 بلیۆن دۆلاری لە ئەنجامی بازرگانی لەگەڵ عێراقدا دەست دەکەوت. هەروەها زۆر جار لەگەڵ عێراقدا بەهاوبەشی هەوڵیان دەدا بۆ خامۆشکردنی یاخبوونی کوردەکان.

پەنابەرە لاوازەکان بینیان کە بانگەشەکانیان زۆر بەتووندی ڕەتدەکرێتەوە. کلاید هابەرمانی نیویۆرک تایمز باسی لەو لاوە سیانزە ساڵە نیگەران و بێزارە دەکرد، کە لەپاش بەرکەوتنی کیمیایی و ئاوارەبوونی بۆ تورکیا، "جەستەی لاوازی بۆتە پێشانگەیەک بۆ خۆشنوودیی سەردانکەرە فزولەکان." سنگ و بەشی سەرەوەی پشتی بەشیر شەمسەدین، بەشێوەیەکی نەخشێنراو سووتابوون و ڕیزێک داخی قاوەیی تۆخ لەتەنیشت پەڵەیەکی پەمەیی گەورە هەبوون. لەکاتێکدا کە لە چادرێکی تەندروستی تورکیدا فڕیدرابوو، ئەندام پەرلەمانێکی تورکی بەخۆی و پاسەوانە زۆرەکانیەوە گەیشت و پەنجەی دەژەنییە برینەکانی بەشیر.

ئەمانە چین؟ یاسادانەرەکە پرسی.
سووتاویین. فیزیشنەکەی حکومەتی تورکیا وەلآمی دایەوە.
چ جۆرە سووتاوییەک؟ ئەندام پەرلەمانەکە پرسی.
کێ چوزانێ؟ فیزیشنەکە وەلآمی دایەوە. دەزانم کە ئەمانە سووتاویی پلە یەکن لە ئەنجامی سەرچاوەیەکی گەرمی جیاواز لە ئاگر. ئەگەر ئاگر بوایە قژ و برۆکانیشی دەسووتان. بەلآم ناتوانم بڵێم کە دەرئەنجامی کیمیایین. دەشێت دەرئەنجامی هەر شتێک بن.

بەڕێوەبەرێتی ریگان بۆ چەندین ساڵ دۆستانە لەگەڵ عێراقدا مامەڵەی دەکرد، هەمیشە پێی باش بوو کە عێراق و ئێران پێکەوە سەرکۆنە بکات و داوای گەڕان بکات بەدوای بەڵگەی زیاتردا. بەلآم لەکاتی هەڵهاتنی کوردەکان لە مانگی نۆدا، کۆدەنگی وەزارەتی دەرەوە درزی تێکەوت. بیۆرۆی کاروباری رۆژهەلآتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە، کە ریتچارد مێرفی بەڕێوەی دەبرد، هەروەها بیۆرۆی هەوالگری و لێکۆڵینەوە، کە ئەبرامۆویتز بەڕێوەی دەبرد، هەڵوێستی جیاوازیان وەرگرت. پاش چەند رۆژێک لە دەستپێکردنی دوا شالآوی ئەنفال، بیۆرۆی هەوالگری و لێکۆڵینەوە، لە چاودێرییەکی هەوالگرییدا گوێبیستی پەیوەندییە سەربازییەکانی سوپای عێراق بوون، کە عێراقییەکان خۆیان پشتڕاستیان دەکردەوە کە چەکی کیمیایی لەدژی کورد بەکاردەهێنن. دوو کارمەندی باڵوێزخانەی ئەمریکیش دوو رۆژیان تەرخانکرد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پەنابەرانی بیستوهەشت گووندی سەر سنووری تورکیا. پەنابەرەکان و ئەو چاودێرییە هەوالگرییە پێکەوە گومانێکی کەمیان هێشتەوە. بەلآم بیۆرۆکەی مێرفی، کە سەرپەرشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکای لەگەڵ عێراقدا دەکرد بڕوای نەهێنا. لەوانەیە مێرفی بەهەڵە متمانەی بە نکوڵیکردن و بەرپرسیارێتیەکانی عێراق کردبێت، لەبەرئەوە ئەو بەڵگە سەنگینانەی پشگوێخست دەربارەی هێرشە کیمیاییەکانی عێراق. لەوانەشە بەمەبەست گومانی خستبێتە سەر ئەو بەڵگانە، لە سۆنگەی ئەو بڕوایەوە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق زیانی پێدەگات، ئەگەر ئەمریکا سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد. مێرفی ئەمڕۆ دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە من یادم نایەت بەمەبەست ڕاستییەکانم شێواندبێت. پێموایە ئەوەمان کرد کە پێویستە لەگەڵ هەر زانیارییەکی هەوالگرییدا بکرێت: ئێمە بەرەنگاری ئەو زانیارییانە بووینەوە. وتمان. لەکوێتان هێناوە؟ سەرچاوەکانت کێن؟" مەبەستەکە هەرچیەک بووبێت، کارمەندانی بیۆرۆی ڕۆژهەلآتی نزیک گومانیان خستە سەر دەرئەنجامەکانی بیۆرۆی هەوالگری و لێکۆڵینەوە، پاش ئەوەی کارمەندانی هەوالگری بەڵگەی سەنگینیان دەربارەی بەرپرسیارێتی عێراق دۆزیەوە.

پاش دوو هەفتە لە مشتومڕی توندی ناوخۆیی، بۆچوونی بیۆرۆی هەوالگری و لێکۆڵینەوە سەرکەوت. ئەمەش هەژدە مانگ پاش دەستپێکردنی شالآوە دڕندانەکانی ئەلمەجید بوو. ئەمریکا لەمێژبوو ئاگاداری وێرانکردنی گوندە کوردییەکان و بێسەروشوێنکردنی کوردەکان بوو. بەلآم تەنها پاش لافاوی گەورەی پەناباران و بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەریی بوو کە وەزیری دەرەوە شۆڵتز، بڕیاریدا کە ڕاگەیاندن بدات. لە 8ی 9ی 1988دا، وتەبێژ ڕێدمان زۆر بە ڕاشکاوی وتی کە: "پاش لێکدانەوەی بارودۆخەکە، حکومەتی ئەمریکی گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە عێراق لە شالآوە سەربازییەکانیدا دژ بە گەریلا کوردەکان چەکی کیمیایی بەکارهێناوە." کاتێک کە ڕەخنەی لێگیرا لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەمریکا هێند هێواش بووە لە هەڵوێست وەرگرتنیدا لەسەر هێرشە کیمیاییەکان لە ڕابردوودا، ریدمان وتی: "هەموو ئەو شتانە ڕێگەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ دەرکەوتنیان. بە سانایی مەسەلەکە ڕێچکەی ڕووداوەکانە."

هەر هەمان ڕۆژ وەزیری دەرەوە شۆڵتز بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە پشتڕاست کردەوە و بابەتەکەی لەگەڵ سەعدون حەمادی، وەزیری دەوڵەتی عێراق بۆ کاروباری دەرەوە، وروژاند. لەماوەی پانزە خولەکدا، ئەوانەی پێراگەیاند کە مێرفی و ئەوانی تر پێیگەیشتوون. حەمادی لە کۆبوونەوەکەدا سێ جار نکوڵی لە تۆمەتبارکردنەکەی ئەمریکا کرد، بە "تۆمەتی تەواو بێبناغە" ناوی برد. بەڵام وتی کە عیراق مافی هەیە بۆ: "خۆپاراستن و ڕێگەنەدان بە پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەی." دیدی عیراق، وەک دیدی زۆربەی تاوانکاران، ئەوەبوو کە دەکرێت کۆمەڵگا سزا بدرێت بۆ کردەی یاخیبوونی چەند کەسێک. بەغداد ناچاربوو کە لەدژی "خیانەتکاران" کردار بکات. شۆڵتز وتی کە دەکرێت بگیرێن و دادگایی بکرێن، نەک کیمابارن. بریتانیا، کە تا ئەو ساتە بێدەنگ بوو، خێرا شوێن پێی ئەمریکای هەڵگرت و ڕاگەیاندنێکی هاوشێوەی بڵاوکردەوە.

وەزیری دەرەوەی عیراقیش، تارق عەزیز، بەتووندی نکوڵی لەو تۆمەتبارکردنە کرد. عەزیز نکوڵی لەوە نەکرد کە عێراق ئەو کوردانە ڕادەگوازێت کە لە نزیک سنووری ئێران نیشتەجێن. وتەکانی عەزیز کە زۆر لەوانەی تەڵعەت پاشا، وەزیری ناوخۆی عوسمانیەکان لەساڵی 1915، دەچوون. جەغتی کردەوە کە: "ئەمە ئاوارەکردنی خەڵک نییە، ئەمە ڕێکخستنەوەی دۆخی شارەکانە."

وەزیری بەرگری عێراق، عەدنان خێروڵا، ڕۆشنتربوو لە قسەکانیدا. عێراق مافی پارێزگاری لەخۆکردنی هەیە بەهەر "کەرەستەیەکی ئامادە". کاتێک تۆ ڕووبەڕووی "یەکێک دەبێتەوە کە دەیەوێت لەناو جەرگەی وڵاتەکەی خۆتدا بتکوژێت،" پاشان پرسی: "ئایا تۆ گووڵبارانی دەکەیت؟" چەکدار و بێچەک لەیەک دەچوون: "هەموویان جلکی کوردی دەپۆشن و ناتوانیت چەکدار و بێچەک لێکجیابکەیتەوە."

ڕژێمی عێراق زۆر بە وردیی لە واشنگتۆنی دەڕوانی. بێگومان دەرکردنی یاسای سزاکانی 9ی 9 و سەکۆنەکردنەکەی شۆڵتز بوونە هۆی دروستبوونی گەورەترین خۆپیشاندانی دژە-ئەمریکی لە بەغداد لە بیست ساڵی ڕابردوودا. نزیکەی 18.000 عێراقی بەشداری خۆپیشاندانێکی ساختەی "جەماوەری" بوون. میدیای عێراقی ژمارەکەی هەڵئاوسان بۆ 250.000 کەس و ڕایگەیاند کە "ژمارەیەکی زۆر" کورد بەشداربوون. هەموو ئێوارەیەک تەلەڤزیۆنی عێراقی، کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبرد، دیمەنی ڤێتنامییە سیڤیلەکانی پیشان دەدا کە بە ناپاڵمی ئەمریکی سووتابوون، هەروەها دیمەنی قوربانیەکانی هێرۆشیما و ناکازاکیشی نمایش دەکرد. میدیای عێراق گەمارۆکانی وەک کاری "زایۆنیستەکان" و "ستەمکارانی دیکەی ئیمپرایالیزم و ڕەیسزیم" ناوزەند دەکرد. بەڕیوەبەرێتی ڕیگان پرۆپاگەندەی عێراقی وەک بەڵگەی دارمانی پەیوەندییەکانی عێراق-ئەمریکا دەبینی، گاڵبرێسیش وەک بەڵگەی کاریگەریی گەورەی ئەمریکا دەیبینی.

لەوماوەیەدا عێراق، لە جنێڤ، نیو یۆرک و واشنگتۆن، سەرچاوە و وزەیەکی فرەی خەرجکرد بۆ دوورخستنەوەی ڕەخنەکان. لە ساڵی 1985دا باڵوێزخانەی عێراقی لە ئەمریکا کۆمپانیایەکی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی بەکرێ گرتبوو، بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە چاککردنەوەی ناوبانگیدا. نزار حەمدون ڕازیبوو کە بۆ هەر چاوپێکەتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ناوداردا کە بۆیان ڕێکدەخەن بڕی 1000 دۆلار بدات. کۆمپانیاکە چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی بۆ ڕێکخستن و سەرکەوتنەش توانی چەند وتارێک لەبەرژەوەندی عێراق لە ڕۆژنامەکانی، نیویۆرک تایمز، واشنگتۆن پۆست و وۆڵ ستریت جۆرناڵ بڵاوبکاتەوە. عێراق کە تینووی بنیاتنانەوە و وەگەڕخستنی بێگانە بوو، هەوڵی دەدا کە سیمای "عێراقی نوێ" بناسێنێت. عێراق گرنگی بە بۆچوونی جیهانی دەرەوە دەدا.

بالّویزی عیّراق له ئەمریکا، عەبدول ئەمیر ئەلئەنباری، بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسانی کرد بۆ سەردانی باکوری عیّراق تا "خۆیان به ڕاستییەکان ئاشنابن". ئەمە تاکتیکێکی باوی دواخستن بوو: سەردانکەرەکان سەرەتا بەڵێنی ڕێگەدرانیان پێدەدرا، بەڵام دواتر پاشگەز دەبوونەوە، کاتێک ئەم ڕێگەدانانە دەبوونە هۆی بڵاوبوونەوەی تووڕەیی. هەندێک جار، پاش ناکۆتا دواخستن، وەک (بێکەر) له کەمبۆدیا، چاودێرییەکی بەردەوام دەکران لەلایەن "هاوکاری ئاسایشەوە" کە لەلایەن ڕژێمەوە هەڵبژێردرابوون. کاربەدەستە عیّراقییەکان کە بانگهێشتی بەدواداچوونی بیلایەنانەی نێودەوڵەتییان دەکرد، هەر زوو ئەوەیان زیاد دەکرد کە ئەو بەدواداچوونانە دەبێت چاوەڕی بن تا "چالاکییە سەربازییە کاراکان" له باکوری عیّراق تەواودەبن. له کۆتایی مانگی نۆدا بیستوچوار ڕۆژنامەنووسی خۆرئاوایی ڕێگەیان پێدرا بۆ چوونە ناو عیّراق، بەڵام سەردانەکەیان لەژێر چاودێرییەکی وردی هێلیکۆپتەرەکانی عیّراقدا بوو. سەردانەکە بووە هۆی شەرمەزاری بۆ عیّراق: عیّراق ڕۆژنامەنووسەکانی بە فڕۆکە گواستەوە بۆ سەر سنووری عیّراق-تورکیا بۆ بینینی گەڕانەوەی 1000 پەنابەر. بەڵام کوردەکان نەگەڕانەوە، هەروەها ڕۆژنامەنووسەکان لۆریەکی عیّراقیان بینی کە شۆفێر و سەرنشینەکانی لەپشت دەمامکی گازەوە خۆیان حەشاردابوو.

لەبەرئەوەی بە سەرکۆنەکردنەکەی 8ی 9ی شۆڵتز خۆشحاڵ نەبوون، تایبەتمەندانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریکی هەوڵیاندا کە "وەزیری دەرەوە بگێڕنەوە دواوە" بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی زیاتر دۆستانە. کاتێک له 10ی 9دا بالّویز گلاپسی چاوی بە حەمدوون کەوت، دانی بەوەدانا کە خۆی له ساڵی 1977دا له قاهیرە خەڵکی بینیوە کە بە گازی فرمێسک ڕێژ سووتاون و نەخۆش کەوتوون. له پەیامێکی نهێنیدا بۆ واشنگتۆن، بالّویزخانە "کراوەیی و سنگفراوانی سەرسوڕهێنەری عیّراقی له ناساندنەکانیدا، هەروەها ئەو گوێپێنەدانە ناوازە و ئامادەباشیەی عیّراقی بۆ دابەزین له شکۆی خۆی، تەنانەت پاش ئەوەی ئێمە بەئاشکرا دڵنیایی تاوانباریی ئەوانمان ڕاگەیاند" بەرز نرخاند.

# گەڕان بەدوای بەڵگەدا

ئەگەرچی یاسای بەرگرتن بە جینۆسایدی پێڵ، سێناتی بڕی، بەڵام پێل دەستبەجێ کەوتە ژێر فشارەوە بۆ پاشەکشێ کردن. ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە یاساکە دەگرت، لە سەرەتادا دەیانگوت کە دڵنیانین لەوەی کە عێراق بەرپرسیارە. گالبرێس سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئەم پزشە پووچەڵ بکاتەوە و هۆکاری ڕاستەقینەی ئەمریکا بۆ دژایەتی کردنی یاساکە ئاشکرا بکات. لە 10ی 9دا ڕۆژێک پاش ئەوەی سێنات بە کۆی دەنگ بە یاسای توندی سزاکان ڕازیبوو، سواری فڕۆکەیەک بوو بۆ تورکیا و بەرەو سنووری جەنجاڵی تورکیا لەگەڵ عێراق چوو، کە هەزارەها چادر بۆ نیشتەجێ کردنی پەنابەران هەڵتۆقی بوون. کریس ڤان هۆڵن، هاوکارێکی لاوتر لە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێنات، هاوسەفەری گالبرێس بوو. هەردوو کارمەندەکە لەم کەمپ بۆ ئەو کەمپ دەچوون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ شاهیدەکاندا دەکرد.

دوو ئەمریکیەکە سەرەتا بەدگومان و بگرە بێباکانە دەستیان پێکرد. لە هەموو چادرگەیەک لافاوی گەیشتووەکان دەستبەجێ بەسەریاندا دەڕژا، کە تینووی باسکردنی چیرۆکەکانیان بوون. هەرگیز ڕۆشن نییە پەنابەران خواستیان چییە لە دیداریان لەگەڵ سەردانکەرە خۆرئاواییەکان. پێدەچێت هەندێک بڕوایان وابێت کە بێگانەکان جۆرێک لە ڕزگارییان بۆ دەهێنن، کە چیرۆکە تەزێنەرەکانیان بۆ سەرەوە بەرزدەکەنەوە و ئەوکات دادوەریی باڵدەکێشێت و موڵک و ماڵ دەگەڕێنرێتەوە، یان لەم دۆزەدا زۆر دەکرێت بۆ ڕاگرتنی شالاوی کیمیاباران. زۆرێک لەو پەنابەرە سیڤیلە شەکەتانە تەنها دەخوازن ببیسترێن. ئەو پەنابەرە کەمبۆدیانەی کە پەنایان بۆ تایلاند برد و لەگەڵ چارلس توینینگ دوان، ئەو موسوڵمانانەی کە لە کەمپەکانی کوشتاری سربەکان لە ساڵی 1992 یان سربرنیسکای 1995 ڕزگاریان بوو، هەموویان ئەوە دەردەخەن کە خواستێکی بەتین هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بزانن کە چییان بەسەر هاتوە. تەنها دوای ئەوەی کە ئومێدە سپییە مەزنەکان جار دوای جار بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە، ئارامی ئەم پەنابەرانە بەرەو نەمان دەچێت.

ژن و پیاوی تاساوی کورد لە دەوری گالبرێس و ڤان هۆڵێن زنجیرەیان بەست. پەنابەرەکان پەنجەی زنیدوێنتییان بۆ ئەو شوینانە ڕادەکێشا کە لەسەر نەخشە وردەکانی ئەمریکییەکان نەخشێنرابوون و باسیان لەوانە دەکرد کە لە شوینی دیکە ئەزموونی هاوشێوەیان هەبووە. هەستەکانیان بە دیمەن، دەنگ و بۆنی ئاسایی دەچواند کە دەیانزانی ئەمریکییەکانیش دەیزانن. گازی مەستەرد، سیانید و گازی دەمار بۆنێکی هێند ناوازەیان لەگەڵدا بوو کە پەنابەرەکان دەستەوسانانە هەوڵیان دەدا باسی بکەن. عەبدولڕەزاق ساڵح بۆ گالبرێسی باس دەکرد کە بۆنێکی وەک "سیر و کۆڵۆنیا"ی لێدەهات، قەهار میخائیل مەحمود بۆنی "سێوی ڕزیو"ی دەهاتەوە یاد. وردبینترینیان بەڵام بێسودترینیان، ئایشە باپیر دەیگووت "بۆنێکی ناخۆش بوو، وەک نایلۆنی سووتاو، وەک مێرووی سووتاو."

ڕزگاربووانی هێرشەکانی عێراق لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان شاردبوەوە یان خۆیان فڕێدابووە نزیکترین ڕووبارەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە تووشبوون بە کیمایی بپارێزن. ئەگەرچی لە سەختی ئەو ئاوارەبوونەدا مەحاڵ بوو کە پەنابەرەکان وتەکانیان بەیەکتر بەراورد بکەن، بەڵام وەڵامەکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. هەریەک لەوان بازنەی ڕووداوە تاسێنەرەکانیان لەیاد بوو: فڕۆکە و کۆپتەر بەسەر سەرەوە. دووکەڵیان دەردەکرد بۆ دیاریکردنی ئاراستەی با. بۆمب لە ئاسمانەوە

بەردەدرایەوە. دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە. دوکەڵ و تەمێکی زەرد یان قاوەیی. باڵندەکان گێژ دەبوون و دەکەتنە خوارەوە. هاوار، سووتان، ڕشانەوە. خوێن بەربوون. مەرگی هێواشی کەسانی نزیک کە هەندێک جار بە دەستڕیژی گوللەی کۆپتەرەکانی عێراق خێراتر دەکران. گاڵبریس و ڤان هۆلێن هێرشی کیمیاییان بۆ سەر چل و یەک گوندی کوردی دۆکیومێنت کرد، چونکە تەنها لەگەڵ ئەو کوردانەدا قسەیان کرد کە کەمێک بەختیان هەبوو و گەیشتبوونە تورکیا.

گاڵبریس دەیزانی کە چۆن بەدگومانانە "تەنها" وتەی شاهید لە واشنگتۆن پێشوازی لێدەکرێت. لە مانگی سێدا بینیبووی کە چۆن تووڕەیی جەماوەر لەسەر هەڵەبجە بێدەنگ کرابوو، کاتێک بەرپرسانی ئەمریکی گومانیان خستە سەر بەرپرسیاریێتی عێراق. ئەم جارە، ئەگەرچی وەزیری دەرەوە شۆڵتز سەرکۆنەی عێراقی کردوە، بەڕیوەبەرێتیەکە خوێنسارد بوو لە سزادانی هاوپەیمانەکەی. لەبەرئەوە ئەو نارۆشنیە ڕەتنەکراوەیە دەقۆزنەوە کە بە دەوری چیرۆکی ڕزگاربووەکانەوەیە.

گاڵبریس ئومێدی دەکرد کە بەڵگەی فیزیکی لەگەڵ خۆی بباتەوە کە پشتگیریی ڕاستییەکانی چیرۆکەکە بکات. بەڵام سەخت بوو ئەو پەنابەرانە بدۆزێتەوە کە نیشانەی سووتاویی کیمیاباران بە جەستەیانەوە بیت. زۆربەی ئەو کوردانەی توانیبوویان سنوور ببڕن و بگەنە تورکیا بەدەگمەن نیشانەی گازەکەیان پێوە بوو. هەندێک لە گازباران هەڵنەهاتبوون، بەڵکو لە دەنگۆی هێرشی چاوەڕوانکراو. لەو پێنج مانگەی پاش هەڵەبجەدا، هێرۆشیمای کورد ناوبانگێکی ترسناکی داخست بوو. هەندێکی تر توانیبوویان کە خۆیان لە گازە بکوژەکە ڕزگاربکەن، بەڵام کوشتارەکەیان بە چاوی خۆیان دیبوو پاش هاتنە دەرەوەیان لە پەناگەکان یان لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ گووندەکانیان. گاڵبریس دەڵێت: "زۆربەی ئەو کوردانەی بەر گازی دەمار کەوتن، دەستبەجێ مردن، چەندینی دیکەش پەنایان بردە بەر تورکیا بۆ ڕزگاربوون لەو چارەنووسە."

لەو کاتەدا کە گاڵبریس بەهۆی نەبوونی بەڵگەی فیزیکیەوە لەسەر سنوور تووشی دۆشدامان ببوو، جێگری وەزیر، ئەبرامۆویتز، باسی ئەو دژوارییەی بەڵگەکانی بۆ وەزیری دەرەوە دەکرد. لە یاداشتێکی 17ی 9دا ئەبرامۆویتز نووسیبووی:

> شتێکی دروستە ئەگەر ئاماژە بەوە بدرێت کە قوربانییە ڕاستەوخۆکانی چەکی بکوژی کیمیایی بێگوومان نەیانتوانیەوە عێراق بەجێبهێڵن...شانسێکی باش هەیە کە پشکنینی یەکێک لەو شوێنانە لە باکوری عێراق بەڵگەی بەکارهێنانی گازی مەستەرد بدات بەدەستەوە، بەڵام شانسێکی کەم هەیە کە بەڵگەی فیزیکی یان پزیشکی لەسەر ئەو هێرشانە بدرۆزرێتەوە کە بە چەکی جیا لە گازی دەمار و بکوژ کراون. ئەم یەکانە زوو پەرش دەبن، کە ئەمەش زۆر سەختی دەکات کە نیشانەی ئاشکرای لەسەر خاک یان جەستەی قوربانی یان لەسەر پاشماوەی چەکەکان بدۆزیتەوە. حکومەتی ئەمریکی بڕوای هێناوە کە عیراق چەکی کیمیایی لە کۆتایی مانگی هەشتدا لە هێرشەکانیدا دژی کورد بەکارهێناوە، ئاگادری ئەوەشە کە لەم دۆزەدا، سەختە کە بەڵگەی فیزیکی یان پزیشکی بدۆزرێتەوە کە شایانی قبووڵکردنبێت لەناو جەماوەردا.

ئەبرامۆویتز گوێبیستی تۆمارە سەربازییەکان بووبیت بۆ دەرئەنجامگیرییەکەی یان نا، دوو کارمەندەکەی سێنات دەیانزانی کە پێویستە بەڵگەکانیان لە ڕێگەی زۆرترینی دەنگە کەساسەکانەوە بسەلمێنن و بسەلمێننەوە. پاش ئەوەی لەگەڵ پیاوەکاندا قسەیان کرد، ویستیان بەتەنها لەگەڵ ژن و منداڵەکانیشدا قسەبکەن، چونکە ئەگەری ئەوە کەمتربوو کە لەلایەن سەرانی ئۆردوگاکەوە ئامادەکرابن. ڕووخساری کوردە پەنارەکان بەدەگمەن هەستەتییان تێدا بەدیدەکرا. گاڵبرێس باسی دەکات کە: "ئەمە تەنها چەند ڕۆژێک پاش ڕووداوەکان بوو. خەڵکەکە تاسابوون کاتێک چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە. هەنسکیان نەدەدا و نەدەگریان." هەر هەموویان کەسانی نزیکیان لەدەستدابوو وهیچ ئومێدێکی گەڕانەوەیان نەبوو بۆ ماڵەوە.

بەڕێکەوت، پاش ئەوەی گاڵبرێس پەیوەندی کرد بە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێناتەوە، یەکەم سەردانی فەرمی بۆ دەرەوە لە مانگی سێی 1980دا بۆ سنووری تایلاند-کەمبۆدیا بوو. لەوێ گوێبیستی باسی ئەو تاوانانە بوو کە خەمری ڕوژ ئەنجامیان دابوو. هاوکات گوێبیستی بەدگومانانیش بوو کە دەیانگووت پەنابەرەکان زیادەڕۆیی دەکەن. پێدەچێت هەندێک بێگانە بەچاوی کەم سەیری توانای کوردی نەخوێندەواریان کردبێت بۆ ڕاستیی بێژیی. گاڵبرێس دەڵێت: "ئێمە بەخۆمان دەڵێین ئەم خەڵکە توانای بیرکردنەوەیان نییە. لیرەدا جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی (racism) و چینپەرستی (classism) هەیە کە پێمان دەڵێت: پێویست ناکات قسەی ئەم گوندییانە بەهەند وەربگرین، یان پێویستە بەنزم سەیریان بکەین." بەڵام گاڵبرێس بەدگومانەکانی بینیبوو کە هەڵە بوون کاتێک کە بێگانەکان سەردانی کەمبۆدیایان کرد لەساڵی 1980. گاڵبریس دەڵێت: "وانەی ڕاستەقینە کە لە ئەزموونەکانم لەو ئۆردۆگایانەدا فێری بووم ئەوەیە کە پەنابەرەکان درۆناکەن. مەبەستم ئەوە نییە کە پێویستە بروا بە وتەی هەر پەنابەرێک بکەین، بەڵام لە دۆزەکانی کەمبۆدیەکان، کوردەکان و دواتریش بۆسنیەکاندا هەزاران شاهیدی تاوان هەبوو. پێویستە فێربین کە بڕوایان پێبکەین."

ئەمنستی ئینتەرناشناڵیش وانەیەک لە کەمبۆدیا فێر ببوو. گومانە ناوخۆییەکانی هەرچیەک بووبن دەربارەی بانگەشەی کوردەکان، لەجیاتی ئەوەی بەئاشکرا گومان بخاتە سەر ڕاپۆرتی پەنابەران، ڕێکخراوەکە کارێکی کرد کە هیچ ڕێکخراوێکی ناحکومی نەیکردوە: ڕاستەوخۆ داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە کوشتاری کوردی سیڤیل بوەستێنێت. ئارگومێنتێکی بەرزکردەوە کە ئەوکات ڕادیکاڵ و تازە بوو: کاتێک دەوڵەتێک کۆکوژی لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا ئەنجام دەدات، ئەو کوشتارە بریتییە لە "هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی"، لەبەرئەوە و بەپێی چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکان، بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئاسیشی نەتەوە یەکگرتوەکاندایە. ڕێکخراوەکە جارنامەی جینۆسایدی بەکارنەهێنا. تەنها ئەو گفتوگۆیەی دەکرد کە دەیتوانی بە تەواویی بیسەلمێنێت. لێکۆڵەرەوەکان نەیاندەویست کە مشتومڕ لەسەر ئاشکرایی جینۆساید بکەن، تا تێرامانی بڕیاردەران لە تاوانەکە نەڕەوێتەوە.

لەکاتێکدا یاسای سزاکان لە واشنگتۆن چاوەڕوانی دەرچوون بوو، گاڵبرێس لەدوای بەڵگەی دیکە دەگەڕا، سەرەڕای ئەوەی کە لە پەنابەرەکانی بیستبوو. ڕۆژێک کە لەسەر سنووری تورکیا دەیانئاژۆشت، خۆی و ڤان هۆڵێن چەند هەنگەوانێکی تورکیان بینی کە بانگهێشتی شێوێکی نانی تەنوور و هەنگوینی خۆماڵیان کردن. نشینگە سپارتاییەکەی هەنگەوانەکان تاکە وایەرێکی کارەبایی پێداشۆڕببوەوە کە بەرەو لای تەلەڤزیۆنێک چووبوو کە ئەمریکییەکان تەماشای (هەمووی لە خێزانەکەدایە) بە تورکی کرد. هەنگەوانەکان شتێکی دیکەیان پێدان کە دڵنیای کردن کە بە یەکجاری

تاوانباری عێراق بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمایی دەسەلمێنێت، هەنگی مردوو کە هەنگەوانەکان وتیان لە ئەنجامی گازبارانەکەی سەدام لە باکوری عێراق مردوون. گالبریس هەنگەکانی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ توێژینەوە. گالبریس زانی کە ئاسان نییە کیسەیەک هەنگی مردوو لە پشکنین دەرباز بکەیت، لەبەرئەوە مۆڵەتی تایبەتیی لە وەزیری کشتوکاڵەوە وەرگرت. گالبریس بۆ یەکەم و دوا جار لە گومرکی ئەمریکی "بەڵی"ی لە لیستی چاودێریدا بۆ "بابەتی ئاژەڵیی". لە فڕۆکەکەدا بەرەو ئەمریکا، بە جانتایەکی پڕ لە کیسە هەنگی مردووەوە، گالبریس چاوی بە وتارێک کەوت لە (ئینتەرناشناڵ هێراڵد تربیون)دا، باسی لەوە دەکرد، کە جۆرە کوللەیەک بڵاوبۆتەوە، هەنگەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەکوژێت. بێ پاشگەزبوونەوە، گالبریس چەند کیسەیەک لە هەنگەکانی دایە دەست سی ئای ئەی. لەبەرئەوەی متمانەی بە خزمەتگوزاری هەواڵگریی نەبوو، نموونەیەکی لەلای خۆی هێشتەوە، کە لە هەمان ئەو یەخچاڵەی کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێناتدا داینا کە هاوکارەکانی نانی نیوەڕۆیان تێدا دادەنا. تەنها پاش ساڵێک، ماوەیەکی زۆر پاش ئەوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی سی ئای ئەی بە نێگەتیڤی گەڕابووەوە، کەسێک تەرمی هەنگە کەڕوواوییەکانی گالبریسی فڕێدا.

جیگری وەزیر مێرفی و ئەوانی تر لە وەزارەتی دەرەوە کە زۆر ڕەخنەگربوون لە هەوڵەکانی گالبریس بۆ سزادانی عێراق، سەرەتا پێشوازیان لە هەواڵی هەنگە مردووەکان وەک بەڵگەی شێتبوونی گالبریس کرد. مێرفی دەڵێت: "من خۆم هەنگەکانم هەرگیز نەبینی، بەڵام کاتێک بیستمان کە بەو کیسانەوە گەڕاوەتەوە، هەموومان بۆڵەمان دەهات و بیرمان دەکردەوە کە، ئەوە پیتەرە دووبارە لێی هەڵداوەتەوە."

لە فڕۆکەکەدا بەرەو ئەمریکا، گالبریس ڕاپۆرتێکی دەربارەی سەردانەکەی نووسی لەگەڵ وتەی نزیکەی سیوپێنج شاهید. یادەوەری ئەو پیاوە پیرانە ئازاریان دەدا کە پاڵەوانانە باسی مەرگی منداڵ و کوڕەزا و کچەزاکانیان دەکرد، لەگەڵ دیمەنی بەسوێی ئەو خێزانانەی کە لە دەوری ئەو بوخچە بچکۆلانەیە دانیشتبوون کە تەنها سەروەتیان بوو. بێگومان کۆنگریس سەدام سزا دەدات، ئەگەر ئەوە مانای بەرەنگاربوونەوەی وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپیش بووە.

# بەراورد و نوێنەرایەتی



گالبرێس بێ پاڵپشت نەبوو. هەروەک لە کەمبۆدیا، زۆرترین بەرپرسە رەخنەگرەکان ئەوانە بوون کە لە (کۆنگرێس)ن و پێویست ناکات هەمان رێچکەی حکومەت بگرن. ئەوانیش وێنەکانی هۆلۆکۆستیان یاد دەهێنایەوە. کاتێک سیناتۆر پێڵ، سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێنات، یاسای سزاکانی سەر عێراقی ناساند، گووتی:

> بۆ جاری دووەم لەم سەدەیەدا دیکتاتۆرێکی درندە گازی بکوژ بەکاردەهێنێت بۆ لەناوبردنی کەمایەتییەکی ئیتنیکی ناسراو...هیچ گومانێک نییە کە رژێمی عێراقی سەدام حوسەین مەبەستیەتی کە ئەم کەمپەینە دوا رێگەچارە بێت بۆ کێشەی کورد. لەکاتێکدا گەلێک گازباران دەکرێت، زۆربەی جیهان بێدەنگە...بەلام بێدەنگیی تێوەگلانە. نیو سەدە بەر لە ئێستا جیهان بێدەنگ بوو کاتێک هیتلەر دەستی کرد بە کەمپەینەکەی بەمەبەستی لەناوبردنی جولەکەکانی ئەوروپا. ئێمە ناتوانین جارێکی دیکە لەبەرامبەر جینۆسایددا بێدەنگ بین.

بەراوردەکە بە هەڵبژاردەکەی سەدام بۆ بەکارهێنانی چەکێکی بکوژ زۆر شیاوتر دەرکەوت. رۆژی دوایی پێڵ سەرنجیدا کە ئەگەرچی یاسای سزاکان زیان بە هەندێک بازرگانیی ئەمریکی دەگەیەنێت، بەلام پێویستە ئەمریکییەکان ئامادەبن بۆ قوربانیدان لەپێناو "کێشە مۆراڵییەکاندا کە گەورەترین کاریگەرییان هەیە."

> بۆ ئەوەی کاری دروست بکرێت، خەڵکی ئەمریکا لە رابردوودا ئامادەبوون کە باجەکەی بدەن. پاش هۆلۆکۆست، کە جولەکەکانی ئەوروپا لەناوبران، جیهان وتی "هەرگیز جارێکی تر نا". جێگەی خەمە، کە جارێکی تر لە کوردستانی عێراق روودەدات. پێویستە هەرچیمان لە توانادا هەیە بیکەین تا دیکتاتۆری عێراقی بزانێت کە ئەمریکا بێدەنگ دانانیشێت کاتێک ئەوان کوشتاری کوردەکان دەکەن. ئەم یاسایە ئەو پەیامە دەنێرێت.

پاش خوێندنەوەی راپۆرتەکانی گالبرێس و ڤان هۆلێن و چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ پەنابەرەکاندا، پێڵ ئارامی نەما لەگەڵ ئەوانەدا کە داوای بەڵگەی فیزیکییان دەکرد لەسەر گازبارانەکان. پێڵ ئاماژەی

بە هەنگە مردووەکاندا، بەڵام کاتێک ڕۆژنامەنووسەکان هەر پێیان دادەگرت، پێڵ بە وەڵامەکەی سرِی کردن: "تەرمی کوژراویان نەهێناوەتەوە، ئەگەر ئەوەیە پرسیارەکەت."

لە ئەنجومەنی نوێنەران، نوێنەر جەیمس بیلبەری، ئەو ئارگومێنتەی ڕەتکردەوە کە لەبەرئەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ئامادەنین سزای سەدام بدەن، ئەمریکاش پێویست نییە سزای بدات. بەدەنگی بەرز پرسیاری دەکرد، کە ئایا هاوکارەکانی ڕێگەیان بە هیتلەر دەدا بەردەوام بێت تەنها لەبەرئەوەی دەوڵەتانی تر ڕووبەڕووی نەدەبوونەوە. "ئایا ئێمە پیشانی منداڵەکانمان و نەوەکانیان دەدەین کە بێکردار دانیشتین لەکاتێکدا کۆی ڕەچەڵەکێک لەناوبران؟"

بەشیوەیەکی سروشتی یاساکە پاڵپشتی سێناتۆر پرۆکسیمایەریشی دەستبەرکرد، کە داوای لە هاوکارانی کرد کە کردار بکەن لەجیاتی "گەلێکی لەیادکراو" کە "زۆر کەم یان هیچ نوێنەرایەتییەکیان لە خۆرئاوا نییە،" پرۆکسیمایەر ئاماژەی بۆ دووفاقیی سیاسەتی ئەمریکا و گرنگی هەڵویست وەرگرتن لەسەر جینۆساید لەهەر کوێ ڕوویدات کرد:

> جەنابی سەرۆک، ئەگەر نیکاراگوا چەکی کیمیایی لەدژی دانیشتوانەکەی یان دەوڵەتە دراوسێکانی بەکاربهێنێت، هاواری جەماوەر، سیاسەتمەداران و حکومەتەکەی خۆمان هەموو هەواڵەکانی دیکە دەکەن بەژێرەوە. سەرۆک کۆمار باسی ئەو بەربەریەتە دەکات هەروەک چۆن وەزیری دەرەوە و بێگومان وەزارەتی بەرگریش بێدەنگ نابن. ئەوکاتە ئێمە دەرگای نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەکوتین. پێویستە چاوەڕوانی لەمە کەمترمان نەبێت، کاتێک جینۆساید لە دژی گەلێکی دوورەدەست ئەنجام دەدرێت، کە کەم پێیان ئاشناین و کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان نابێت، بەڵام وەکی تر قوربانی بەکارهێنانی نامرۆڤانەی چەکی کیمیایین.

ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەرەکان لەگەڵ ئەم سێناتۆرە تووڕانەدا هاوکاریان دەستپێکرد. کورد لەو چاند ساڵەی ڕابوردوودا چەند دۆستێکی ناسراوی لە ڕاگەیاندنەکاندا بەدەستهێنابوو. ولیام سەفایەر لە نیویۆرک تایمز و جیم هۆگلاند لە واشنگتۆن پۆست، هەمان ئەو ڕۆڵەیان بینی کە جاک ئەندەرسۆن و لێز وایتن بینیان بۆ دەرخستنی تاوانەکانی خەمری ڕوژ. سەفایەر ئەمریکای شەرمەزارکرد بۆ بێباکییەکەی. لە 5ی 9ی 1988دا سەفایەر بە تووڕەیی نووسیبووی: "نموونەیەکی کلاسیکی جینۆساید درێژەی هەیە، جیهانیش باکی بە هیچ نییە." لە ڕەخنە توندەکەیدا بە تایبەتی پەنجەی بۆ ڕۆژنامەنووسانی تەلەڤزیۆن ڕاکێشابوو، چونکە دەیزانی کاریگەرییان چەند زۆرە لە وروژاندن و ئاراستەکردنی ڕای گشتیی ئەمریکیدا و پاڵپشتیکردنی کاردانەوەی ئەمریکا لەدژی عێراق. ئەگەرچی 60.000 پەنابەری کورد لە چادر و لەسەر سنووری تورکیا کۆببوونەوە، هەورەها وەک سەفایەر نووسیبووی پێدەچێت "کوشتارەکانی سەدام هێشتا نەگەیشتبنە هەمان ئاستی کوشتارەکانی پۆڵ پۆت" بەڵام میدیا هێشتا نادیارە. فیلمسازەکان "کەمپەینی جینۆسایدیان لە دژی گەلێکی دیارکیراو" پشتگوێ دەخست "کە بەدرێژایی میژووی مۆدێرن بێ دۆست بووە و هێشتا لە بازرگانیی بڵاوکردنەوە نازانێت." سەفایەر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ڕێگەنەبوون هیچ بیانوویەک نییە بۆ پشتگوێخستنی هەواڵەکان. بێگومان دروست نووسیبووی: "تواناکانی کامێرای ڕەنگاورەنگ بۆ گەیاندنی وێنەی تاوانە بەرفراوانەکان، بەرپرسیارێتییەک دەخاتە ئەستۆی ڕاگەیاندنەکان کە وێنەی کوشتارەکان دەستبخەن، یان ڕاستەوخۆ چیرۆکی پەنابەرەکان بگەیەنن." سەفایەر ڕاشکاو بوو:

پێویستە ئەمریکا بەڵگەی زیاتر لە پەنابەرەکانەوە کۆبکاتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایش دەستپێبکات، هەڕەشەی کێشانەوەی کەشتیە ئەمریکیەکان لە کەنداوی فارس بکات، هەروەها ئەگەر هەموو ئەمانە شکستیان خوارد، "موشەکی دژە فڕۆکە بدات بە سەرکردەی یاخیبووەکان، مەسعود بارزانی، تا لە چیاکان ئەو فڕۆکانە بخەنە خوارەوە کە کیمایابارانەکە دەکەن." دەستەی نووسەرانی نیویۆرک تایمز لەگەڵ سەفایەردا کۆک بوون و وتیان: کە "نەک بەتەنها بۆن بەڵکو بۆگەنی جینۆساید" لە خاکی کوردانەوە دێت، هەروەها "سەروەریی نابێت شەرعیەت بدات بە جینۆساید....بێدەنگیی بەسە."

وتارەکەی 8ی 9ی 1988ی هۆگلاند لە واشنگتۆن پۆست بەناونیشانی "هیچ هەڵە مەکە - ئەمە جینۆسایدە". هۆگلاند سەرنجی ئەوەی دابوو کە "جینۆسایدی عێراقی هەمان شێوازی ڕێکخراوەیی جینۆسایدەکانی هیتلەر و پۆڵ پۆتی نییە،" بەڵام داوای لە ئەمریکا کرد کە واز لە پاشەکشێ بهێنێت لە "ناونانی جینۆسایدی عێراق بە وشەی ترسناک." خۆشاردنەوەی وەزارەتی دەرەوە لە پشت "دەربڕینی نیگەرانییەوە" بۆ بەغداد هیچ دڵنەوایی کوردەکان ناداتەوە، کە وەک هۆگلاند نووسیبووی، دەتەقێنرێنەوە، بە بیلدۆزەر لەناودەبرێن و گازباران دەکرێن بۆ لەبیرچوونەوە. لە وتارێکی دواتردا هۆگلاند لەگەڵ تیمای هۆلۆکۆستدا بەردەوام بوو. هێرشەکانی سەدام بۆ سەر کورد بریتییە لە "ترسناکترین دۆزی گازباران لەپاش کەمپەکانی مەرگی نازییەکانەوە." گەڕانی ناکۆتای بەڕێوەبەرێتی ڕیگان بەدوای "بەڵگە"دا، ئەو گەڵا هەنجیرەی[7] بە بەڕێوەبەرێتییەکە دەبەخشی بۆ هیچ نەکردن. هۆگلاند نووسیبووی کە "ڕاپۆرتەکان دەربارەی گازبارانی فروانی جولەکەکان بەردەوام بەبیانوی نەبوونی 'بەڵگە' ڕەتدەکرانەوە. ئەوانەی کە نەیاندەویست بزانن یان کردار بکەن، هەمیشە بیانوی نەبوونی بەڵگەیان لەکاتی پێویستدا بەکاردەهێنا." دەستەی نووسەرانی واشنگتۆن پۆست شوێنپێی هۆگلاندیان هەڵگرت: واشنگتۆن پۆست نووسیبووی "لە جیهانێکدا کە زۆر شت بێدەنگ کراوە، ڕۆشنە ئەگەر گازباران وەک سنووربەزاندن نەبینرێت، ئەوا هیچ سنوورێک بوونی نییە."

گاڵبرێس لەو ماوەیەدا پەیوەندی بەردەوامی بە هۆگلاند و سەفایەر هەبوو، چونکە دەیزانی کە تەنها یەک سەروتار لەلای یاسادانەران گرنگترە لە ڕاپۆرتی کۆی کۆمیتەیەک.

گاڵبرێسیش هەر کاتێک بشیایە ئاماژەی بە هۆلۆکۆست دەدا. ڕاپۆرتی سەردانەکەی ناونا "دوا ڕێگەچارەی عێراق". بەڵام جێراڵد کریستیانسەن، سەرپەرشتیاری کارمەندانی کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سینات، هەوڵی دەدا لەو تەنگژەیە دووربکەوێتەوە کە گاڵبرێس هەوڵی وروژاندنی دەدا و پێی لەسەر گۆڕینی ناوی ڕاپۆرتەکە داگرت بۆ "دوا شاڵاوی عێراق". کریستیانسەن پێیوابوو کە بەراورد لەگەڵ هۆلۆکۆستدا هەندێک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتۆرێنێت و ئەوانەش کە پشتگریی یاساکە دەکەن پێویستیان بە ئاماژەی ئەوها ئاشکرا نییە. ڕای وابوو کە کۆبەندی گاز، پەشۆکان، پەنابەر و وێرانکاری بەسە بۆ وروژاندنی ئەو لێکچوونە.

---

[7] مێتافۆری "گەڵا هەنجیر" بەو شتانە دەگوترێت کە کەسێک بۆ شاردنەوەی شتێکی دیکە بەکاریان دەهێنێت. ئەمەش لە هونەری شێوەکاری کلاسیکدا زۆر جوان نمایش کراوە، کاتێک عەورەتی ژن و پیاوە ڕووتەکانی نێو تابلۆکان بە تەنها گەڵا هەنجیرێک داپۆشراوە.

# بەرژەوەندیی تایبەت، بەرژەوەندیی نیشتیمانیی



ئەو ڕۆژەی گاڵبرێس لە توركیا گەڕایەوە، بەدتێگەیشتنێكی فراوانی لە كۆنگرێس بەدیكرد. نزیكەی هەشتا پەیامی زەرد لەسەر مێزەكەی فڕێ درابوون. یاسای سزاكان ڕووبەڕووی نارەزایەتییەكی توند ببوەوە لە كۆشكی سپی و وەزارەتی دەرەوەوە، شتێك كە گاڵبرێس پێشبینیی دەكرد، بەڵام هاوكاتیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە. لەهەمووی بێئومێدكەرتر زۆربەی ئەو سێناتۆرانەی كە هەفتەیەك لەوەوبەر پاڵپشتی یاساكەیان كردبوو، دەربارەی ناوەڕۆكەكی زانیارییان پێدرابوو. ئێستا بە بۆچوونەكانیاندا دەچوونەوە.

هەندێك لە بەرهەڵستییەكانی كۆنگرێس بونیادیی بوون. سەرانی كۆمیتەی پەیوەندییە دەرەكییەكانی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایان جیاواز بوو لەوەی كۆمیتەی پەیوەندییە دەرەكییەكانی سێنات دەربارەی سنووری دەسەڵاتەكانی بەڕێوەبەران لە سیاسەتی دەرەوەدا، كە لەم دۆزەدا دژی سزاكان بوو. نوێنەر بیڵ فرێنزڵ، دەربارەی ئەم خاڵە پرسی: "چۆن حكومەتەكەمان بتوانێت سەركردایەتیەكی كاریگەر ببەخشێت، مۆراڵی بێت یان نا، ئەگەر ئەم بەڕێوەبەرێتییە بەردەوام لەلایەن كۆنگرێسەوە پێشوەخت پێشبینی بكرێت كە دەیەوێت سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەژێر ناونیشانی هەستوروژێنیدا دابڕێژێت؟" هەموو جارێك كە كۆنگرێس هەوڵی دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی دەدا، كۆشكی سپی لە ترسا سپی دەبوو. هاوشێوەش كۆمیتەی ڕێگاكان و كەرەستەكان، كە دەسەڵاتی بەسەر بازرگانیدا هەیە، شێڵگیر دەبوو لەسەر بەكارهێنانی بازرگانی وەك كەرەستەیەكی سیاسی، لەبەرئەوە بەگشتی دژی یاسای سزاكان بوو.

بەڵام دژایەتی ڕاستەقینە لە بروای بەڕێوەبەرانەوە سەرچاوەی گرتبوو بە دیپلۆماسی و لەوەش گرنگتر، لە خواستی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەكانی ئەمریكاوە. بەڕێوەبەرێتی ڕێگان نەیدەتوانی بروا بەوە بهێنێت كە سالانیك لە وەگەرخستنی بازرگانی لە عێراق دیكتاتۆرێكی نەرم و نیان بەرهەم ناهێنێت. دەیڤ كۆرن، تایبەتمەندی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزرەتی دەرەوە، دەڵێت: "دڵنیابوون لەوەی كە سەدام دەگۆڕێ و دەیكەن بە "خانمی میهرەبانی من" (my fair lady) هەندێك بە ڕاستیی بڕوایان وابوو كە گێزەر پربەرهەمتر دەبێت لە تێلا. باسیان لە دڵنیاكردنەوەكانی عێراق دەكرد وەك ئەوەی جێگەی بڕوابن. عێراق چاك دەبوو. ڕاڤەكارێك لە 9ی 9ی 1988دا نووسیبووی كە "ئەگەر ئامانجی ئێمە بەرگرتنە بە بەكارهێنانی زیاتری چەكی كیمیایی لە كوردستان لە داهاتوویەكی نزكیدا، ئەمە چیتر كێشە نییە. چونكە بەغداد پێی ڕاگەیاندوین كە كەمپەینی دژ بە كورد خەركیە تەواو دەبێت، لەرووی پراكتیكیەوە هیچ یان كەمێك پێویستی دەبێت بۆ بەكارهێنانی چەكی كیمیایی كاتێك یاخیبوونی كوردان خامۆشكرا." گوتاری تایبەت كاریگەریی هەبوو. وەزیری

دەرەوەی عیراق، تاریق عەزیز، لە 17ی 9ی 1988دا وتی عێراق "ڕێز" لە ئەرکەکانی لەژێر یاسای نێودەوڵەتییدا دەگریێت. لە هەفتەکانی دواتردا، بەڕێوەبەرێتییەکە، بەردەوام ئاماژەی بۆ ئەو ڕستە ناتەواوەی تاریق عەزیز دەکرد، وەک بەڵگەی ئەوەی کە هەوڵە نەرمەکانی واشنگتۆن بۆ ڕازیکردنی عێراق کاریگەرن. ڕۆشن بوو کە ڕاستگۆیی عەزیز زیانی پێنەگەیشبوو لە ئەنجامی نکوڵی کردنی بەردەوامی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە. بەرپرسە ئەمریکییەکان تەنانەت ئەو بۆشایانەشیان پرکردەوە کە عێراق بە بەتاڵی بەجێهێشتبوون لە نکوڵی کردنەکەیدا. چارڵس ریدمان، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، وتی: "بۆ ئێمە ئەم بەیانە واتای ڕەتکردنەوەی عێراقە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتیدا." ئەمریکا سزای بەکارهێنانەکانی چەکی کیمیایی لە ڕابردوودا نادات و ئامادەش نییە هەڕەشەی سزادان بکات بۆ بەکارهێنان لە داهاتوودا. دوورترین جێگایەک کە چووبێت، ئەوە بوو کە هێرشی دیکە وەزارەتی دەرەوە ناچاردەکات کە بە دژایەتکردنەکەیدا بچێتەوە بۆ یاسای سزاکان. نوینەر تۆم لانتۆس، ڕزگاربوویەکی هۆلۆکۆست، ڕایگەیاند: "من سەرسام بووم بەم لۆجیکەی تاوانی پێ هەڵدەسەنگێنن، تاوانەکە پشتگوێ دەخات و سەرنج لە مەبەستی تاوانبار دەدات بۆ ئەنجامدانی تاوانی دیکە لە داهاتوودا."

بەڵام بەڕیوەبەرێتی ڕیگان بەردەوام بوو لە کردار وەک بلێی هاندانی ئابووری و پەیوەندیی گەرم کاریگەریی لە ڕژێمی سەدام حوسەین دەکەن. جەیمس بەیکەر، کە ئەوکات وەزیری دارایی بوو، پاشتر نووسی:

> دیپلۆماسی و عەقڵیەتی ئەمریکی، بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەرژەوەندیی "باشکردنی پەیوەندییەکان" لایەنداره. "گۆڕینی ئاراستەی سیاسەت لە هاوکارییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە هەمیشە پێشنیارێکی سەختە، بەتایبەتیی کاتێک پاڵپشتیەکی پتەو بۆ سیاسەتە هەنووکەییەکە هەبوو لەنێو جڤاتە جیاوازەکانی ئەمریکادا، وەک ئەو پاڵپشتیەی سیاسەتی ئەمریکی دەربارەی عێراق هەیبوو.

دەزگای هەواڵگریی لە وەزارەتی بەرگری پێشناری ئەوەی دەکرد کە پێدەچێت سەدام هەوڵی "شکستپێهێنانی یەکلاکەرەوە" و "یەکجارەکی" کورد بدات، بەڵام دیپلۆماتە ئەمریکییەکان کەمپەینەکەی سەدامیان دژی کەمینەی کورد بەهەند وەرنەدەگرت و ئومێدی باشترین دەرهاویشتەیان دەکرد.

ئەگەر بەرژەوەندییە جیۆپۆلۆتیکیەکانی ئەمریکا و بەرژەوەندیی بازرگانیی کەرتەکانی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی لەپەیوەند بە عیراق نەبونایە، ئەمریکا زووتر ئارامی نەدەما. سیاسەتی هاوکاریی هیچ بەرەنگارێکی نەبوو لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە. بەم شێوەیە یاداشتە ناوەکییەکان نیگەرانی خۆیان دەربارەی تاوانەکانی عێراق تەنها وەک ژێدەرێکی بێ بۆنە دەردەبڕی: "مافی مرۆڤ و بەکارهێنانەکانی چەکی کیمیایی بەرێی خۆی، لە زۆر لایەنەوە بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانمان لەگەڵ ئەوانەی عێراقدا هاوتەریبن."

گاڵبرێس زۆر بە شێنەیی بۆی دەرکەوت کە چارەکێکی ئەو برنجەی لە ئارکنساس بەرهەم دەهات، بۆ عێراق دەنێردرا. نزیکەی بیستوسێ لە سەدی هەناردەی برنجی ئەمریکی بۆ ئەوێ دەچوو. کارمەندێک کە نوینەرایەتی سێناتۆری لیوزیانا (جۆن بریوکس)ی دەکرد، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لەبەردەمی گاڵبرێس قووت بووەوە و بەوە تاوانباری کرد کە جینۆساید لە دژی مەرەزەوانانی لیوزیانا

ئەنجام دەدات. جوتیارە ئەمریکیەکانیش ساڵانە نزیکەی یەک میلۆن تەن گەنمیان دەنارد بۆ عێراق. هەروەک جۆن کێنیس گاڵبریس، باوکی نووسەری یاسای سزاکان، ساڵانێک پاش ئەوە نوکتەئاسا پێیوتم: "تەنها شتێک کە نەتەوێت بیکەیت دژایەتی کردنی جوتیارانی ئەمریکایە. کەمێکیان ماون، بەڵام دەبێت ئاگات لێیان بێت." بەرپوەبەرێتی ئەمریکی یارمەتی ڕاستەوخۆی لە چالاکڤانەکانی نێو جوتیار و بازرگانانی ئەمریکا وەردەگرت، کە ڕیکۆردی کۆنگرێسیان بینینی بوو و بەوە زەندەقیان چووبوو کە یاسای سزاکان بەسەر هاوڕێکانیاندا لە سێنات تێپەڕیوە. هەروەها زۆر بێشەرمانە، کۆمەڵێک کۆمپانیای کیمیایی داوایان کردبوو کە بزانن ئەگەر عێراق لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئابلۆقەی خرایە سەر، چ کاریگەرییەکی بۆ سەر بەرهەمەکانیان دەبێت.

ئەوەی هاوکات سەرسامکەر و باوە لە گۆڕانی ڕای سێناتدا دەربارەی یاساکە، ئەوەیە کە ئەو سێانتۆرانەی کە دەنگیان بۆ یاساکەدا لە 9ی 9ی 1988دا، دەنگەکانی خۆیان گۆڕی بەبێ ئەوەی کاتی خۆیان وەربگرن بۆ ئەوەی تێبگەن کە دەنگدانیان بۆ یاسای بەرگرتن بە جینۆساید پاڵپشتی ئەوانەیان لەدەست دەدات کە بەرژەوەندیی تایبەتییان هەیە. کریستیانسن، سەرپەرشتیاری کارمەندانی کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکان دەڵێت ئەوە زۆر جار لە کۆنگرێس ڕوودەدات:

> زۆرجار سێانتۆر و کارمەندەکانیان پەلەدەکەن لە پەرچەکرداریاندا بۆ هێوردکردنەوەی بەرژەوەندییە تایبەتەکان. یەکێکی باشتریان دەست دەکەوێت. یان تەنانەت پێش ئەوەی کەس گازەندەی کردبیت ئەوان پێشبینی کێشەیەک دەکەن. زۆر هەستیارن. بەخۆیان ناڵێن: ئێمە نۆ جار لە دە جار لە بەرژەوەندی ئەم لۆبیە دەنگ دەدەین، کەواتە دەتوانین ئەم جارە بە خواستی خۆمان دەنگ بدەین. بیرکردنەوەیەکی ڕەشناڵ نییە. وا هەست دەکەن کە هیچ شتێک شایانی ئەوە نییە کە لەسەری پاڵپشتی لە دەست بدەن.

ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە ئەم سەرچاوانەی دژایەتیکردن ئاشکرابوون، هیچ کام لە ڕەخنەگرانی یاساکە نەیوێرا بڵێت کە هەڵەیە هەوڵی وەستاندنی سەدام حوسەین بدرێت لە گازبارانی کوردەکان، زۆر "بەسانایی" دەیانوت کە "بەداخەوە" ئەو کەرەستانەی سێانتۆر پێڵ و هێڵم هەڵیانبژاردووە، ئابلۆقەی ئابووری، لەگەڵ ئەو شوێنەی کە سیاسەتی دەرەوەی لێدادەڕێژن، کۆنگرێس، شیاونین.

ئەو چیرۆکانەی بەرپرسانی ئەمریکی بە خۆیانیان دەگوت، ئێستا زۆر باش ناسراون و دەکرێت گروپبەندیان بکەین بۆ کاتیگۆریەکانی پزشی هیرشمان (Hirschman) کە بریتین لە: بەرهەمداریی، چەوتیی و زیان. لە دیدگای بەرهەمدارییەوە، ڕژێمی عێراقی دووبارە گەڕابووەوە بۆ کەنارگیریی و وەڵامی فشاری دەرەکیی نەدەدایەوە. لەوەش زیاتر جوتیار و پیشەسازکارانی دەوڵەتانی دیکە دەستبەجێ ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە، لەبەرئەوە لەکۆتاییدا سەدام حوسەین هەموو ئەو کەلوپەلە کشتوکاڵی و بازرگانیی و یارمەتییانەی دەستدەکەوێت کە پێویستیەتی. لە دیدگای چەوتییەوە، سزادانی سەدام لەڕێگای ئابلۆقەوە، زیاتر دیکتاتۆری عێراقی شێلگر دەکات و هانی دەدات بۆ سزادانی کوردەکانی باکوری عێراق. بیورۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک پێیوابوو کە "ئابلۆقەی ئابووری لەوانەیە بێکەڵک بێت یان ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت." کاریگەرییەکانی ئەمریکا لەسەر عێراق ناهێڵن و ڕێگە بۆ بازرگانی وڵاتانی ئەوروپی و یابان خۆش دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی عێراق بدەن کە ئابووریەکەی بنیات بنێتەوە. ئەمرۆ (لاری پۆپ)ی وەزارەتی دەرەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەگەر "ئێمە

نەمانکردایە کەسێکی دیکە دەیکرد." فەرەنسا باڵێکی درێژی بازرگانی کردنی لەگەڵ عێراقدا هەبوو. ئەڵمانیا بە ویژدانێکی ئاسوودەوە، جۆرەها مادەی کیمیایی بە عێراق دەفرۆشت. بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی بریتانیاش پێشرەو بوون. یاداشتێکی نهێنیی وەزارەتی دەرەوە، لیستێک سزای دانابوو، کە لەنێوان ئابووریی و دیپلۆماتیدا بوون، بۆ نموونە: دووبارە دانانەوەی عێراق لە لیستی تیرۆریزمدا، کێشانەوەی باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق، یان وەستاندنی پەیوەندییەکان لە بواری هاوکارییە هەواڵگرییەکاندا. راڤەکارانی ئەمریکی دەرئەنجامگیرییان کرد: "زیانەکانی ئەم سزایانە ئاشکران. بەپێوانەی جیاواز، کاریگەرییەکی نێگەتیڤی قووڵی دەبێت لەسەر توانای ئێمە بۆ رازیکردنی رژێمی عێراقی، هەروەها زنجیرەیەک لێژبوونەوەی کار و کاردانەوەی پێشبنی نەکراو و کۆنترۆڵ نەکراو دەخاتە سەر رێچکە." دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لە بەغداد هۆشیارییاندا کە "ئەگەر سەدام پێشبینی هەڵبژاردنێک لەنێوان پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ ئەمریکا و شەرمەزاربوونێکی ئاشکرا بکات، ئەوا هیچ سڵ ناکاتەوە لەوەی کە لێبگەرێت پەیوەندییەکە بەتەواوی بەرەو کەنار لێژببێتەوە."

لەهیچ شوێنێکدا لە گفتوگۆ ناوخۆییەکاندا لەسەر یاسای سزاکان کەسێک نابینێت کە بەرپرسانی ئەمریکی باس لەوە بکەن کە سەدام زیاتر لە هەموو کات داماوە لە رووی ئابوورییەوە. پاش جەنگی ئێران، عێراق چاوەڕوانی دەکرد کە نزیکەی 70 بلیۆن دۆلار قەرز بکات، یەکێک لە گەورەترین قەرزەکانی جیهان بەپێی داهاتی تاکەکەسیی دانیشتوان. یاسای بەرگرتن بە جینۆساید، کە واشنگتۆنی ناچاردەکرد لە دژی قەرزدان بە عێراق لە رێکخراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان دەنگ بدات، دەیتوانی ئاستی یەکەی دارایی عێراق دابەزێنێت و کێشەیەکی دارایی گەورەی بهێنایەتە گۆرێ کە بێگومان سەدام نەیدەخواست رووبەرووی ببێتەوە.

ئەمریکا کاریگەرییەکی زەوەندی هەبوو لەسەر عێراق. بەدەر لە بەخشینی هاوکاریی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی، ئەمریکا کڕیاری سەرەکیی نەوتی عێراق بوو. بەڵام بەرێوەبەرێتی رێگان پێیوابوو کە پەیوەندیی لەگەڵ عێراق پیویستی بەجۆرێک لە چاککردنە، نەک تێکدان.

بەرێوەبریتی ئەمریکی و بەرژەوەندییە تایبەتەکان یارمەتییان لە تایبەتمەندانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە وەرگرت لە بردنە پێشی دۆزەکەیان لەرووەکانی بەرهەمداریی، چەوتیی و زیانەوە. تایبەتمەندێک، میلتن ڤیۆرست، لە واشنگتۆن پۆست وتارێکی بووسیبوو بەناوی "گازی ژەهراوی و جینۆساید: دۆزێکی لەرزۆک لە دژی عێراق." نزیک بە مانگێک پاش ئەوەی شۆڵتز بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە پشتراست کرد، ڤیۆرست، داوای لە کۆنگرێس کرد ئابلۆقە نەخاتە سەر عێراق، چونکە سزاکە بۆ تاوانێک دەگونجێت، کە بەبروای زۆر سەرچاوەی گرنگ لەوانەیە هەرگیز رووی نەدابێت." پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە تۆماری رادیۆی عێراقی "بابەتێکە کە راڤەکردنی دژبەیەک هەڵدەگرێت" سەرنجیشی دابوو کە لەوانەیە ئەمریکا هەڵوێست بگرێتە بەر بۆ هێورکردنەوەی ئێران و زامن کردنی ئازادبوونی بارمتە ئەمریکیەکان. پاش بەسەربردنی هەفتەیەک لە عێراق "بۆ سەرنجدانی پرسەکە" ڤیۆرست باسی لە دۆزینەوەکانی دەکرد کە لە کۆپتەرێکی عێراقییەوە دەستی خستبوون. پۆزشی بۆ رووخانی ئەو هەزاران گوندە کوردییە دەهێنایەوە کە بینیبوونی، بەوەی کە عێراق هەوڵدەدات پەناگەی یاخیبووەکان لەناوبەرێت. نەیدەتوانی بە دڵنیاییەوە بڵێت کە گازی بکوژ بەکارنەهاتوە، بەڵام ئەگەرچی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە خزمەتکرابوو و بردرابوو بۆ شوێنەکان، هەستی بە دڵنیایی پێویست دەکرد بۆ ئەوەی دەرئەنجامگیری بکات کە: "گازی بکوژ بەکارهاتوە، بەڵام بۆ مەبەستی جینۆساید بەکارنەهاتوە." بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە هەر

کوردێکی عێراقی کە قسە بۆ ڕاگەیاندن بکات ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە، ڤیۆرست نووسیبووی: "ئەگەر کوشتاری بەرفراوان ڕوویبدایە. ئەگەری ئەوە هەیە کە بیانزانیایە و جیهانیان لێ ئاگادار بکردایەتەوە. بەڵام نە من و نە هیچ خۆرئاواییەکی تر من پێی گەیشتبم بانگەشەی لەم جۆرەی بەرگوێ نەکەوتووە." نووسیبووی: "لە بەغداد، من چووم بۆ زەماوەندێکی کوردیی، لەوێ خواردن، خواردنەوە و سەماکردنەکە هەموو ئەو پێشنیارانەیان پووچەڵ دەکردەوە کە جڤاتەکە لە مەترسیدابن."

# دژایەتیکردنی "چەمکە ناشیاوەکان"

بیۆرۆی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە شەرەکەی لەگەڵ بیۆرۆی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانبارىی عێراق دۆڕاند. بەڵام لە ڕازیکردنی شوڵتزدا بەوەی کە چیتر عێراق تووڕە نەکات سەرکەوت. مێرفی سەرۆکی بیۆرۆی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە وتی: "سەرکۆنەکردنمان بۆ بەکارهێنانەکانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە لە دژی یاخیبووە کوردەکان، پەیوەندیی ناسکی نێوان ئەمریکا و عێراقی هەژاندوە و لە جیهانی عەرەبیدا زۆر بە توندی رەخنەی ئاراستە کراوە. پیویستە بە زوترین کات شتێک بکەین بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کردارەکانمان وەک دژە-چەکی کیمیایی دەبینرێن نەک وەک دژە-عێراق یان ئێران-دۆست." بە "دیاریکراوی" مێرفی پێی لەسەر داگرت کە "پێویستە دژی یاسایەک بین کە چەمکی ناشیاوی وەک جینۆساید بەکاردەهێنێت." بەڵام هیچ پێشنیارێکی پێشکەش نەکرد لەسەر ئەوەی کە چۆن دەکرێت ئەمریکا کاریگەریی لەسەر عێراق دابنێت تا دەستبەرداری پەلاماردانی گوندە کوردییەکان ببێت. تیرامانی بیۆرۆ ئاراستەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عیراق کرابوو.

وەزارەتی دەرەوەی شوڵتز گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکەی مێرفی بوو، چیتر کۆی رەخنەکانی لە عیراق لە چوارچێوەی ئەو چەمکانەدا دەسوڕانەوە کە جەغتیان دەکردە سەر بەکارهێنانی چەکێکی دیاریکراو زیاتر وەک لە خودی شاڵاوەکان. لە کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی عێراقی، چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنیی، شوڵتز باسی لە سامناکیی ڕێگەدان بە بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیایی دەکرد. شوڵتز وتی: "بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم ژەهرە لەناو بتڵەکەدا مابووەوە، بەڵام ئێستا هاتۆتە دەرەوە." سەرۆک ریگان دوا گوتاری خۆی لە نەتەوە یەکگرتوەکان تەرخان کرد بۆ پێشنیارکردن بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بە مەبەستی تازە کردنەوەی پەیمانی ئەو لایەنانەی کە پرۆتۆکۆلی جنێڤی ساڵی 1925یان واژۆکردوە، کە بەکارهینانی چەکی کیمیایی قەدەغە دەکات. وتەبێژەکەی، مارلین فیتزۆتەر، جەغتی لەوە کردەوە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق لەو ساڵانەی دوایدا گەرمتر بووە. وتی "دەخوازین ئەو پەیوەندییانە بەرەو پێش بچن. ئەو هەڵوێستەی لەسەر چەکی کیمیایی وەرمانگرتوە، بەهیچ شێوەیەک بەمەبەستی ئەوە نەبووە کە بەرژەوەندییەکانمان لەو پەیوەندییە دووقۆڵییەدا زیانیان پێبگات. "

بیۆرۆی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیکیش، پێداچوونەوەیەکی ناوخۆیی تایبەت بەخۆی دەربارەی پرسی جینۆساید دەستپێکرد، دەرئەنجامگیرییەکەی بریتی بوو لەوەی کە عێراق یاخیبوون تێکدەشکێنێت و جینۆساید ئەنجام نادات. جێگری وەزیر مێرفی نووسیبووی: "شاڵاوە سەربازییەکەی عێراق، ویڕای ئەوەی دڵڕەقانە بوو. هەوڵی گێڕانەوەی ئەو خاکانەی دەدا کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەلایەن یاخیبووانەوە داگیرکرابوو، کە هاوپەیمانی ئێران بوون، هەر ئێرانیش یارمەرتی دارایی دەدان و چەکداری دەکردن بۆ کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ." پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لەبەر نەبوونی بەڵگە دەربارەی ئەوەی کە سەدام مەبەستی لەناوبردنی کوردە، کەواتە بانگەشەی جینۆساید زیادەڕۆییەکی گەورەیە. مێرفی درێژەی پێدا: "ئێمە هیچ بەڵگەیەک نابینین لەسەر لەناوبردنی کۆی کوردان." ئێستاش مێرفی لەسەر ڕای خۆی سوورە کە "جینۆساید شتێکی جیاوازە. هەمووما‌ن دەمانزانی کە سەدام کاری دڕندانە لە دژی کورد ئەنجام دەدات، بەڵام پێویستە چەمکی جینۆساید بەوریاییەوە بەکاربهێنیت، لەبەرئەوە بۆ من ڕۆشن بوو کە سەدام هیچ مەبەستێکی نەبوو بۆ لەناوبردنی هەموو کورد." مێرفی هەرگیز جاڕنامەی جینۆسایدی نەخوێندۆتەوە، لەبەرئەوە

جینۆسایدی بە شاڵاوەکانی پاکتاوکردنی هیتلەرەوە بۆ لەناوبردنی هەموو جولەکەکانی ئەوروپا گرێ دابوو.

ئەم راڤەکردنەی بیۆرۆکەی مێرفی پاڵپشتی لە (پاتریک تەیلەر)ەوە لە واشنگتۆن پۆست پێگەیشت. لە 25ی 9ی 1988دا تەیلەر وتارێکی نووسی کە زۆر بە سانایی ناوینابوو "کوردەکان: جیۆنساید نییە." تەیلەر نووسیبووی کە "ئەگەرچی راگواستنی فراوان و بەربڵاو"ی کوردەکان "مێژوویی و سامناکە. جینۆساید، لەناوبردنی رەچەڵەکێک و کولتورەکەیان....چەمکێکی شیاو نییە بۆ ناونانی ئەوەی لەو بەشەی عێراق دەگوزەرێت." تەیلەرش پێناسە یاساییەکەی "جینۆساید"ی پشتگوێخست. هاوکات پشتی بە سەردانێک بەست کە لەژێر چاودێرییەکی توند و دارشتنێکی پێشوەختدا کرابوو بۆ چەند شارێکی سەرەکی کوردی. وتارەکە ئاماژەی بە (باتوفە) دابوو کە یەکێکە لە چەندین شاری کوردیی کە لە شاڵاوی ئەنفالدا دەستیان لێنەدراوە. تەنها ناوچە گوندییەکان کرابوونە مەبەستی لەناوبردن، تەیلەرش سەردانی ناوچە گوندییەکانی نەکردبوو. جۆناسان راندالی واشنگتۆن پۆست، ئەزموونداڕانە باس لە نەریتی رۆژنامەنووسە بێ ئەزموونەکان دەکات لە ناوچەکەدا کە گشتگیرانە قسە لەسەر مەسەلەکان دەکەن. راندال دەڵێت: "وا دەردەکەوێت کە هەموو رۆژنامەنووسێک بڕوای وابێت کە ژیان ئەو کاتە دەستی پێکردەوە کە ئەوان گەیشتوون. هەر کە لە فرۆکەکە دادەبەزن دەستبەجێ خۆیان لێ دەبێتە تایبەتمەند. لایەنەکانی نێو گۆرەپان دەزانن کە کاتە دیاریکراوەکان کەین و وەک کەمانچە دەمانژەنن." رۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان چاویان بە شارە جەنجاڵەکان دەکەوت، بەڵام ناوچە گوندییەکان پەیوەست بوو بە ژیانی شاخەوە، کە لە ناوچە حەرامکراوەکاندا بوون. هەروەک وتەبێژێکی کورد وتی:

> مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت: "چیاکان تەخت بکە و لەماوەی یەک رۆژدا تاقە کوردێک نامێنێت." بۆ کورد چیا هیچی لە بەرجەستەکردنی بوونیکی خودایی کەمتر نییە، چیا دایکی کوردە، پەناگەیەتی، پارێزەریەتی،ماڵیەتی، کێڵگەکەیەتی، بازاریەتی، هاوڕێیەتی بگرە تاقە هاوڕێیەتی....ئەو کوردانەی لە دەرەوەی چیاکان شارنشینن، تەنانەت ئەو شارانەش کە لەناوجەرگەری کوردستاندان، پاش ماوەیەک شوناسی راستەقینەی کوردبوونیان لە دەست دەدەن.

لە هیچ کاتێک لەو هەژدە مانگەی شاڵاوەکانی لەناوبردندا، بەرپوەبەرێتی ریگان بە فەرمی سەرکۆنەی نەکرد، هەموو شتێکیشیان کرد بۆ کوشتنی یاسای سزاکان. هێشتا، بیۆرۆی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک بەردەوام بوو لە بانگەشەکردنی ئەوەی کە هەمان کەرەستەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیان لەبەردەستە. مێرفی نووسی: "پێویستە هەمووومان بەرژەوەندییەکانی خۆمان هاوسەنگ بکەین لەم ولاتە ئێجگار گرنگەدا، لەپێناو بەدیهێنانی ئەوەی هەموومان دەیخوازین، لە پەیوەند بە راگرتنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ." لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی نوێنەراندا وتی: "دەتوانم دڵنیاتان بکەم. کە هەڵوێستی ئێمە، بەهەمان شێوەی هەڵوێستی ئێوە پتەو و توندە...ئێمە هەمان ئامانجمان هەیە، کە بریتیە لە کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق و هەموو ئەو دەوڵەتانەی ترەوە کە توانای کیمیاییان هەیە. تەنانەت تیشکێک لە جیاوازی لەنێوانماندا نییە لەوەدا کە هەوڵدەدەین چی بەدیبهێنین." جیاوازییەکە وەک هەمیشە بریتیی بوو لە شێواز.

# دۆڕان



کاتێک خەمری ڕوژ نزیکەی دوو ملیۆن کەسی لە کەمبۆدیا لەژێر کاری زۆرەملێ و برسێتیدا کوشت، رۆژنامەنووسی وەک بێکەر و شانبێرگ، بەعەشقەوە گرنگییان بە وڵاتەکە و خەڵکەکەی دەدا، هەروەها دیپلۆماتی ئەمریکی وەک توینینگ و کوین، بە درندەیی ڕژێمە نوێیەکە کەللەیی دەبوون. بەڵام ئەم ڕۆژنامەنووس و دیپلۆماتانە هیچ ئومێدێکیان نەبوو بەوەی کە بەسەر شەکەتیی و کەمبایەخیی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسایادا زاڵ دەبن و کاردانەوەیەکی ئەمریکی دەفراژێنن لەبەرامبەر کوشتاری خەمری ڕوژدا. هەستیان دەکرد کە داناییان وەک کلوە بەفر پرووشە دەکاتە نێو ڕووبارەوە. لەبەرئەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر وردبینانە تاوانەکانیان دۆکیومێنت کرد، هەوڵیان بۆ دەستێوەردانی ئەمریکی نەدا. لە قووڵایی ناخیاندا، گومانێکیان هەبوو لەوەی کە کاردانەوەی ئەمریکا هەلومەرجەکە باشتر بکات. پاش ڤێتنام و ۆتەرگەیت، ئەمریکییەکان بڕوایەکی کەمیان بە سیستەمەکە مابوو.

گاڵبرێس جەنگەکەی بۆ سزادانی سەدام حوسەین، لەسەر جینۆسایدی کورد لەساڵی 1988دا، نزیکەی دە ساڵ پاش ڕوخانی خەمری ڕوژ، دەستپێکرد. لەماوەیەکی کورتدا زۆر شت لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیی گۆڕا. جەنگی سارد لە توانەوەدابوو، سەرۆک ریگانیش هیچ کام لە شەرمنۆکیەکانی سەرۆک کارتەری نەبوو بۆ نمایشکردنی بازووی ئەمریکا لە چوارقورنەی جیهان. بەڵام ئەمریکا هیچ زیاتر لە جاران ئامادە نەبوو سنوورێک بۆ پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤی هاوپەیمانێکی ستراتیژیی دابنێت، بەتایبەتیی ئەگەر کردنی ئەو کارە زیان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا بگەیەنێت.

سیاسەتمەدارانی ئەمریکی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دیلی بەرژەوەندییە تایبەتەکان بوون. واڵتەر لیپمان جارێک دەربارەی یاسادانەرانی ئەمریکی نووسیبووی: "لەڕووی سیاسیەوە تەنها ئەو کاتانە هەنگاو دەنێن کە بتوانن خەڵک هێوربکەنەوە، دابمرکێننەوە، بەرتیلیان بدەنێ، بیانوروژێنن، چەواشەیان بکەن یان سەرکەوتوانە بتوانن قۆرخی لایەنە هەڕەشەکەر و پێداگرەکانی دەنگدەرەکانیان بکەن. بیرکردنەوەی یەکلاکەرەوە ئەوە نییە کە ئایا پێشنیارەکە باشە، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا دەنگەدەرە قسە لەڕوو و چالاکەکان بەدڵیان دەبێت."

بەڵام گاڵبرێس بڕوای وابوو کە سێنات دامەزراوەیەکە، سەرەڕای ئەو هەموو بازرگانییە، دەتوانێت بەپێی پرینسیپڵ کردار بکات. مەرج نییە کە تەنها "ببێتە دێراوە پەتاتە و باخە چەوەندەر."

دەنگدانی پێشتری سێنات لەسەر یاسای بەرگرتن بە جینۆساید، پێدەچوو ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە دامەزراوەکە دەتوانێت کاری ڕاست لەبەر هۆی ڕاست بکات. بەڵام کاتێک ئاستی پاشگەزبوونەوە لە دەنگدانی یەکەم لەسەر یاساکە زیاتربوو، گاڵبرێس ترسی دەرکەوتنی دەرئەنجامی هەڵە لەبەر هۆی هەڵەی لێنیشت.

کەسیک کە ڕاستەوخۆ بەرپرس بوو لە لەباربردنی یاسای سزاکان کاتێک لە سێناتەوە گوازرایەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، (دان ڕۆستنۆوسکی)ی سەرۆکی کۆمیتەی ڕێگەکان و کەرەستەکانی ئەنجوومەن بوو، کە دواتر لەسەر سکاندالێکی گەندەڵیی دادەبەزێنرێت. لەژێر کاریگەریی شەپۆلی نارەزایەتییەکاندا لە کۆنگرێس، ڕۆستنۆوسکی یاساکەی ڕەوانەی سێنات کردەوە بە بیانوی ئەوەی کە وەک یاسایەکی دارایی نادەستوریانە لە سێنات دارێژراوە. ئارگومێنتەکەی ڕۆستنۆوسکی زۆر لاواز بوو، بەڵام وەک لێمکین جارێک وتبووی: "ئەگەر کەسێک حەزی لە مەستەرد[8] نەبێت، هەمیشە هۆیەک دەدۆزێتەوە بۆ دژایەتیکردنی." ڕۆستنۆوسکی حەزی لەم جۆرەی مەستەرد نەدەکرد، لەبەرئەوە یاسای جینۆسایدی پێڵ-هێڵمی لەناوبرد. گاڵبرێس سەرسام بوو. "وامزانی کە ئەنجوومەن ئەم دەقە وەردەگرێت و نیشانەی دەکات و پاشان دەیکات بە یاسا،" لەیادیەتی کە "لەو بڕوایەدا نەبووم کە بەرژەوەندیی بازرگانیی دێتە ناوەوە لە کاتێکدا کە تاوانێکی وا درندانە ڕوودەدات." دەقەکەی سێنات، زۆر ئەندامی کۆنگرێس پێیان وابوو، کە "کەمێک زیاد ڕۆیشتوە." بۆ گاڵبرێس ئەم جۆرە ناونانە کۆدێک بوو بۆ خۆبەدەستەوەدان بە تاوانباران.

هەموو شتێک لەدەست نەچووبوو. ئەنجوومەن دەقێکی تایبەت بەخۆی دارشت، کە لایەنگرەکانی ناویاننا "کاردانەوەیەکی هاوسەنگ" بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. دەقەکەی ئەنجوومەن ئەرکی سەلماندنی لە کۆڵ کۆشکی سپی کردەوە و هەموو ئاماژەیەکی بە جینۆساید لابرد. پاش چەندین دەستکاری یەک لە دوای یەک لە کۆمیتەکان، تەنها سزایەک کە دەقەکە هێشبوویەوە قەدەغەکردنی یارمەتییەکانی ئەمریکا بوو بۆ عێراق، بۆ کڕینی کەرەستەی پیشەسازیی و ئەو کەرەستە کیمیاییانەی کە دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی چەک بەکاربێن. یاسادانەرانی ئەمریکی تەنانەت دژی ئەمەش بوون، چونکە وەک دەیانوت زیان بە پیشەسازییە ئەمریکییەکان دەگەیەنێت.

گاڵبرێس پشتی ئەوانەی دەخواردند کە پێیوابوو دەکرێت ڕازیبکرێن. بەڵام توندوتیژی و تاک ئاراستەییەکەی کاری لە هەموو ئەوانە نەکرد کە لەگەڵیان دوا. کریستیانسن، سەرکارەکەی لە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێنات دەڵێت: "دژایەتکردنێکی زۆر هەبوو بۆ هەموو ئەو شتانەی پیتەر دەیکردن، بەشێوەیەکی هەڵە خەڵکی هاندەدا. وەک کەسێکی هەستیار لە کۆڵ خۆیان دەکردەوە. بەهەرحاڵ لەبەر ئیرەیی بووبێت یان لەبەرئەوەی ڕقیان لە توندییەکەی دەبووەوە، کەسێکی خوازراو نەبوو لەلایان." پەیامەکەی گاڵبرێس پەیامێک نەبوو کە یاسادانەران و بەرپرسەکان حەزیان بە بیستنی دەکرد، ئەو پێشنیاری شتێکی دەکرد کە هیچ بەڵێنێکی دەستکەوتی ماددی لەگەڵدا نەبوو، بەڵکو چەندین زیانی ئاشکراشی لەگەڵدا بوو. لاری پۆپ لە وەزارەتی دەرەوە لە یادیەتی کە "پیتەر،

---

[8] مەستەرد لەم بەکارهێنانەدا مەبەست لە سۆسێکی زەردی لە قوتوونراوە کە زیاتر لەگەڵ ساندویچ و هامبەرگەر دەخورێت. گرنگە مەستەرد لەگەڵ (مەستەرد گاز یان گازی مەستەرد) تێکەڵ نەکەین، کە لەم نووسینەدا هەردووکیان بەکارهاتوون، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەمان ڕێنووسیان هەیە (mustard). جێگەی سەرنجە کە لە نووسینە کوردییەکاندا (ماستەرد) دەنووسرێت کە هەڵەیە. وەرگێڕ.

بەڕاستی بڵێم چی، پیتەر بوو. ئازارێک بوو لە ملدا و درکێکی ڕاستەقینەش بوو لە کەلەکەی سیاسەتی هاوپەیمانیماندا."

ڕەخنەکانی بەڕێوەبەرێتی ڕیگان هەرچیەک بووبن، یاساکە لە ئەنجوومەن لە ڕۆژی 27ی 9ی 1988دا دەرکرا، بە زۆرینەیەک لە هەردوو حیزبەوە کە 388 لەبەرامبەر 15دا بوو. لە 11ی 10دا سێنات بە 87 دەنگ بەرامبەر 0 دەقێکی دەستکاری کراویان، کە تەواو لەوەی ئەنجوومەن دەچوو، قبووڵ کرد. ئەگەرچی یاساکە وەک پێویست سزای عێراقی نەدەدا، گاڵبرێس پێیوابوو کە پەیامی نارەزایەتی لەسەر دڕندەیی سەدام دەنێرێت و سەرۆک ڕیگان دەخاتە پێگەیەکی سەختەوە بۆ بڕیاردان دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەوەندە دژی سزادانی سەدامە کە ئامادەیە یاساکە ڤیتۆ بکات. لە 21ی 10ی 1988دا گاڵبرێس ئاگادار کرایەوە کە لە دوا ساتی سەوداکردنی پەرلەمانییدا پێش پشووی پاییز، نوێنەر دانتێ فاسکاڵ، بۆ دەنگدان دەقەکەی لە دەقێکی باج جیاکردبوەوە کە بەدڵنیاییەوە دەبووە یاسا، لەجیاتی ئەوە و لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی کۆمیتەکەی خۆیدا، خستبوویە دەنگدانێکی سەربەخۆوە، کە لەبەر بەشەکانی دیکەی، هیچ شانسێکی بوون بە یاسای نەبوو. دەقی سزا ئابوورییەکان هەرگیز لە کۆنگرێس تێنەپەڕی.

وەک درێژەدان بە ڕەوتی سروشتیی پرۆسەی سیاسیی لە ئەمریکا، پرسی ئەوەی کە لەسەر شاڵاوەکانی کیمیایی لە دژی کەمینەیەکی بێ بەرگریی، پێویستە سزا یان سەرکۆنەکردن بەکاربهێنرێت یان هەوڵی دورخستنەوەی ڕژێمی عێراق بدرێت لە بەکارهێنانی کیمیایی، هەرگیز ڕاڤەیەک پێشکەش بە خەڵکی ئەمریکی نەکرا. ڕێککەوتنێک هەبوو، وەک ئەوەی کە هەمیشە لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە هەیە، کە ئایا بەرژەوەندییە تایبەتەکان ڕۆژەکەیان دەبرد بەرێوە و بەرژەوەندیی تەسکی نیشتیمانی یارمەتیدەر بوو بۆ پۆزش هێنانەوە بۆ کردەی نامرۆڤانە.

گرفتەکە تەنها ئەوە نەبوو کە بەرژەوەندی تایبەت بە دەنگی بەرز لە دژی کردار دەدوا، جگە لەمە کە چەندین لۆبی خاوەن بەرژەوەندیی بوون، هیچ دەنگێکی نارازی نەبوو کە بەناوی کوردەوە تەلەفۆن بکات. کاتێک مەسەلەی بەیاساکردنی جاڕنامەی جینۆساید هاتەپێش، گرووپێکی بچوک لە سێناتۆری باشوریی، دەنگدلێر و پەراوێزخواز سەرکەوتوانە ڕێگەیان لە بەیاساکردنی جاڕنامەکە گرت. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خوێناویی خەمری ڕوژدا لە کەمبۆدیا، بەهەمان شێوە، دەنگە دلێرەکان دەنگی ئەوانە بوو کە گومان لە چیرۆکی پەنابەران دەکەن. هاوشێوە لەسەر عێراقیش، ڕێکخراوە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ، ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و هیومان ڕایتس وۆچ، هێشتا لە نووسینگە تاریک و تروسکەکانیانەوە بە بودجەیەکی بچوک کاریان دەکرد و کاری سەرەکیی ئەمنستی لەسەر زیندانە سیاسیەکان و هی وۆچیش لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بوو لە ئەمریکای لاتین و ئاسیا. گرووپێکی بنکە لە بۆستن فیزیشۆنەکان بۆ مافی مرۆڤ (PHR)، لەنێوان 7-16ی مانگی دەی 1988دا تیمێکی پزیشکییان نارد بۆ سنووری تورکیا. پاش ئەوەی بەشێوەیەکی سیستیماتیک چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پەنابەرەکاندا کرد، پزیشکەکانی (PHR) یەکەم ڕاپۆرتی سەربەخۆیان دەرکرد، کە بەکارهێنانی بەربڵاوی چەکی کیمیایی دۆکیومێنت کردبوو و شاڵاوەکانی سەدامیان ناونابوو "شاڵاوی جینۆسایدیی". ڕاپۆرتەکە کە سەرنجی بەشێکی زۆری لە میدیا، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت، ڕاکێشا، لەلایەن کەسانی کاریگەرەوە لە واشنگتۆن پشتی پێ نەبەسترا.

زۆرترین پشتگیریی سیاسی کە گاڵبریس دەستی کەوت، لە گرووپێک لە کریکارانی ستیلەوە بوو لە براونسڤیل، تێکساس، کە بڕیاربوو کارگەکەیان دابخرێت و ببرێت بۆ عێراق کە ئەمەش دەبووە هۆی لەدەستدانی سەدان کار. کاتێک زانیان کە یاسای سزاکان ڕێگە لە گواستنەوەی کارگەکەیان دەگرێت، زۆر شادمان بوون. تەلەفۆنیان بۆ گاڵبریسی شەکەت کرد و پشتگیریی گەرمی مۆراڵییان پێشکەش کرد، کە کاریگەرییەکی کەمی هەبوو لە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی بازرگانیی نێوان عێراق-ئەمریکادا. نوێنەر هاوارد بێرمان لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لە هەوڵی دەرکردنی یاسادا بوو بۆ سنووردارکردنی بازرگانی لەگەڵ عێراقدا، بەڵام کارتەکان بە چەوتی ڕیزکرابوون. بێرمان دەڵێت کە: "هیچ کەمپەینێکی ڕەگائاژۆی نێو جەماوەر نەبوو. خەڵکی ئەمریکا ئاگادار نەبوون یان گرنگییان نەدەدا بە سیاسەتی ئەوکاتی ئەمریکا دەربارەی عێراق." کاتێک کە دەقە یاساییەکە چووە بەردەستیان بۆ دەنگدان، هیچ دەنگێکیان لە دانیشتوانی ناوچەکانیانەوە نەبیست، ئەوکات زۆربەیان تەنها بەپێی بەرژەوەندییە ئابوری و ستراتیژییەکان بیریان دەکردەوە.

هەندێک لە کاریگەرترین لۆبیەکان لە ژیانی سیاسی لە ئەمریکای ئەمڕۆدا، بێگومان ئەوانەن کە بۆ بەرژەوەندیی چەند کۆمەڵێکی جیاوازی ئێتنیکی دەدوێن. جڤاتی ئەرمەنییە ئەمریکییەکان بۆ چەندین دەیە چالاکیان کرد تا لە ساڵی 2000دا مۆنۆمێنتێکیان بۆ یادی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان بەدەستهێنا، سەرەڕای ڕەخنەی تورکەکان، خەریک بوو بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتی ئەمریکیەوە بەدەستبهێنن. گروپەکانی جولەکە ئەمریکییەکان زۆر کاریگەربوون، یارمەتیدەر بوون لە دیاریکردنی بلیۆنەها دۆلار وەک کۆمەک بۆ ئیسرائیل و دروستکردنی مۆزەخانی هۆلۆکۆست لە واشنگتۆن. بەڵام کاتێک کە تاوانەکان لە تورکیا و ئەڵمانیای نازی بەڕێوەدەچوون ئەم لۆبیانە هێشتا بوونیان نەبوو. هاوشێوە لەکاتی جینۆسایدی کەمبۆدیادا، تەنها چەند کەمبۆدییەکی نیشتەجێی ئەمریکا یان نەوەکانیان لە ئەمریکا هەبوون. ئەوانەش کە هەبوون سیاسییانە ڕێکخراو نەبوون تا سەرنجی ئەمریکییەکان بۆ دۆزی هاونەتەوەکانیان لە کەمبۆدیا ڕابکێشن. لە دۆزی کوردەکاندا، کاتێک کە یاسای سزاکانی گاڵبریس لە کۆنگریس چاوەڕێی دەرچوونی دەکرد، نە کوردەکان و نە کوردە ئەمریکییەکان خۆیان یەکنەخست بۆ دروستکردنی لۆبیەک لە واشنگتۆن. کاتێک تاڵەبانی لە مانگی شەشی 1988دا بۆ یەکەم جار سەردانی واشنگتۆنی کرد، حیزبەکەی کاریان بۆ فراوانکردنی ئەو هەوڵە نەکرد، لەڕێگای دامەزراندنی بنکەیەک یان نووسنیگەیەک لە واشنگتۆن. لەتیف ڕەشید، کە نووسینگەی یەکیتی لە لەندەن بەڕێوەدەبرد، لەیادیەتی کە: " چونکە هیچ نوێنەرێکمان نەبوو لە واشنگتۆن، زۆر ئاسان بوو بۆ سەرانی ئەمریکا کە واپیشان بدەن کە کورد بوونی نییە."

میدیای ئەمریکی هەندێک جار دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، لە ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەردا بۆ نادادییەک لە دەرەوەی وڵات، یان بۆ باسە گرنگەکانی بەردەم یاسادانەران. بەهەرحاڵ، کاتێک باس هاتە سەر کوشتاری کورد لەلایەن عێراقەوە، کیمیابارانی مانگی سێی 1988ی هەڵەبجە و کیمیابارانەکانی دیکەی مانگی نۆی 1988، کەمێک لایان لێکرایەوە، بەڵام نە کەمپەینی لەناوبردنی کورد لە ناوچە گوندنشینەکان و نە یاسای بەرگرتن بە جینۆساید لەکاتی هێنان و بردنەکانی یاسادانەراندا لە کۆنگریس هیچ کاردانەوەیەکی ڕاگەیاندنییان بەرهەم نەهێنا. ئەم کەم بایەخییەی ڕاگەیاندنەکان یارمەتیدەر بوو لە دڵنیاکردنەوەی یاسادانەران و بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتی ڕیگان کە دەتوانن دژی یاساکە بن بەبێ ئەوەی کاردانەوەی نێگەتیڤی ڕاگەیاندنەکان بوروژێنن.

سێناتۆر پێل گوتاری پاش مەرگی یاسای بەرگرتن بە جینۆسایدی خوێند:

هەندێک جار پرۆسەی یاسادانمان بەشێوەیەک کاردەکات کە خەڵکی ئەمریکا دەتوانن تێبیگەن و بینرخێنن. 9ی 9ی 1988 ڕۆژێکی لەو جۆرە بوو. لەو ڕۆژەدا وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر بەکارهێنانی گاز دژی کەمینەی کورد، سێنات بە کۆی دەنگ یاسای سزا بەرفراوانەکانی دژی عێراق دەرکرد.....ئێستا ئێمە لە دۆخێکداین کە دوو ئەندامی پایەبەرزی ئەنجوومەنی نوێنەران توانیان ڕێگربن لە زۆرینەی باڵای هەردوو ئەنجوومەن و سێنات کە لایەنگری سزادانی عێراق بوون لەسەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی. ئەمە ئەو جۆرە شتانەیە کە زۆر لە ئەمریکییەکان تووشی ڕەشبینیی دەکات دەربارەی پرۆسەی یاسادانان.

ئەمریکا داوای کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانی نەکرد، وەک هەندێک پێشنیاریان کردبوو، لەبەرامبەردا لەگەڵ نۆ دەوڵەتی دیکەدا داوایان لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە تیمێک لە تایبەتمەند بنێرێت بۆ عێراق بۆ لێکۆڵینەوە، جەختیان لەوە کردەوە کە نەتەوە یەکگرتوەکان تیمەکە لەشێوەی ئەوانە دابرێژێت کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لە چەکی کیمیایی کردبوو (کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان لەلایەن عێراقەوە دژی ئێران پشتڕاست کردبوەوە). بەرپرسە ئەمریکییەکان ئەم پێشنیارەیان کرد بەبێ سەرنجدان لەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر بەڵگەی حاشاهەڵنەگریان دابوو بەدەستەوە لەسەر ناکارایی سیاسەتی لێکۆڵینەوە بەتەنها. ئەم جۆرە تیمانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵانی 1986، 1987 و 1988دا گەیشتبوونە ئەو دەرئەنجامەی کە عێراق چەکی کیمیایی لە دژی ئێران بەکارهێناوە.

لە مانگی 11ی 1988دا عێراق، (هەیوود ڕانکین)ی دەرکرد، هەمان ئەو کارمەندەی نووسینگەی دەرەوەی ئەمریکا کە هاوسەفەری گالبرێس بوو بۆ ناوچە کوردییەکان لە ساڵی 1987دا، لەبەرئەوەی کە سەردانێکی دیکەی باکوری عێراقی کردبوو بۆ پشکنین دەربارەی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عێراقەوە. بەغداد وتی دەریدەکات چونکە: "قسەی لەگەڵ کوردەکاندا کردوە". لەبەرامبەردا وەزارەتی دەرەوە دیپلۆماتێکی عێراقی لە باڵوێزخانەی عێراق لە واشنگتۆن دەرکرد، بەڵام ڕەخنەی ئاشکرای لە دەرکردنەکەی ڕانکین نەگرت، یان نەیبەستەوە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لەناوبردنی کوردەوە.

سەدام حوسەین، ماوەی هەژدە مانگ بوو سەرقاڵی وێرانکردنی ناوچە گوندنشینەکانی کوردان بوو. کەمپەینی بکوژی ئەنفال بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا، ئەگەرچی وەزارەتی دەرەوە لافاوێکی بەردەوامی لە زانیاریی هەواڵگریی لەسەر لەناوبردنی کورد و خاپوورکردنی گوندەکانیان و گازبارانی خەڵکی سیڤیل پێدەگەیشت، بەڵام بەرپرسانی بەرێوەبەرێتی ریگان تەنها ئەو کاتانە قسەیان دەکرد کە لەلایەن میدیاوە ناچار دەکران یان لە کاتی هەوڵە نەپساوەکانی دەرکردنی یاسای سزاکاندا لە کۆنگرێس. تەنانەت ئەو کاتانەش، ڕەخنەکانیان هێندە بەرتەسکانە دادەڕشت کە وەک ئەوە وابوو، بەراشکاوی بڵێن کە سەدام ئازادە لەوەی هێرش بکاتە سەر کوردەکان بەهەر ڕێگایەک، سەرەڕای چەکی کیمیایی. سێناتۆر پێڵ دەستیدایە هەوڵەکانی بۆ سزادانی عیراق، چونکە پێیوابوو کە وەستاندنی جینۆساید گرنگترە لە بەرژەوەندییە جیۆپۆڵەتیکی، کشتوکاڵیی، کولتوریی، بازرگانیی، یان نەوتییەکان. بەڵام ئەوانەی دژی سزادان بوون پرسیارەکەیان وەک پرسیارێک نەدەبینی کە دەربارەی پرینسیپڵ لە دژی بەرژەوەندییە. کریکستیانسن دەڵێت: "خەڵک

ناخوازن ددان بەوەدا بنێن كە پێوانەی پرینسپڵێكی گرنگ بە بەرژەوەندیی دەنگدەرەكانیان دەكەن. لەبەرئەوە پێیان باشترە كە پرنسیپڵەكان بە تەڵخی بهێڵرێنەوە، تەنها لە ئاسۆدا دابنرێن، و ڕێگە نەدرێت گەڵاڵە ببن."

لێرەوە ئەوانەی نەیاندەخواست سەدام سزا بدەن، بەخۆیانیان دەگوت كە تاوانەكە مەرج نییە جینۆساید بێت، كە كوردەكان خۆیان خۆڵیان كردوە بەسەری خۆیاندا، هەروەها بەڵگەی گازبارانەكان زۆر پتەو نین. ئەمریكا زانیاریی هەواڵگریی هەبوو كە جیاوازی دەكرد لەنێوان شەڕەكانی سوپای عێراق لەگەڵ چەكدارە كوردەكان و وێرانكردنی كۆی دانیشتوانە بێچەكەكان. هەروەها، ئەگەرچی بڕیاردەران لەوەدا ڕاست بوون كە هاتنی زانیارییەكان چەوتییان تێدابوو، بەڵام بەدەگمەن سیاسەتی ئەمریكی لەسەر بەڵگەی پتەو بنیاتنراوە. بەرپرسە ئەمریكییەكان بەدڵنیاییەوە بەشی پێویست زانیارییان هەبوو لەسەر ئەوەی كە سەدام حوسەین ئامادەیە هەر شتێكی فەراهەم بەكاربهێنێت بۆ یەكلاییكردنەوەی "كێشە كورد"ییەكەی.

# پاشهات

## ژیان (و مردن) پاش ئەنفال



سەدام حوسەین، کەمپەینی ئەنفالەکەی تەنها پاش شکستخواردنی هەوڵەکانی گاڵبریس بۆ سزادانی لە پاییزی 1988دا کۆتایی پێهێنا. ئەو کوردانەی لە ناوچە حەرامکراوەکانەوە راگوازرابوون بەڵام لەناونەبرابوون، ناچارکران کە واژۆ یان پەنجەمۆری بەڵگەنامەیەک بکەن کە لێی نووسرابوو: "من------- کە لە خوارەوە واژۆم کردوە، گەواهی دەدەم کە لە پارێزگای---- دەژیم، لە بەشی ------ - ژمارەی شوناسنامەکەم -------، دەزانم کە رووبەرووی سزای مەرگ دەبمەوە ئەگەر دەرکەوت کە ئەم زانیارییانە هەڵەن، یان ئەگەر ناونیشانەکەم بگۆرم بەبێ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان یان دەزگا پەیوەندییدارەکان." کوردەکانی ناوچە حەرامکراوەکان، خزێنرابوونە زیاتر لە دەرزەنێک کۆمەڵگای زۆرەملێی گەورەوە، کە هەر یەکەیان زیاتر لە پەنجا هەزار کەسی تێدا نیشتەجێ کرابوو، کە هەموویان لە پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بوون، یان ***ئەنفالەکان***. ئەو کوردانەی لە زیندانەکانی عێرقدا بوون، گوایا بەر لێبوردنی گشتی کەوتوون، کەچی سەرەرای ئەوەش هەر دەکوژران. هەندێک ئازادکران بەو مەرجەی کە "لە بەراورد بە عێراقیەکانی دیکە، بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان. مەگەر زۆر ئاشکرا نیازپاکی خۆیان نمایش بکەن و کرداری دروست بکەن و پیشانی بدەن کە کۆتاییان بە هەموو پەیوەندییەک هێناوە لەگەڵ تێکدەرەکاندا." دەسەڵاتدارانی عێراقی وتیان کە "لەرێگای قووڵ چاندنی سیخوری کارامە لە نێویاندا چاودێریی دەکرێن."

پاش تەواوکردنی چالاکیە درندانەکەی بەو پەری لەخۆبردووییەوە، ئەلمەجید سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەستکەوتەکان لە دەست نەچن: "پێویستە کە کاردانەوەیەکی توند و یەکلاکەوەرەمان هەبێت بۆ هەموو بەدرەوشتییەک کە روودەدات، بەشێوەیەک کە کاردانەوەکە توندتر دەبێت لەو کارە بەدەی کە کراوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو کارە بەدە چەند بچووک و ناکاریگەرە."

لە ساڵی 1989دا، لە "ناوچە ئۆتۆنۆمییە کورد"ییەکەی سەدامدا، تەنها چەند سەد گودنێک بەپێوە مابوون. لەپاش دیاریکردنی ناوچە حەرامکراوەکانەوە نزیکەی 4.049 گوند وێران کرابوون. لە مانگی 4ی 1989دا ئەلمەجید نووسینگەی باکوری دایە دەست جێگرەوەکەی. لە ئاهەنگێکی وەک

(دەستاودەست پێکردنی مەشخەڵ)ەکەدا، باسی لە کارە باشەکەی دەکرد، لەهەمان کاتیشدا ددانی بەوەدا دەنا کە مرۆڤبوونی خۆی پاراستوە.

پێمخۆشە کە ددان بەوەدا بنێم کە من کەسی شیاو نیم و نابم، بۆ بارودۆخی ئارامی هەنووکە لە باکور....من دەگریم، کاتێک کە فیلمێک یان بەرنامەیەکی تراژیدیی دەبینم. رۆژێک گریام کاتێک لە فیلمێکدا ژنێکم بینی کە بەبێ کەسوکار ون ببوو. بەڵام پێمخۆشە پێتان بڵێم کە ئەرکی سەرشانم چی بوو. پێموانییە کە تۆ بتوانیت لەوە زیاتر بکەیت کە من کردم.

کاتێک جۆرج بوشی باوک، لە مانگی یەکی 1989دا چووە کۆشکی سپی، تیمی سیاسەتی دەرەوە پێداچوونەوەیەکی ستراتیژیی سەرەتاییان، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراقدا ئەنجامدا. لێکۆڵینەوەکە لە هەمان ئەو کاتەدا تەواو بوو کە ئەلمەجید باکوری عێراقی بەجێهێشت، لێکۆڵینەوەکە پێیوابوو کە عێراق هاوپەیمانێکی زۆر کاریگەر و یارمەتیدەرە لە ڕاگرتنی ئێران و بەرەوپێش بردنی پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. "ڕێنماییەکان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی عیراق" ئەو لایەنگرانەی یاسای سزاکان و چەند ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤی ڕامالْی کە لە هەوڵی لۆبی کردندا بوون لە وەزارەتی دەرەوە. ریێنماییەکان سەرنجی دابوو کە سەرەڕای پشتگیری وەزارەتەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، بەرگری و دەرەوە بۆ پەیوەندییەکی پڕقازانج و ئارام، "چەند بەشیک لە کۆنگریس و وەزارەتی دەرەوە ئامادەن تەنانەت میهرەبانترین و پڕقازانجترین لایەنەکانی پەیوەندییەکە نغرۆ بکەن، بۆ وێنە هەناردەی کشتوکاڵیی." بەرێوەبەرێتی بوش ئامادە نەبوو کە پەنا بەرێتە بەر سیاسەتی ڕاگرتنی دوولایەنەی هەردووک ئێران و عێراق. دەنگی دلێری بازرگانە ئەمریکییەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە عێراق سەرچاوەی دەرفەتەکانە نەک دوژمنایەتی. کۆشکی سپی هەموو ئەو شتانەی کرد کە لە توانایدا بوو، بۆ دروستکردنی دەروازەکان بۆ ئەم کۆمپانیایانە. وەزیری دەرەوە جەیمس بەیکەر دواتر نووسی: "ئەگەر ئێمە عێراقمان گۆشەگیر بکردایە، هاوکات بازرگانییە ئەمریکییەکان، بەتایبەتی بەرژەوەندییە کشتوکاڵییەکانیشمان، لە چەندین دەرفەتی بازرگانیی گرنگ بێبەش دەکرد." سەدام یەک بلیۆن یەکەی کشتوکاڵیی دیکەی وەرگرت. عێراق بووە نۆهەم گەورەترین کڕیاری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکا، خوازراوترین دەوڵەت بوو لەلای سیاسەتمەدارانی هەرێمە کشتوکاڵییەکانی ناوەڕاستی رۆژئاوا. وەک بەیکەر زۆر میهرەبانانە لە یادەوەرییەکانیدا نوسیوویەتی: "پێداچوونەوەی بەرێوەبەرێتیەکەمان بە سیاسەتەکانی پێشووتریدا دەربارەی عێراق بەدەر نەبوو لە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ناوخۆ."

ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرێتی بوش ئەو نیگەرانییەیان دەرخست کە پۆزش هێنانەوەی ئاشکرا بۆ کوشتارەکانی عێراق لە ئێستادا سەختترە لە کاتی جەنگی ئێران. ڕێنماییەکان ئاماژەی دابوو: "تەمومژاوی بوونی دۆزەکە، پاش ئەوەی کە هەڕەشەی ڕاستەوخۆی پاوانخوازی ئێران لە بەین چووە، لەگەڵیشیدا ئەو قەڵغانە لەبەین چووە کە عێراقی لە ڕەخنەی خۆرئاواییەکان دەپاراست. ئەمەش ڕێگای خۆش کردوە کە مافی مرۆڤ ببێتە گۆڕەپانی ململانێ بۆ ئەوانەی کە دەخوازن پۆزش بۆ تێکدانی یان سنووردارکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراقدا بهێننەوە." وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەو دیدە بەردەوام بوو کە کوردەکان خۆیان بە یاخیبوونیان بانگهێشتی چەوساندنەوەیان کردوە. هەروەک نووسەری ڕێنماییەکان ئامۆژگاری دابوو: "بەهیچ شێوەیەک نابێت ئێمە خۆمان ببەستینەوە بە شەست ساڵ لە یاخیبوونی کوردەکانەوە لە عێراق یان دژی هەوڵە شەرعییەکانی عێراق بین بۆ سەرکوتکردنی ئەو یاخیبوونە." بەرپرسە ئەمریکییەکان ڕاڤەی ئەوەیان نەکردبوو کە چۆن

سەرکوتکردنی شەرعیانەی یاخیبوون لە سەکوتکردنی ناشەرعی جیابکەینەوە، بەڵام ئەمریکا هیچ گومانی نەبوو لەوەی سروشتی رژێمەکە چۆنە. رێنماییەکان بەردەوام بوون: "سەدام حوسەین بەردەوام دەبێت لە لەناوبردنی ئەوانەی کە بە هەرەشەیان دەزانێت، لە ئەشکەنجەدانی ئەوانەی کە هەست دەکات نهێنییان هەیە بۆ ئاشکراکردن، هەروەها فەرمانرەوایی دەکات بەبێ هیچ ملدانێک بۆ دیمۆکراسی....زۆر کەمن ئەوانەی بڕوایان وایە کە عێراق لە داهاتودا دەگۆرێت بۆ رژێمێکی مرۆڤانە." بەڵام کاتێک کە دوانزە دەوڵەتی خۆرئاوایی پێکەوە لەساڵی 1989دا لە کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان، پشتگیریی بڕیارێکی توونديان کرد کە داوای دەکرد نوینەرێکی تایبەت دیارییبکرێت بۆ "ئەنجامدانی لێکۆلێنەوەیەکی فرەلایەنی دۆزی مافی مرۆڤ لە عێراق،" ئەمریکا رازی نەبوو لەگەڵیاندا بێت.

لە 2ی 10ی 1989دا، ساڵێک پاش ئەوەی 60.000 کورد لە ترسی شاڵاوی کیمیایی ئاوارەی تورکیا بوون، سەرۆک بوش رێنمایی ئاسایشی نەتەوەیی (National Security Directive) واژۆ کرد، کە دەرئەنجامگیریی کردبوو: "پەیوەندیی ئاسایی لەگەڵ عێراقدا خزمەتی بەرژەوەندییە دوور مەوداکانمان دەکات و ئارامیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو بەرەوپێش دەبات." بەم پێیە بەرێوەبەرێتی بوش: "هەوڵی دۆزینەوەی دەرفەت دەدات و ئاسانکاری بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەکات کە بەشداربن لە بونیاتنانەوەی ئابووری عێراقدا." ئەو وێرانکارییەی جەنگی عیراق-ئێران بەرهەمی هێنابوو دەرفەتی زەوەندی دروست کردبوو. وەک لە دۆزەکانی تری وەک باشوری ئەفریقا و دواتریش (چین)دا، ئەمریکا پۆزشی بۆ هاوکاریی ئابووری خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا ئەوە بوو، کە گوایا گەشانەوەی ئابووری و پەیوەندیی خورئاواییەکان، رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەرەو پێش دەبات لە باشوری ئەفریقا و چین. بەڵام لە دۆزی عێراقدا بەهیچ شیوەیەک ئاماژە بۆ "بەرژەوەندییە دوور مەوداکانی مافی مرۆڤ"ی کورد و عەرەبە عێراقییەکان نەکرابوو. چونکە ئاشکرا بوو، تا سەدام لە دەسەڵاتدا بێت، هیچ مافێکی مرۆڤ نابێت.

لە برۆشەی پێشوازیکردنی میوانەکاندا بۆ بەشی ئەمریکا لە پێشانگای بەغدادی نێودەوڵەتیی بۆ بازرگانیی لەساڵی 1989دا، باڵوێزی ئەمریکی گلاسپی نووسیبووی کە باڵوێزخانەی ئەمریکی: "باڵاترین پێگەی داناوە بۆ بەرەوپێشبردنی بازرگانیی و دۆستایەتی لەنێوان هەردوو نەتەوەدا." چەندین کۆمپانیای ئەمریکی بەشداریان کرد لەوانە (AT&T International)، ( General Motors)، (Xerox)، (Westinghoud) و (Wang Laboratories)، چەندی تریش کاریان کرد بۆ دروستکردنی پلاتفۆرمی بازرگانیی عێراق، کە لە واشنگتۆن لۆبی دەکرد بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان.

چەند ئەندامێکی دیارکراوی کۆنگرێس رێگەیان نەدا کە باسی دڵرەقی سەدام لە دژی دانیشتوانی وڵاتەکەی خامۆش ببێت. لە ساڵی 1989دا سوپاس بۆ کۆڵنەدانی نوێنەر بێرمان، هاوپەیمانەکەی سیناتۆر پێڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەران، کۆنگرێس دواجار رازیبوو کە هاوکاری بانکیی بۆ هاوردن و ناردن بۆ عێراق قەدەغە بکات. بەڵام هەڵاوێردێکی دروستکردبوو کە بریتی بوو لەوەی کە رێگە بە بەرێوەبەرێتی بوش بدات بۆ پشتگوێخستنی یاساکە ئەگەر ئاسایشی نەتەوایەتی وای خواست. دوو مانگ دواتر سەرۆک بوش سوودی لەم کەلێنە وەرگرت. لە 17ی 01ی 1990دا بوش دژایەتی کۆنگرێسی پشتگوێ خست و بڕیارێکی دەرکرد بۆ بەخشینی نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار یەکەی بانکیی بۆ هاوردن و ناردن لەگەڵ عیراقدا. ئەگەر کۆنگرێس و کۆشکی سپی بوش لە پێناوی بەرژەوەندیی

تایبەتدا هاوکاری عێراقیان دەکرد، ئەوا بەڕێوەبەریتی ئەمریکی بە بیانوی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی دەیکرد. هیچ کام لە بەڕێوەبەرێتییەکانی ڕیگان و بوش هەرگیز لە دژی ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردان قسەیان نەکرد.

# ئیسرائیل بسووتێنە، پردەکان بسووتێنە



لە سەرەتای ساڵی 1990دا رەفتارەکانی سەدام حوسەین هێند بێباک بوون، کە سەرۆک بوش ناچاربوو کار بکات بۆ پۆزش هێنانەوە بۆ پەیوەندییە گەرمەکان. لە مانگی سێدا عێراق رۆژنامەنووسێکی بریتانی لە سێدارەدا بە تاوانی ئەوەی کە سیخوڕی بۆ ئیسرائیل کردوە. راپۆرتەکان، دەربارەی هەوڵەکانی عیراق بۆ بەهێزکردنی توانا ناوەکیی و کیمیاییەکانی دابارین. لە 2ی 4ی 1990دا سەدام حوسەین شومشیرەکانی لێکخشاند، لە گوتارێکیدا بۆ جێنراڵە گشتییەکانی سوپاکەی، ئەوەی پشتراست کرد کە عیراق چەکی کیمیایی هەیە و هەڕەشەی لە ئیسرائیل کرد کە ئەگەر پەلاماری عێراق بدات: "پشت بە خوا، نیوەی ئیسرائیل دەرخواردی ئاگر دەدەین." ئەمە دواتر وەک گوتاری "ئیسرائیل بسوتێنە" ناسرا، هەروەها تووڕەیی تایبەتی ئەو ئەمریکیانەی پشتی ئیسرائیل دەگرن بۆ سەدام دەستەبەر کرد، بەتایبەتی سێناتۆری کۆماریی شاری نیو یۆرک ئەلفۆنس دیئەماتۆ کە زۆر بە پەلە گاڵبرێسی بانگکرد بۆ دارشتنی یاسایەکی دیکەی سزاکان، کە ئەمەیان بە "رێزگرتنی عێراق لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی 1990" ناسرا.

بەڕێوەبەرێتی بوش بەردەوام بوو لە هیوا خواستن بەوەی کە سەدام چاک دەبێت. چەند سێناتۆرێکی کاریگەریش پشتگیریيان دەکرد. وەفدێکی کۆنگرێس، کە لە ناویاندا سێناتۆر (بۆب دۆڵ) و (ئالان سیمپسن)ی تیدابوو، لە ناوەڕاستی مانگی چواری 1990دا لە عێراق گەڕانەوە، پاش ئەوەی، بۆ ماوەی دوو کاژێر و نیو، چاویان بە سەدام حوسەین کەوتبوو. زۆر بە شانوباڵیدا هەڵیان دەدا، وەک سەرکردەیەک کە ئەمریکا دەتوانێت کاری لە گەڵدا بکات. لە چاوپێکەتنەکەدا سەدام سکاڵای کردبوو کە: "کەمپەینێکی بەرفراوان لە ئەمریکا و ئەوروپاوە لە دژی ئێمە بەڕێوەدەچێت." سێناتۆر دۆڵ دڵنیایی کردەوە کە: "لە سەرۆک بوشەوە نییە،" جەغتی لەوە کردەوە کە سەرۆک بوش ڤیتۆی هەر یاسایەکی ئابلۆقە دەکات، ئەگەر هەردوو ئەنجوومەکەی کۆنگرێس بریاریان لەسەردا. بەڵام تا دەهات بەرەنگارییەکەی کۆنگرێس فراوانتر دەبوو. لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، نوێنەر لانتۆس، بەرەنگاری جێگرەوەکەی مێرفی بووەوە، جۆن کێلی کە جێگری وەزیر بوو بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی

نزیک، لانتۆس پێیادا هەڵشاخی: "لە چ کاتێکدا بەڕێوەبەرێتیی بوش لەوە تێدەگات کە سەدام پیاوێکی باش نییە؟" جۆن کێلی خۆی بە پێگەی ئەمریکیدا هەڵواسی: "ئێمە لەو بڕوایەداین کە هێشتا دەرفەت هەیە بۆ گۆڕانکاری پۆزەتڤ لە ڕەفتاری عێراقدا."

دژایەتی سێنات بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی بەرهەمداریی، چەوتیی و زیان وەک بناغە بۆ بەردەوامیدان بە بێدەنگییان. بەڵام هەندێک وەئاگا هاتبوونەوە بۆ هەستکردن بە کاریگەرییە مرۆیی و ئاسایشییەکانی ڕێگەدان بە سەدام بۆ سەپاندنی مەرجەکانی پەیوەندییەکە. لە ساڵی 1990دا ئەو شتانەیان دەگوت کە لە ساڵی 1988دا نەیاندەگوت. سێناتۆر ولیام کۆهین، باسی لە ترسنۆکی ئەمریکا دەکرد: "ئەوە بۆنی نەوت و ڕەنگی پارەیە کە پرنسیپڵەکانمان دەپووکێنێتەوە." بۆ ئەو سێناتۆرانەی کە دەیانوت ئابڵوقەی تاکلایەنە هیچ دەستکەوتێکی باشی نابێت، کۆهین دەیوت کە ئەگەر ئەمریکا پەنای گرت لە سزادانی سەدام لە ترسی ئەوەی کە هاوپەیمانەکانی هەمان کار ناکەن، "کەواتە ئێمە تەنها ئەو ئارگومێنتەمان بۆ ماوەتەوە کە دەڵێت شوێن مێگەل بکەون، شوێنی بکەون تا ئەو جێگایەی سەدام حوسەین نان بدەین، لەکاتێکدا ئەو بەردەوامە لە کوشتار، پەلامار، یان زۆر بە سانایی هەڕەشەی کردنیان دەکات." کۆهین بەر لە دەنگدانی سێنات لەسەر یاسای سزا نوێیەکان لە 27ی 7دا هیتلەری یادهێنایەوە: "لە قۆناغێکی مێژووەکەماندا گوێمان لە تەپە تەپی چەترەکەی نێڤیڵ چەمبەرلەین[9] بوو لەسەر شۆشتە بەردینەکانی میونیخ. ئێستا وا خەریکە گوێمان لە فڕەی تراکتۆر دەبێت لەسەر خشتەکانی بەغداد." سێناتۆر نانسی کاسباوم لە (کەناساس)ەوە، کە ساڵانە یەک ملیۆن تەن گەنمی بۆ عێراق دەنارد، پشتگیری خۆی نیشاندا. سێانتۆر نانسی بە ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ هەستی بزوابوو، کە باسی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی منداڵان دەکرد، هەروەها تووڕەش بوو لە خوێنساردیی سێنات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەدام حوسەین، لە وتەیەکی بەناوبانگدا ڕایگەیاند کە هەرێمەکەی هەرێمێکی کشتوکاڵییە یان نا، پێویستە کەنساس پشتگیری یاسای سزاکان بکات. خانم نانسی وتی"من ناتوانم بڕوا بکەم، کە هیچ جوتیارێک لەم وڵاتەدا بیەوێت بەرهەمەکەی بنێرێت بۆ وڵاتێک کە چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، بۆ وڵاتێک کە منداڵەکانی خۆی بریندار دەکات و ئەشکەنجە دەدات." سێنات لە 27ی 7ی 1990دا دەنگی لەسەر چاکسازییەکەی (دیئەمۆتۆ)دا. کە ڕێگەی لە ئەمریکا دەگرت لە زیادکردنی هەر هاوکارییەکی دارایی و کشوکاڵیی، هەروەها لە فرۆشتنی چەک بە عێراق، مەگەر سەرۆک دڵنیایی بدات کە عێراق "بەئاشکرا ڕێز دەگرێت" لە چەند ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەناویاندا جارنامەی جینۆساید. سێنات گفتوگۆیان لەسەر چاکسازییەکی دیکە کرد کە لەلایەن سێانتۆری تێکساس (فیڵ گرام)ەوە پێشکەش کرابوو، کە ڕێگەی بە سەرۆکی ئەمریکا دەدا بۆ پشتگوێخستنی بڕگەکانی یاساکە ئەگەر لەو بڕوایەدا بوو کە سزاکان زیان بە کەرتەکانی بازرگانی و کشتوکاڵی دەگەیەنن، زیاتر لەو زیانەی بە عێراقی دەگەیەنن.

هەفتەیەک پاش دەرچوونی یاساکە لە سێنات، عێراق کوەیتی داگیرکرد، سەدام حوسین، عەلی حەسەن ئەلیمەجید (عەلی کیمیایی)، وەک سوپاسالاری کوەیتی داگیرکراو دەستنیشان کرد.


---

[9] نێڤیڵ چەمبەرلەین، سەرۆک وەزیرانی بریتانی بوو لەنێوان ساڵانی 1937 بۆ 1940دا. لەساڵی 1938دا، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ هیتلەر مۆرکرد کە هەندێک لەو زەویانەی بە ئەلمانیا بەخشی کە دایشتوانەکەی ئەلمانی زمان بوون، ئەمە بە ڕێککەوتننامەی میونیخ ناسراوە و سێناتۆر ولیام کۆهینیش مەبەستی ئەو کوبوونەوەیە کە وەک خاڵێکی ڕەش بە رووخساری بریتانیەکانەوە دیارە کە لە کاتی جینۆسایدی جوولەکەکاندا ڕێککەوتنیان لەگەڵ هیتلەر و مۆسۆلینی ئیمزا دەکرد. ئەوەی بەغداد و فڕەی تراکتۆریش مەبەستی داوای بازرگانە ئەمریکەکانە بۆ بەردوام بوونی هاوکاری لەگەڵ عێراق تەنانەت لە سەردەمی جینۆسایدیشدا. وەرگێڕ

پاش چەند کاژێرێک لە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، پێشنیارە لە مێژینەکەی نوینەر بێرمان بۆ نەهێشتنی هاوکاریی دارایی بۆ هاوردن و ناردن لەگەڵ عێراقدا بە کۆی دەنگ لە ئەنجوومەن دەرچوو. لەو کاتەدا هیچ کەس رەخنەی لە پێشنیارەکە نەگرت. سنووربەزاندن و داگیرکردنی کوەیت شکاندنی سەروەریی دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئەمریکا و هەرەشە بوو بۆسەر هاتنی نەوت. فاسکاڵ، سەرۆکی کۆمیتەی کاروبارە دەرەکییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران، فەرمانێکی بەڕێوەبەریی دەرکرد، کە بە قەڵەمی سەرۆک بوش نووسرابوو، کە داوای ئابڵوقەی ڕەهای دەکرد لەسەر عێراق، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی هەموو سەروەتەکانی لە ئەمریکا.

قەرزەکانی ئەمریکا لەشێوەی گەرەنتیدا بۆ عێراق لە ساڵی 1983ەوە نزیک بە 5 بلیۆن دۆلار دەبوو. ئەم قەرزانە سکەی پارەیان بۆ حوسەین ئازاد دەکرد بۆ ئەوەی سوپا بەهێزەکەی مۆدێرنیزە و بەهێزتر بکات، لەگەڵ دروستکردنی زۆرتری چەکی بکوژی کیمیاییدا. لە کاتی داگیرکردنی کوەیتدا، دانەویڵەی زۆری ئەمریکی هێشتا سوپای عیراقی تێردەکرد.

# ڕاپەڕینی کوردان




بۆمبارانی بەغداد لەلایەن ئەمریکاوە لە 17ی 1ی 1991دا دەستی پێکرد. ماوەیەک پاش ئەوە هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا بنکەکانی گاردی کۆماریی عێراقیان هەڵتەکاند. گاڵبرێس تەلەفۆنێکی لە سەرکردەی کورد، جەلال تاڵەبانییەوە، بۆ هات، داوای دەکرد کە زانیاریی هەواڵگرییان لەسەر جووڵەی هێزە سەربازییەکانی عێراق لێوەربگرن. گاڵبرێس ئەم کارەی ڕێکیخست بە ڕادیۆکردنی ڕاپۆرتەکان لە باکوری عیراقەوە بۆ دیمەشق، پاشان بە کوردی فاکس دەکران بۆ ددانسازێک لە دیترۆیت کە ئەویش وەریدەگێرانە سەر زمانی ئینگلیزی و دەیناردن بۆ واشنگتۆن. بەڵام گاڵبرێس هەر زوو بۆی ئاشکرا بوو کە لە بەڕێوەبەرێتی بوش کەس نییە ئەم ڕاپۆرتانە وەربگرێت. ڕاست بوو کە ئەمریکا لە شەڕدا بوو لەگەڵ عیراق، بەڵام ئەم شەڕە هەرگیز ئەمریکای ناچار نەکردبوو کە کار لەگەڵ کورددا بکات. بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە گاڵبرێسیان ئاگادار کردەوە، کە ئەو زانیارییانەی کوردەکان کۆی دەکەنەوە، سوودێکی کەمیان دەبێت. کاتێک تاڵەبانی سەردانی واشنگتۆنی کرد، ئەو کارمەندە پلە نزمەی ڕازیبوو ببینێت، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە دیدارەکە لە باڵاخانەی وەزارەتدا نەبێت، بەڵکو دەبێت لە قاوەخانەیەکی ئەو نزیکانەدا بێت.

بەڵام لە 15ی 2ی 1991دا، سەرۆک بوش بۆ یەکەم جار باسی لە گۆڕینی ڕژێمی عێراق کرد. گوتارێکی پێشکەش کرد، کە تا ئەم ڕۆژەش کوردەکان دەتوانن وشە بە وشەی دووبارە بکەنەوە. بوش وتی: "ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ڕاگرتنی ئەم خوێنڕشتنە، ئەویش بریتیە لەوەی سەربازە عێراقییەکان و خەڵکی عێراق کارەکە بگرنە دەستی خۆیان و سەدام حوسەینی دیکتاتۆر ناچاربکەن کە وازبهێنێت." کوردەکان هێند لە مێژبوو هەوڵی دەربازبوونیان دەدا لە عێراق، کە گوتارەکەی بوشیان وەک هاندانێک وەرگرت بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی سەرتاسەریی. لە 27ی 2ی 1991دا پاش تەنها سەد کاژێر لە شەڕی زەمینیی، بوش ئاگربەستی ڕایگەیاند. لە ترسی "ڤێتنامێکی دیکە" بوش بۆچوونی جیابوو لە دانایی جێنراڵ کۆلن پاوڵ، کە "ڕاوێژکاری سەربازیی سەرۆک کۆمار" ( Joint Chief of Staff)بوو، دەربارەی کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بەر لە ئاوابوونی سەدام. عێراق بە 300.000 سەربازی ئامادەباش و 2.000 تانکەوە بەجێهێڵرا. بەڵام شیعەکانی عێراق، کە متمانەیان بە پاڵپشتی هاوپەیمانان هەبوو، هەروەها تواناکانی بەغدادیان بەکەم نرخاند، دەستیان کرد بە ڕاپەڕین لە باشوری عێراق لە 2ی 3ی 1991دا، پاشان لە 6ی 3دا، کوردەکانیش لە باکور ڕاپەڕین.

گاڵبرێس کە لەلایەن تاڵەبانییەوە ئاگادار کرابووەوە کە کوردەکان سەرهەڵدان دەکەن، گاڵبرێس مۆڵەتێکی لە کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێنات وەرگرت بۆ سەردانێکی راستی دۆزینەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. مەبەستی سەرەکیی چوون بوو بۆ ناوچە کوردییەکان تا بزانێت کە پێوستە ئەمریکا چۆن یارمەتی کوردەکان بدات. بەڵام ئەو بەشەی نیازەکەی لای خۆی هێشتەوە، چونکە دەیزانی کە سەرکارەکانی هەرگیز رێگەی نادەن کارێکی وا سامانک ئەنجام بدات. گاڵبرێس، کە زیاتر لە هەر ئەمریکییەک ئاگاداری درندەیی سەدام بوو، دەیزانی کە رووداوەکان پێشبینی ناکرێن و تووڕەیی سەدام حوسەین شایانی ترسە. رۆژێک پێش ئەوەی دیمەشق بەجێبهێڵێت، نامەیەکی بۆ کوڕە سیانزە ساڵانەکەی، ئەندرۆ، نووسی:

> چاوەکەم ئەندرۆ
>
> هیوادارم هەرگیز ئەم نامەیەت بەدەست نەگات، بەڵام ئەگەر بەدەستت گەیشت، چەند شتێک هەن دەمەوێت بیانزانیت.
>
> یەکەم، من چووم بۆ کوردستان چونکە بروام بە یارمەتیدانی ئەوانە هەیە کە کراونەتە قوربانی. کوردەکان لە راپەڕیندان لەدژی رژێمێکی درندە و خەڵکەکەیان پێویستیان بە یارمەتی هەیە، لەسەروو هەموو شتێکەوە خۆراک و دەرمان. بە چوونم بۆ ئەویَ پێموابوو کە دەتوانم کۆنگرێس رازیبکەم بۆ دەستبەرکردنی ئەو یارمەتییە.
>
> دووەم، من زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە ناتبیم کاتێک گەورە دەبیت. دایکت و من لێکجودا بووینەوە کاتێک تۆ کۆرپە بوویت، لەبەرئەوە بەراستیی من و تۆ هەرگیز خێزان نەبووین. بەڵام زۆر زۆرم خۆشدەوێیت و دەزانم کە پیاوێکی میهرەبان و چاکت لێدەردەچێت. ژیانێکی باش، بەخشندە و میهرەبان بژی.
>
> خۆشەویستیم
>
> بابە

گاڵبریس یەکەم بەشی سەفەرەکەی لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی (نیوس ویک)دا بوو. هەردووک کەوتنە بەر دەستڕێژێکی گەرمی گوللە، لەکاتێکدا کە بە بەلەم لە دیجلە دەپەڕینەوە. گاڵبرێس وێنەی یەکەم چوونە ناوەوەی خەمهێنەر و ئەو وێرانکارییە بەرفراوانەی زەمینی کوردانی، بە کامیرایەکی ڤیدیۆی (Hi-8) گرت. کوردەکانی بە شادی بینی. رۆژی 30ی 3ی 1991 بوو، راپەڕینی کوردەکان دوو هەفتە بوو درێژەی هەبوو. کۆنترۆڵی زۆربەی کوردستانی عێراقیان کردبوو. لە زاخۆ شەقامەکان جەنجاڵ بوون و بڵندگۆکان هاواریان دەکرد: "ئێمە کورستانمان ئازاد کرد!" کوردەکان ئۆتۆمۆبیلی بەجێماوی عێراقییان رادەکێشا بۆ شوێنی چاککردنەوە. ئەو دۆکیومێنت و شریتی ڤیدۆیانەیان رادەوەشاند، کە لە ئەرشیڤی پۆلیسی عێراقیدا گرتبوویان. لە ئاهەنگێکی ئێوارەدا لەگەڵ تاڵەبانی، گاڵبرێس پێشنیاری خواردنەوەی خۆشیی کرد و وتی: "سەرۆک ویدرۆ ویڵسن بەڵێنی خۆدفەرمانڕەوایی بە گەلانی جیهاندا، رێککەوتننامەی سیڤەریش ئەو مافەی بە کوردان بەخشی. من شادمانم کە یەکەم کارمەندی فەرمیی ئەمریکی بم لەسەر خاکێک رابوەستم کە کوردەکان خۆیان فەرمانڕەوایی دەکەن." بەڵام لە 6.15 خولەکی بەیانیدا گاڵبرێس وەئاگاهێنرایەوە و زۆر بە سانایی پێیانوت "کاتی ئەوە هاتوە بڕۆیت." سەدام راپەڕینەکەی سەرکوت دەکرد.

کوردەکان پشتیان بە هاوکاریی ئەمریکا بەستبوو، هەروەها ئەو گورزەیان بەرز نرخاندبوو کە هێزە هاوپەیمانەکان لە سوپای عێراقیان وەشاندبوو. دژە هێرشێکی درندانەی هێزەکانی عێراق بە تانک، تۆپی قورس و فڕۆکەوە دەستی پێکرد، کۆی دانیشتوانی کوردستان ئاوارەبوون.

کاتێک مانگێک لەوەوبەر، ئەمریکا دانوستانی ئاگربەستی لەگەڵ عێراقدا کرد، پێی لەسەر قەدەغەکردنی فڕینی کۆپتەرەکانی عێراق دانەگرتبوو. سوپاسالاری ئەمریکی نۆرمان شوارسکۆڤ، دواتر وتی "ناچارکرابوو" کە ڕێگە بە فڕینی کۆپتەرەکان بدات تەنها بۆ کاری پەیوندیی و گواستنەوە. ئێستا ئەم کۆپتەرانە بوون کە ببوونە چەکی سەرەکیی بۆ کوشتاری کوردەکان لەلایەن عێراقەوە. چونکە کۆپتەرەکان کیمیابارانی کوردەکانیان کردبوو لە ساڵانی 1987 و 1988دا زۆربەی کوردەکان بەر لە دژە هێرشەکەی عێراق هەڵهاتن.

ئەگەرچی هەرێمەکەیان ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت بوو، پاش هەشت مانگ ئابڵوقەی ئابووری و دوو مانگ شەڕ، کوردەکان بەنزینێکی کەمیان هەبوو بۆ هەڵهاتن. زۆربەی پەنابەرەکان بە ڕیزی درێژ و شەکەت بەپێ ڕێگە دوورەکانیان دەبڕی. 1.3 ملیۆن کورد ڕژانە ناو چیاکانی سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا. عێراقییەکان بەمەبەست گوندەکانی سەر ڕێگاکانیان بە بیلدۆزەر و دینەمایت خاپوور کردبوو، بۆ ئەوەی پەنابەرەکان پەناگەیەکیان دەستنەکەوێت تا لە ڕێگا تێیدا بحەوێنەوە. گالبرێس لەڕێگا بە پیاوێک گەیشت، کە گونییەیەک گەنمی پێبوو کە پێشتر گوومشک ژەهراوی کردبوو. ئەوە خۆراکی هەموو گوندەکەیان بوو، ئەویش هەوڵی دەدا کە ژەهرەکە لە گەنمەکە بشواتەوە.

پاش مانەوەی تەنها سیوشەش کاژێر لە "کورستانی ئازاد" گالبرێس گەڕایەوە بۆ سنووری سوریا، کە لەژێر تۆپبارانێکی سەختدا بوو. کە تۆپەکان دەیاندا بەملاولایدا، خۆی فڕێ دەدایە ناو قوڕ و گونییە خۆڵەکانەوە، کە لە قەراغ ڕووبارەکە سەنگەریان لێدروستکرابوو. لەوێوە بەلەمێکی بچکۆلە بردی بۆ سوریا. عێراقییەکان ڕۆژی دوای ئەوە خاڵی پەڕینەوەی سەر سنووریان دەست بەسەردا گرت.

ئەگەرچی گالبرێس، لەبەر ناجێگیریی کامێراکەی لە کاتی وێنەگرتنەکەیدا، گاڵتەی پێدەکرا، بەڵام وێنەکانی، کە یەکەم وێنەی شکستی ڕاپەڕینی کوردەکان بوون، لە ڕۆژی 1ی 4ی 1991دا، بوونە وێنەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا. پەنابەرە کوردەکان چەند ڕۆژێک پاش ئەوە گەیشتنە سەر سنووری تورکیا، بەڵام گالبرێس تەلەفۆنی بۆ مۆرتن ئەبرامۆویتز کرد، جێگری سکرتێری پێشووی بیۆرۆی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوە، کە لەو کاتەدا باڵوێزی ئەمریکا بوو لە تورکیا، بۆ ئەوەی هۆشیاری بکاتەوە کە نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارە بەم زوانە دەگەنە بەردەگاکەیان. لە 2ی 4دا گالبرێس یاداشتێکی چڕی بۆ سیناتۆر جۆرج میتچڵ و دانیاڵ پاتریک مۆینیهان ئامادەکرد، تیایدا ڕاپۆرتی دابوو کە کوردەکان لە بەردەم هەڕەشەی کۆکژیدان. پێدەچێت کە گرنگترین دەرهاویشتەی هەوڵە شکستخواردووەکانی ساڵی 1988ی گالبرێس بۆ سزادانی عێراق ئەوە بووبێت، کە لە ساڵی 1991دا، کاتێک کوردەکان بۆ جارێکی دیکە ڕووبەڕووی کوشتار بوونەوە، خەڵک لە واشنگتۆن لانیکەم شتێکیان دەربارەی ئەم کەمینە بەدبەختە بیستبوو. لەبەرئەوەی پێشتر دۆزی جینۆسایدی لە ساڵی 1988دا وروژاندبوو، سیناتۆر پێڵ توانایەکی زۆرتری هەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوپەیمانان، کە ئەگەر شتێک نەکەن، کوردەکان بە تەواوەتی لەناودەبرێن. بە چوونی بۆ عیراق بەبێ

مۆڵەتی سێنات، گاڵبرێس ڕێساکانی کۆمیتەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێناتی شکاندبوو. پاش ئەوەی کە لە کوردستان بینیبووی، دەستیکرد بە گریاندنی خەڵکی تر. کارمەندەکان ڕێگەیان پێنەدەدرا کە قسە بۆ میدیا بکەن، بەڵام گاڵبرێس لە 1ی 4 و 4ی 4 و دووبارە لە 18ی 4دا لە بەرنامەی هێڵی شەو (Nightline)دا دەرکەوت. هاوکات بابەتێکی سەربەرگی بۆ "نیو ڕیپەبلیک" نووسی، دەربارەی ڕاپەڕینە شکستخواردووەکە. لە 17ی 4دا سێناتۆر مۆینیهان لە هۆڵی سێناتدا لەجیاتی گاڵبرێس قسەیکرد. پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە کۆنگرێس خەڵاتی "ئەم خزمەتەی بکات کە لە سەروو هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکەوەیە." ئاماژەی بەوەدا کە کارمەندانی سێنات زۆر جار بایەخیان پێنادرێت و وتی: "ئەمە مەسەلەی بایەخدان نییە لەلای ئێمەوە. بەڵکو زۆر بەسادەیی ئەوەیە کە لە دوو سەدە یا زیاتری ڕابردوودا ئێمە کەسانی هاوشێوەی گاڵبرێسی لاومان نەدیوە: بێباک لە سەلامەتی و خۆشگوزەرانیی خۆی، نیگەرانی سەلامەتی و خۆشگوزەرانیی کۆی گەلێکی چەوساوەیە کە لە ئەزموونێکی تاڵدا گیرۆدەن."

تا ناوەڕاستی مانگی چوار نزیکەی 400.000 پەنابەر گەیشتبوونە سەر سنوورەکانی تورکیا، ترسی ئەوەش هەبوو کە نزکیەی نیو ملیۆنی دیکە بەڕێوەن. ئەو ناوبانگە نوێیەی گاڵبرێس بووە هۆی ئەوەی کە کەمتر لەجیاتی زیاتر بە تاکتیک بێت. بەرگوێی دەکەوت کە واشنگتۆن پێیوایە کە کێشەکە بەتەنها بە ڕێکخراوە مرۆییەکان چارەسەر دەکرێت. لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئاسایشی کوردەکان لە تورکیا، بەیکەر وەزیری دەرەوە وتی: "ئومێدی ئەوە دەکەین کە ئامادەگیی ڕێکخراوە مرۆییەکان ببێتە هۆی بەرگرتن بە سووکایەتیکردن و لەناوبردنی زیاتر لە داهاتوودا." لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوە مرۆییەکاندا کە چل تا پەنجا ڕێکخراو ئامادەی بوون، گاڵبرێس تەقیەوە و وتی: "ئایا ئێوە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دەستەیەک سویدیی بێچەک لە خاڵەکانی نانداندا، دەتوانن دڵنیایی پێویست بە کوردان ببەخشن کە لەو چیایانە بێنە خوارێ و ڕووبەڕووی پیاوێک ببنەوە کە سەرۆکەکەی ئێمە بە هیتلەری شوبهاندوە؟ پێموایە پێشنیارەکەی ئێوە بۆ کێشەی (ئاوشویتز) ئەوە دەبوو کە دەستەبەری ژمارەیەک کیژی سویدیی شۆرت لەبەر بکەن بۆ ئەوەی خۆراک بدەن بە جولەکەکان!" هەڵچوونەکەی بە بێدەنگی پێشوازیی لێکرا. ئەمە شێوازی باوی کارکردن نەبوو. گاڵبرێس پێیوترا کە زۆر هەستیارانە بە کێشەکەوە لکاوە.

بەڵام گاڵبرێس پێشنیاری هەبوو، دەستتێوەردانی هێزە هاوپەیمانەکان، کە پشتیوانی لێدەکرا. سەرۆک وەزیرانی بریتانی جۆن مەیجەر، هانی بەڕێوەبەرێتی بوشی دەدا بۆ ئەوەی کردار بکەن. ولیام سەفایەر هێرشی کردە سەر سەرۆک کۆمار بۆ "لەدەستدانی مێشکی" و نووسی: "خەڵکی خۆشباوەڕی وەک کورد، ئێستا دەزانن کە لەوانەیە لەسەر پشتبەستنیان بە میستەر بوش بکوژرێن." بەڵام بوش هێشتا سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی، کاردانەوەکەی بریتی بوو لە بەخشینی 10 ملیۆن دۆلار بۆ کۆمەک. کارمەندێکی باڵای کۆشکی سپی وتی: "سەد وتاری وەک ئەوەی سەفایەر ڕای جەماوەر ناگۆڕێت. سیاسەتەکەمان هیچ دەرئەنجامێکی خراپی نابێت."

بەڵام تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا، زۆر بە توندی نارەزایی دەربڕی. کە پێوستی بە یارمەتی ئەمریکا هەیە بۆ ڕزگاربوون لەدەست ئامادەگیی ئەو کوردە پەراگەندانە لە باشوری ڕۆژئاوای تورکیا. بەیکەر، وەزیری دەرەوە، لە 7ی 4دا بە کۆپتەر سەردانێکی سنووری تورکیای کرد و لە وەستانێکی حەڤدە خولەکیدا نزیکەی 50.000 کوردی بینی کە باوەشیان کردبوو بە چیاکاندا و گردببوونەوە. بەیکەر لە کێشەی پەیوەندیی جەماوەریی دەترسا کە هەموو دەستکەوتەکانی بەڕێوەبەرێتی بوش لە

جەنگی کەنداودا هەڵبوەشێنێتەوە. هەروەها کارەساتە مرۆییەکە بزواندی. ڕۆژانە نزیکەی هەزار کورد دەمردن. بەیکەر وتی: "ئێمە ناتوانین ڕێگە بدەین ئەمە بەردەوام بێت. پێویستە شتێک بکەین، پێویستیشە دەستبەجێ بیکەین."

لە 16ی 4ی 1991دا ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا (ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی پەناگە)یان دەمەزراند، "بەهەشتێکی ئاسودە"یان بۆ کوردەکانی باکوری عێراق لەسەر هێڵی 36 چێ کرد. هێزە زەمینییەکانی هاوپەیمانان ئۆردوگای کۆمەکیان لە عێراق بۆ کوردەکان دامەزراند، هەروەها فڕۆکە ئەمریکی، بریتانی و فەرەنسیەکان پاسەوانیی ئاسمانی ناوچەکەیان دەکرد.

دابینکردنی پەناگە، دەشێت باشترین ئاماژە بووبێت، بۆ ئەوەی کە جیهانی پاش جەنگی سارد دەتوانێت چی بکات بۆ بەرگرتن بە جینۆساید. لەژێر فەرماندەیی جێنراڵ جۆن شالیکاشڤێڵ نزیکەی 12.000 سەربازی ئەمریکی هاوکاربوون لە پاراستنی ناوچەکە، کە بەشێک بوون لە 21.000 سەربازی سوپای زەمینیی هێزە هاوپەیمانەکان. ئەم دەستێوەردانە یەکەم دەستێوەردان بوو لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێک بۆ مەبەستی مرۆیی. سوپاس بۆ هەوڵەوکانی هاوپەیمانان، کوردەکانی عێراق توانیان بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان و لەگەڵ پاراستنی فڕۆکەکانی ناتۆدا، فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن.

# دادوەریی؟




ژنانی پاشماوەی ئەنفالەکان ئەمڕۆ خزێنراونەتە نێو ئۆردوگاکانی نیشتەجێکردنەوە و هێشتا خۆیان هەڵواسیوە بەو هیوایەوە کە پیاوە ئەنفالکراوەکانیان لە زیندانە نهێنییەکانی بیاباندا هێشتا زیندوون. بەدواداچوونەکانیان هەندێک جار بە وردبینییەکی ساردوسڕەوە وەڵام دراونەتەوە و هەندێک جاری دیکە بە پشتگوێخستنێکی یاسایی و ئەخلاقییەوە. لە 25ی 10ی 1990دا دەسەڵاتی عێراقی لە هەولێر ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد: بڕگەی "هیچ زانیارییەکمان نییە دەربارەی چارەنووسیان" جێگەی بڕگەی "لە شاڵاوە سەرکەوتووەکانی ئەنفالەکاندا گیراون و هێشتا لە زینداندان" دەگرێتەوە.

لە دەروازەی شارە وێرانەکەی هەڵەبجەدا، پەیکەری پیاوێک پێشوازیت لێدەکات کە لەکاتی مەرگدا هەوڵی پاراستنی دوو کوڕە ساواکەی دەدات لە گازباران. زیاتر لە 70.000 کورد گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شارەی کە بە گیراوەیەکی بکوژی ڤی ئێکس، مەستەرد و سارین کیمیاباران کرا. هەندێک لە ڕزگاربووەکان بە سووتانی چاویان بە گازی مەستەرد کوێربوون. لە بەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەی شەهیدان لە هەڵەبجە، منداڵ لەبارچوون و لەدایکبوونی منداڵی کەمئەندام، بۆ نموونە لە لێو، قورگ و مەلاشوودا، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. کریستین گۆسدن، بۆماوەناسێکی (geneticist) بریتانیی، هەوڵی کۆکردنەوەی پارە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەخۆشەکان داوە، دەڵێت: "ئەوانەی کە ڕزگاربوون نەک بەتەنها ناچارن لەگەڵ یادەوەری ئەو کەسانەدا بژین کە لەناکاوێک لە ئامێزیاندا مردن، بەڵکو دەبێت هەوڵیش بدەن بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ دەردە ئازاراوییەکانی خۆیان و هاوڕێ و خزمە ڕزگاربووەکانی تریان." گۆسدن دەڵێت کە مردنی کۆرپە چوار جار زیاترە لەوەی کە لە شاری سلێمانی دراوسێی هەیە. لوکیمیا و وەرەم بەشێوەیەک دانیشتوانەکەیان گیرۆدەکردەوە، کە بەپێی دکتۆرە کوردەکان چوار جار زیاترە لە ناوچەکانی دیکە. کیمیۆسێرۆپی و ڕادیۆسێرۆپیان نییە. لە هەمووی سامناکتر، بەبڕوای گۆسدن، ئەو کەمئەندامییە بۆماوەییانەی کە لە منداڵانی لەدایکبووی پاش کیمیابارانەکەدا دەردەکەون، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە کیمیاییەکە تێکشکانی هەمیشەیی جینەکانی لەوانەدا بەرهەمهێناوە کە بەرکەوتوون. لێکۆڵینەوە پزیشکییە سەرەتاییەکان دەریانخستوە کە ئەو کەمئەندامییە بۆماوەییەی کە لە دایک و باوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ، هاوشێوەی ئەوەیە کە تووشی ئەوانە بوو کە لە دووری دوو میل لە سێنتەری تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمییەکی هیرۆشیما و ناگازاکی دەژیان. ئەنفال بە کردەیی لە ساڵی 1988دا کۆتایی پێهات، بەڵام گۆسدن ناوی دەنێت "جینۆسایدی بەردەوام" کە نەوەکانی داهاتووش باجەکەی دەدەن.

لە ڕاپەڕینە شکستخواردووەکەی 1991یاندا لە دژی بەغداد، کوردەکان نووسینگەکانی پۆلیسیان دەست بەسەردا گرت، لەوێ چەندین دۆکیمێنتی حکومەتیان دۆزیەوە. فایلەکان بە ڕەمەکیی خراوبوونە نێو گونییەی ئارد و کیسی چاوە. هەندێکی تریان بە دەرزی یان قەیتان پێکەوە بەسترابوون. دۆسیەی دەستنووس بە بەرگی گوڵدار داپۆشرابوون، هەندێک لە سەردێڕە عەرەبییەکان بە نەخشی ڕەنگاوڕەنگ و یاداشتی نووسراوی کارمەندە بێزارەکان دەوردرابوون. ئەو کوردانەی ئەم دۆکیومێنتانەیان دەستکەوت، بیریان لە دادگاییکردنی بەرپرسانی عێراقی نەدەکردەوە، یان تەنانەت بیرشیان لە دۆکیومێنتکردنی جینۆساید نەدەکردەوە بۆ نەوەکانی داهاتوودا. بەڵکو هەوڵیان دەدا شوناسی سیخوڕەکانیان دەستبکەوێت. ئەگەرچی زۆرێک لە دۆکیمێنتەکان لە ڕاپەڕینەکەدا سووتان یان فەوتان، عێراقییەکان هێند وردبین بوون لە دۆکیومێنتکردنی کوشتار و لەناوبردنەکانیادا کە زیاتر لە پێویستیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتبوو.

لە مانگی 5ی 1992دا گالبریس یارمەتیدەر بوو لە ڕێکەوتنێکدا بۆ گواستنەوەی چواردە تەن دۆکیومێنت بۆ ئەرشیفی نیشتیمانیی لە واشنگتۆن، بۆ پاراستن. هیومان ڕایتس وۆچیش، چوار تەن دۆکیومێنتی لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان وەرگرت و بە پارێزراوی گواستنیەوە و لێکۆڵینەوەیەکی بێوێنەی لەسەر کردن. زیاتر لە چوار ملیۆن لاپەڕە لە دۆکیومێنت، کە نەک بە تەنها شاڵاوەکانی ئەنفالیان لەخۆگرتوە، بەڵکو هەموو سەرکوتکردنەکانی عێراقی لە ساڵی 1960ەوە لەخۆگرتوە. فەرمانی ئاشکرای تەقەبکە بۆ کوشتن. وەک لە 14ی 6ی 1987دا، کە فەرمانێکی نووسینگەی بەعسە لە زاخۆ دەڵێت: "هاوڕێیانی تێکۆشەر، هاتنەناوەوەی هەر بارێکی مرۆیی، خۆراک، یان کەلوپەلی میکانیکی بۆ گوندەکانی ناوچە حەرامکراوەکان، لە قۆناغی دووەمی شاڵاوەکەدا بەتەواوی قەدەغەیە...ئەرکی سەرشانی ئەندامانی سوپایە کە هەموو ئەو مرۆڤ و ئاژەڵانە بکوژن کە لەو ناوچانەدا دەیانبینن." زۆر بەشانازییەوە چیرۆکی وێرانکردنی گوندەکان و لەناوبردنی دانیشتوانەکانیان دەگێڕنەوە، یان باسییان لە چرکەکانی کۆبوونەوە، فەرمانی گرتن، تێبینی لەسەر چاودێریکردنی تەلەفۆن، هەروەها فەرمانی کومەڵکوژیی، دەکرد.

لە ساڵانی 1992 و 1993دا، هیومان ڕایتس وۆچ لێکۆڵەرەوەکانی ڕەوانەی کوردستانی عێراق کرد، لەوێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ 359 ڕزگاربوو کرد کە کوشتارەکانیان بەچاوی خۆیان بینیبوو. لێکۆڵەرەوەکان لەگەڵ فیزیشیۆنەکان بۆ مافی مرۆڤدا هاوکارییان دەکرد بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و کۆکردنەوەی بەڵگە، وەک نموونەی خاکی کیمابارانکراو و پارچەی بۆمب، سەرەڕای کەللەسەری خودی قوربانییەکان. هەڵدەرەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بینیان کە دەستی پیاو، ژن و منداڵە کوژراوەکان بە پەت بەستراونەتەوە، لە هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵدا پەلکەی تێکنەچووی ژنێکی کورد دۆزرایەوە.

لێکۆڵینەوەی هەژدە مانگیی هیومان ڕایتس وۆچ (بە هاوکاریی فیزیشیۆنەکان بۆ مافی مرۆڤ) گرنگترین لێکۆڵینەوە بوو کە لەلایەن ڕێکخراوێکی ناحکومییەوە ئەنجامدرابێت. لەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بوو کە حکومەتێکی ئەمریکی کە دەخوازێت کوشتارەکان ڕابگرێت، لەکاتی بەردەوامیی تاوانەکاندا داوای دەکات. هیومان ڕایتس وۆچ، گریمانەکانی پێشتری شۆڕش ڕەسوڵیان پشتڕاست کردەوە، ئەو لێکۆڵەرە بێئەزموونەی کە لە شاڵاوەکانی کۆڵیەوە. گرووپی هیومان ڕایتس وۆچ گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە لەنێوان 50.000 تا 100.000 کورد (کە زۆربەیان ژن و منداڵ و هەمووشیان

بێچەک بوون) لەنێوان مانگەکانی 2 بۆ 9ی 1988دا لەناوبراون. هەزارەها کورد بەزۆرەملێ ڕاگوازراون. ناتوانرێت ژمارەی ئەوانەی کە لەناوبراون یان "بێسەروشوێنن" دیاری بکرێت، چونکە زۆربەی ئەو پیاوانەی دەبران لەلایەن تیمەکانی گوللەباران کردنەوە گوللەباران دەکران و لە گۆڕی بەکۆمەڵی نادیاردا لە باشوری عێراق لەنزیک سنووری سعودیە دەنێژران. سەرکردایەتی کورد بانگەشەی ئەوە دەکات کە 182.000 کەس لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لەناوبراون. مەحمود عوسمانی سەرۆکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان[10]، باس لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی 1991 دەکات لەگەڵ سوپاسالاری ئەنفالدا، ئەلمەجید، کە بەو ژمارەیە زۆر تووڕەبوو و وتی: "ئەم ژمارە گەورەکراوە چیە 182.000؟ هەرگیز ناشێت زیاتر بووبێت لە 100.000 کەس."

بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، هیومان ڕایتس وۆچ بۆی دەرکەوت کە دەوڵەتێک جینۆسایدی ئەنجامداوە. زۆرجار ژمارەیەکی زۆر لە قوربانی پێویستە بۆ دەرخستنی نیازی لەناوبردنی گروپێک. بەڵام لە دۆزی عێراقدا دۆکیومێنتە دەستبەسەرداگیراوەکانی حکومەتی عێراقی زۆر بە ڕاشکاوی تۆماری مەبەستی لەناوبردنی هەموو گوندنشینە کوردەکانی کردوە.

پاش دۆکیومێنتکردنی جینۆساید، هیومان ڕایتس وۆچ، لە بەهاری 1994دا، پارێزەر (ڕیچارد دیکەر)ی ڕاسپارد بۆ داڕشتنی دۆزێکی یاسایی. دیکەر، هیواداربوو کە کەنەدا، هۆڵندا یان دەوڵەتێکی سکەندناڤی بەپێی یاسای جاڕنامەی جینۆساید سکاڵایەک لەسەر عێراق لە دادگای دادی نێودەوڵەتی تۆماربکات. دیکەر دەڵێت: "ڕۆڵی من ئامادەکردنی دۆزێکی یاسایی پتەو بوو، لەگەڵ ڕازیکردنی دەوڵەتێک بۆ لەئەستۆگرتنی دۆزەکە. بێگومان من زۆر بە سەختی شکستمخوارد." دیپلۆماتەکان سەرەتا دەیانوت کە عێراق جینۆسایدی ئەنجام نەداوە. دیکەر لە یادیەتی کە دەیانوت: "ئەها، بەبڕاوی من ئەمە هیچ لە هۆلۆکۆست ناچێت." بەڵام کاتێک لە یاساکە شارەزابوون، زۆربەی بەرپرسەکان دەستبەرداری ئەو بیانوە بوون و بەدەنگی بەرز نیگەرانییان دەردەبڕی دەربارەی دەرئەنجامەکانی سکاڵاکردن لەدژی دەوڵەتێکی دۆست لە دادگایەکی نێودەوڵەتی.

ئەگەر دۆزی جینۆساید بدرایەتە دادگای دادی نێودەوڵەتی، دادگا دەیتوانی بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی سەروەتەکانی عێراق بدات یان فەرمانی سزادانی تاوانباران لە عیراق، لە دەرەوە یان لە دادگایەکی نێودەوڵەتی بدات. لەپاش دادگاییەکانی نۆرمبێرگ، هیچ دادگاییەکی نێودەوڵەتی بەڕێوەنەچووبوو، بەڵام پارێزەرانی مافی مرۆڤ ئومێدەواربوون کە دۆزی عێراق بایەخ دەگێڕێتەوە بۆ دادگاییکردنی نێودەوڵەتی. پاش چەندین ساڵ لە هەوڵەکانی دیکەر و هاوکارەکای یووست هیڵتەرمان، دوو دەوڵەت بەنهێنی ئەرکەکەیان قبوڵکرد. بەڵام ڕازینەبوون سکاڵا بدەن بە دادگای دادی نێودەوڵەتی بەبێ بەشداربوونی دەوڵەتێکی ئەوروپی لەگەڵیاندا. تا ئەم ڕۆژەش هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپی ڕازینەبووە.

سێناتی ئەمریکی جاڕنامەی جینۆسایدی واژۆکرد، بەڵام دیکەر و کەسانی دیکە لەو بڕوایەدان کە پێویستە ئەمریکا خۆی لە سکاڵاکردن لە دژی عیراق، جا بەپێ هەر جاڕنامەیەکی گەردوونی بووە، لە دادگای دادی نێودەوڵەتی بەدووربگرێت، لەبەر هەڵاوێردە زۆرەکانی ئەمریکا بۆ بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتننامانە. یاساناسان دەترسان لەوەی کە سەدام ئەم هەڵاوێردانەی ئەمریکا بقۆزێتەوە و دادگای دادی نێودەوڵەتی لەو دەرفەتە بێبەش بکات. ئەگەرچی هیومان ڕایتس وۆچ داوای بەشداری

[10] ئاشکرایە کە زانیارییەکانی نووسەر دەربارەی پێگەی دکتۆر مەحمود عوسمان، زانیاریی کۆنن. وەرگێر.

ئەمریکایان نەکرد لە دۆزەکەدا، بەڵام هیواداربوون کە ئەمریکا یارمەتیدەری هەوڵەکانیان بێت. پاش ئەوەی لە سەرەتادا لەدژی کەمپەینەکە بوو، ڕاوێژکاری یاسیی وەزارەتی دەرەوە، پاش ئەوەی چەندین ڕاوێژی یاسایی و یاداشتی بەڵگەیی لە دیکەر و هیلتەرمانەوە پێگەیشت، ڕای خۆی گۆڕی. لە مانگی 6ی 1995دا وارنەر کەیستۆفەر وەزیری دەرەوە، یاداشتێکی واژۆکرد کە دەرئەنجامگیریی ئەوەی دەکرد کە عێراق جینۆسایدی لەدژی کوردە گوندنشینەکان ئەنجامداوە و هەوڵەکانی هیومانی ڕایتس ووچ بەزردەنرخێنێت بۆ دارشتنی دۆزێکی یاسایی لەدژی عێراق.

تا ئەمڕۆ، هیچ سەربازێک یان سیاسەتمەدارێکی عێراقی سزانەدراوە لەسەر ئەو تاوانانەی لەدژی کورد ئەنجامیان داوە.

بیبلیۆگرافی

Burck, Gordon M., and Charles C Flowerree, International Handbook on Chemical Weapons Proliferation, Greenwood Press, 1991.

Carus, W. Seth, “The Genie Unleashed: Iraq’s Chemical and Biological Weapons Program.” Policy Papers No. 14. Washington Institue for Near East Policy, 1989.

Chaliand, Gerard, ed. A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan. Olive Branch Press, 1993.

Cordesman, Anthony H. Weapons of Mass Destruction in the Middle East. Brassey’s, 1991.

Cordesman, Anthony H., and Abraham R. Wagner. The Lessons of Modern War. Vol. 2: The Iran-Iraq War, Westview Press, 1990.

Dekker, Ige F, and Harry H. G. Post, eds. The Golf War of 1980-1988: The Iran-Iraq War in International Legal Perspective, Marinus Nijhoff Publishers, 1992.

Eagleton, William. The Kurdish Repbulic of 1946. Oxford University Press, 1963.

Gunter, Michael M. The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope. St Martin’s Press, 1992.

Hassanpour, Amir, Nationalism and Language in Kurdistan. Mellen Research University Press, 1992.

Kreyenbroek, Philip G., and Christine Allison. Kurdish Culture and Identity. Zed Books, 1996.

Kreyenbroek, Philip G., and Stefan Sperl, eds. The Kurds: A Contemporary Overview. Routledge, 1992.

Laizer, Sheri. Martyrs, Traitors and Patriots: Kurdistan After the Gulf War, Zed Books, 1996.

Makiya, Kanan. Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising and the Arab World. W.W. Norton, 1993.

Makiya, Kanan. Republic of Fear: The Politics of Modern Iraq. Universtiy of California Press, 1998.

McDowall, David. The Kurds. Minority Rights Group, 1991.

McDowall, David. A Modern History of the Kurds. I.B. Tauris, 1996.

Meiselas, Susan. Kurdistan: In the Shadow of History. Random House, 1997.

Middle East Watch. Genocide in Iraq: The Anfal Campain Against the Kurds. Human Rights Watch, 1993.

Middle East Watch. Human Rights in Iraq. Yale University Press, 1990.

National Security Archive, ed. Iraqgate: Saddam Hussein, U.S. Policy and the Prelude to the Persian Gulf War (1980-1994). Chadwyck-Healey, 1995.

Olson, Robert, ed. The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s: Its Impact on Turkey and the Middle East. University Press of Kentucky, 1996.

Pelletiere, Stephen C. The Iran-Iraq War: Chaos in a Vaccum. Praeger, 1992.

Pelletiere, Stephen C., and Douglas V.Johnson II. Lessons Learned: The Iran-Iraq War. Strategic Studies Institute, U.S. Army War College, 1991.

Randal, Jonathan C. After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Farrar, Straus and Giroux, 1997.

Shioah Center for Mddle Eastern and African Studies, Tel Aviv University. Middle East Contemporary Survey. Vol. 1-3. Holmes & Meier, 1978-1980.

U.S. Senate Committee on Foreign Relations. Chemical Weapons Use in Kurdistan: Iraq's Final Offensive. 100th Cong., 2nd sess., 1998. S. Prt. 100-148.

U.S. Senate Committee on Foreign Relations. War in the Gulf. 98th Cong., 2nd sess., 1984. S. Ptr. 98-225.

U.S. Senate Committee on Foreign Relations. War in the Persian Gulf: The U.S. Takes Sides. 100th Cong., 1st sess., 1987. S. Prt. 100-160.

سەرچاوە:

Power, Samantha, (2003), A Problem from Hell: America and the Age of Genocide, London: Flamingo, Pages 171-245.